

# زیرەک

## هونەرمەندی نەتەوەیەکی بندەست



فستیواڵی یادی 75مینساڵی لە دایکبوونی حەسەن زیرەک     کۆڵن 1996/11/22     ناوەندی شانۆی کۆچەر



**نووسینی     برایم فەرشی**



2705







## پێرست


**پێناسە و ژیاننامەی حەسەن زیرەک**

خشتەی ژیاننامە بەکورتی

ژیاننامەی حەسەن زیرەک

**ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ و فولکلۆری کورد لە گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک دا**

هونەرمەند و ژیانی پڕ لە ئازار

سروشتی کوردستان

وشەدان و هەمبانەی پڕ لە وشەی کوردی

وشەی تایبەت بە حاڵەتی ژنان

جغرافیای کوردستان

گوڵ, بولبول و

بەژن و باڵا

چاو, دەم و

مەمک و سینگ

دڵداری

بێ وەفایی

حەسرەت

دوو بەیتی

دین و ئیمان, خوا

ترس لە خودا

**سی دی گۆرانیەکانی زیرەک**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **قسەکانی زیرەک** | **قسەکانی زیرەک** | **زیرەک و رادیۆ** | **زیرەک و شێخ** |

**تراژدی موسیقای کوردی**

موسیقا ومرۆڤی کورد

موسیقای کوردی چەمکێک لە موسیقای هیندوئۆرۆپی

سڕینەوەی ڕەنگی نەتەوایەتی لە ڕێگای بن دەست کردنی موسیقا

پاراستنی موسیقا ئەرکێکی نەتەوایەتی

لێکۆڵینەوە لە سەر موسیقای کوردی

موزەخانەی کوردان

پەیامبەرانی موسیقا

تراژدی بێ دەنگ

**فستیواڵی یادی 75مین ساڵی لە دایکبوونی حەسەن زیرەک**

شانۆی کۆچەر و فستیوالی زیرەک

چۆنیەتی پێک هاتنی فستیوالی یادی 76مین سالی لە دایکبوونی حەسەن زیرەک

بەرنامە یادی75 ساڵە

قسەکانی وێژەرانی فستیواڵ پەروین خانم موشیر وەزیری و ئەسعەد نەقشبەندی

راپۆرتی فستیوالی یادی 75 ساڵەی لە دایک بوونی ماموستا حەسەن زیرەک

**زیرەک لە رادیۆی تاران و کرماشان** ئەسعەد نەقشبەندی

**یادی زیرەک لە تاران** ئەنوەر سوڵتانی

**زیرەک و...** حەسەن ئەیوب زادە(گۆران)

**زیرەک و یالا شوفیر، حاجییەکانی بۆکان،غەریب و تەنیا لە تەورێز** برایم فەرشی

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **نامەکان** | ئەحمەد شەریفی | محەمەد مەلاکەریم | محەمەد حەمە باقی | عەلی عەبباسی | هێدی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەنوەر سوڵتانی | هۆمەر دزەیی | **یادەکان** | قادر دیلان | فیروز فەروخ |

## زیرەک هونەرمەندی نەتەوەیەکی بندەست!!

هونەر و بەرهەمەکانی زیرەک، کەسایەتی و بەسەرهاتی ژیانی، دەوری لە جوڵانەوەی فەرهەنگی و سیاسی و رۆشنبیری کوردیدا،بۆ من بوو بە پێناسەیەک بۆ فەرهەنگ و زمان و هونەری نەتەوەیەکی بندەست و هونەرمەند و فەرهەنگسازانی بندەست. ئەم هەست و بۆچوونە لە گەڵم گەورە بوو. ساڵی 1995لە ناوەندی شانۆی کۆچەر لە شاری کۆڵن بڕیارمان دا 75مین ساڵی لە دایکبوونی زیرەک بکەینە سەرەتایەک بۆ ڕێزگرتن و کار و لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی هونەری موسیقای کوردی. لەم فستیواڵەدا گەڵێک لێزان و پسپۆری بوارەکانی موسیقا، ئەدەبیات، فەرهەنگ،شانۆ، رادیۆ و تەلەوزیۆن و شارەزایانی زانست،بەشداریان کرد کە لە ڕێگای مێدیاکانی ئەو سەردەمەوە لە هەموو کوردستان و جیهان دەنگی دایەوە. ناوەندی کۆچەر دەیویست رۆژی 8ی سەرماوەزی هەر ساڵێک بکاتە رۆژی موسیقای کوردی. بۆ ئەو مەبەستە پرۆژەیەکی درێژخایەن دارێژرابوو کە ساڵی 1994 دەستی پێکردبوو. فستیواڵی زیرەک دریژەی پرۆگرامێک بوو لە گەڵ هونەرمەند مەزهەر خالقی(سەرماوزی 94) و ڕێزگرتن لە هونەرمەندان ناسر رزازی و مەرزیە فەریقی(25خەرمانان 95). دریژەی ئەم پرۆژەیە فستیواڵی سەید ئەلی ئەسکەری کوردستانی، قادر دیلان،محەمەد ماملێ، خالقی و گەلێکی تر بوو. فستیواڵی زیرەک بۆ ئێمە سەرەتایەک بوو بۆ جیاکردنەوەی دوو هێڵی فەرهەنگ و هونەر. یەکەم هێڵی هەرزان فرۆشانی فەرهەنگ و هونەر کە هەمووشت لە رواڵەت و ساکاری خۆیدا دەبینن و دەیهێڵنەوە و فەرهەنگ و هونەر وەک کالایەکی کەم بایخ هەرزان فرۆش دەکەن. دووهەم هۆگران و لێزان و پسپۆرانی بوارەکانی فەرهەنگ و هونەر و زانست، کە بە پەرۆشەوە مامەڵە لە گەڵ ئەم سامانە نەتەوەییەی کورددا دەکەن.

فستیواڵی زیرەک بۆ من و هاوکارانی من لە ناوەندی شانۆی کۆچەر هیوایەک بوو بۆ بە فەرهەنگ کردنی ڕێزگرتن، سەرەتایەک بوو بۆ بە دەزگاییکردنی لێکۆڵینەوەکان، کارێک بوو بۆ بە سیستیماتیزەکردنی بیری هونەری و ئیستانداردیپێبەخشین. بەڵام فەرهەنگی هەژارانەی "هونەرمەندان" خۆیان، فەرهەنگی "داڕزاندنی فەرهەنگ و هونەر"ی حیزبەکان، و فەرهەنگی دژ بە فەرهەنگی کوردانەی خەڵکەکەمان، بوون بە کەند و کڵۆ و دەرد و ئازار لە ڕێگای کاری ناوەندی شانۆی کۆچەردا. بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانەش لە سەر فستیواڵی زیرەک پاش تێپەڕبوونی دەساڵ بەم شێوەیە، پەردەیەکە لە ژیانی هونەری خێڵی هونەر. باسکردن لە سەر بەرهەم و کارەکانی ناوەندی شانۆی کۆچەر دەتوانێ ببێتە گەڵێک کتێب لە بواری شانۆ، موسیقا،ئەدەبیات و ئەدەبیاتی زارەکی ،ئارشیوی شانۆ، سمینار و شانۆنامە و سناریۆ و بەرنامەی تەلەوزیۆنی و دەیان سی دی و فیلم کە ئێستا لە ژێرخانێکدا درێژە بە ژیان دەدەن. لەم کتێبە دژیتاڵیەدا کە دەکەوێتە بەرچاوان بەشێک لە باسەکانی سەبارەت بە زیرەک و فستیواڵەکە بڵاو دەکرێتەوە، بەشکم لە داهاتوودا سەرجەم کارەکە لە تۆی چەند کتێبدا بڵاو بکرێتەوە. فیلم و بابەتەکانی تری ئەم فستیواڵە تا ئێستا بڵاونەکەاونەتەوە.

برایم فەرشی 3پووشپەری ساڵی 2705

## پێناسە و ژیاننامەی حەسەن زیرەک

پێناسـەی حـەسـەن زیـرەک بـە پێی ناسـنامەی ژمـارە 735ی ئیـدارەی سـەبتـی ئـەحـوالی شـاری بۆکـان، بەمجۆرەیە: **ناو حەسەن، شۆرەتی زلە "بۆکانی". ناوی باوک عەولا زلە "بۆکانی". ناوی دایک "ئـامین".** رۆژی لە دایکبوون 1300/9/8(بـەرانبـەری 1921/11/29زاییـنی). شـوێنی لـە دایکبـوون شـاری "بۆکـان". شـوێنی وەرگرتـنی ناسـنامە بۆکـان محـاڵی ئاختـاچی(محـاڵی ئاختـاچی بـەشـاری بۆکـان وناوچـەی بۆکـان گوتراوە.) گەرەکی لە دایکبـوون سـەر قـەڵا(گـەرەکی سـەرقـەڵا کـە حـەوزە گـەورەو مزگـەوتـی گـەورە وقـەڵای سەرداری تێدا هەڵکەوتووە کۆنترین گەرەکی شاری بۆکانە.)

### خشتەی ژیاننامە بە کورتی

- لە تەمەنی ژێر دەساڵیدا لە گەڵ عەبە چاوەش وحەمە حسێن چاوەش لە شاییەکانی ناو شار و گوندەکانی بۆکان گۆرانی چریوە.
- لە حەوت و هەشت ساڵیدا شاگرد مزگەری و قاوەچییەتی دەکا و هەروهـا لـە بـەر گـاڕانی ماڵـە دەوڵەمەندەکانی بۆکان بوە.
- لە ساڵی 1932 لە کاتێدا حەسەن زیرەک یازدە سـاڵان بـووە، بـاوکی لـە دەست داوە و دایکـی شوی کردۆتەوە. لەو ساڵەوە هەتیو دەکەوێتـەوە, لـە دێهاتـەکـانی دەوروبـەردا دەسـتی کردۆتـە پاڵەیی و سەپانی ونوکەری وگزیری ئاغاوات.
- هەتا ساڵی 1952 لە شارەکانی مەراغە و تەورێز وتاران و شارەکانی باشوری ئێران خـەریکـی شاگرد قەنادی و شۆفیری وکرێکاری بووە, یا خۆ لە گوندەکانی رۆژهەڵات و باشوری کوردستان لە ماڵی ئاغاوات گیرساوەتـەوە, هـەر لـەو ساڵانەدا زۆرجـار لـە مـەراغـەو تـەورێـز کـەوتۆتـە بەندیخانەوە.
- ساڵی 1953 بۆ یەکەمجار لە ئێستگەی رادۆی بەغدا گۆرانی بڵاوکردۆتەوە.
- لە 14ی گـەلاوێژی سـاڵی 1958 گـەراوەتـەوە ئێران, هـەر لـەوسـاڵەدا لـە گـەڵ مێدیا زەنـدی زەماوەندی کردووە!
- لە ساڵانی 1960–1961 لە شاری سولەیمـانی لـە تیپـی شـانۆی هونـەرە جوانـەکـان لـە گـەڵ سێوەخان و ڕەشۆڵ عەبدولا لە شانۆنامەکانی "بووکی ژێر دەواری ڕەش, خەسوو یان ئـەژدیها, تەڕپیر" بەشداری کردووە و گۆرانی چریوە.
- لە نێوان ساڵانی 1967–68 لە شاری سەقز هۆتێلی سێ ئەستێرەی هەبوووە کە بۆخۆی لـە وێ گۆرانی گوتووە و خەڵک کووتویانە "کابارەی زیرەک"
- ساڵەکانی 1969و70 لە رۆژهەڵاتی شـاری بانـە نزیـک کێـوی بـابوس لـە کـانی مـەلا ئـەحمـەد چایخانەی هەبووەە.
- لە ساڵی 1971 بەو لاوە نەخۆشی هێرشی بۆدێنێ و شێرپەنجەی جەرگ لـە ئـەردی دەدا و دوای ماوەیەکی زۆر لە جێگادا کەوتن لە رۆژی 1972/6/26 بەرانبەر 6ی پۆشپەری 1351 لە شاری بۆکان لە ماڵی خوشکی لە خەیابانی سەقز روبەروی مەدرەسەی بۆعەلی بۆ هەمیشە چاوەکـانی لە سەر یەک دادەنێ و هەر لەو مەدرەسەیە چەند رۆژان سەرە خۆشی بۆ گیراوە.
- یەکەمجار لە گۆڕستانی گەورەی شار دەینێژن پاشان بە پێی دوا ویستی خـۆی دەیگوێزنـەوە بـۆ تەپەکەی داوێنی ناڵەشکێنە. 1996/11/22

## ژياننامەی حەسەن زيرەک

حەسەن زيرەک لە گەرەکی سەرقەڵا, هەر لەو شوێنەی کە قەڵای سەردار و مزگەوتی جامیع و حەوزەگەورەی بۆکانی تێدا هەڵکەوتووە, لە رۆژی 1921/11/29 لە دایک بووە. یازدە ساڵان دەبێ کە باوکی لە دەست دەدا و دایکیشی مێرد دەکاتەوە. زیرەک و خوشک و براکانی دەکەونە ژیانێکی پڕ لە سەخڵەتی جیا لەیەک.
زیرەکی منداڵ بۆ تێرکردنی زگی خۆی دەبێتە گاوانی ماڵە دەوڵەمەندەکانی شار, ئەوجا کشت و کاڵی دێهات و گزیری ئاغا. لە شارەکانی ئێران و عێراق شاگرد قەنادی, شۆفیری, قاوەچییەتی, خزمەتچی هوتێل و رستورانەکانی بە بەش براوە. بە وتەی خۆی " رۆم و ئێران و عێراق گەراوە و لە هیچ شوێنێک جێگای نەبۆتەوە". هەر سات و رۆژێک لە گوندێک و شارێکی کوردستان بووە. یا لە بەندەرعەبباس و تەورێز و تاران و شوێنی تر. پاش 22ساڵ ئاوارەی,دەربەدەدەری و ماڵ بە کۆڵی و ژیان لەناو میللەتانی دراوسێ و خەڵکەکەی خۆیدا لە ساڵی 1955/1954بۆ یەکەمجار دەنگی لە رادیوی کوردی بەغدا بڵاو دەکرێتەوە, دەنگێک کە پاشان هەمووو کوردستان دادەگرێ و دەبێتە خۆشەویستی هەر ماڵە کوردێک.
چیرۆکی ژیانی زیرەک پاش مەرگی باوکی و شووکردنەوەی دایکی لە ساڵی 1932وە هەتا گەیشتن بە بەشی کوردی رادیوی بەغدا, رۆمانێکی نەنووسراوە لە ژیانی پڕ لە کارەساتی مرۆڤێکی زامدارو دڵ بریندار و پڕهیوا, کە ئەوینێکی بەرز لە حاند نیشتمان و خەڵک, فەرهەنگ و هونەرەکەی, هانی دەدا بچریکێنێ, چریکەیک کە لە رێگای ژێیەکانی گەرروویەوە کاری کردۆتە سەر هەر کەسێک.
زیرەک لە شوێنێک دڵی دانەمرکاوە, وەک چۆن ئاو نابێ راوەستێ, ئەویش نابێ لە بەغدا ببەسترێتەوە. زیرەک تا ساڵی 58 مانگی بە 6 دینار هەر هەفتە چەند گۆرانی لە ئێزگەی بەغدا پرکردۆتەوە, لە رۆژی 14ی سپتامبری1958 بەرەو کوردستان دەگەرێتەوە. پاشان لە تاران لە بەشی کوردی رادیۆ دادەمەزرێ و هەر لەوێ لە گەڵ مێدیا زەندی زەماوەند دەکا, دوو کچ بەرهەمی ژیانی هاوبەشی حەسەن ومێدیایە.
ماموستا حەسەن زیرەک لەم ساڵانەدا زۆر گۆرانی تۆمار دەکا, هەروەها چیرۆکی ژیانی بە شێعر دەهۆنێتەوە کە لە لایەن دوکتور محەمەد سەدیق موفتی زادەوە بە چاپ دەگا. ئەم کتێبە رەنگە یەکەم کتێبی کوردی چاپکراو بێ لە سەردەمی رژێمی شاهەنشاهیدا.
لە گەڵ دامەزراندنی رادیۆی کوردی کرماشان رەوانەی شاری شیرین و فەرهاد دەکرێ و لەوێ بە هاوکاری ناودارانی ئەمرۆی موسیقای ئێران حەسەنی یۆسف زەمانی, حوسێن یۆسف زەمانی, موجتەبا میرزادە, حەسەن کامکار, عەبدولسەمەدی, فەرەیدون موڕادی و کەسانی تر بەشێکی کەم وێنەی موسیقاو گۆرانی کوردی تۆمار و بڵاو دەکاتەوە.
زیرەک پاش تاران و کرماشان یەکەم کەس دەبێ کە هاوکاری ئێزگەکانی تەورێزو سنەومەهابادیش دەکات. ئەو جگە لە کوردی بە زمانی فارسی و ئازەریش گۆرانی دەڵێ و لێرەش یەکەم کەسە کە هاوبەش لە گەڵ گۆرانی بێژانی فارس و ئازەری گۆرانی دەڵێ و بەوانیشی گۆرانی کوردی وتووە. لێدوان لە سەر بەرهەمەکانی ماموستا زیرەک کە خەزێنەیکی دەوڵەمەندە و بەوتەی دوکتور موفتی زادە سەر لە 1053 گۆرانی دەدا و زۆر لایەنی فەرهەنگی کورد دەگرێتەوە کارێکی مەزنە و ئەرکێکی مەزن دەخاتە سەر شان کە ئەمەش دەتوانێ کاری ناوەندێکی تایبەتی بێت, لە بەر ئەوەی حەسەن زیرەک بەشێکی بەرچاوی فولکلۆری کوردی زیندوو کردۆتەوە, شیعری شاعیرانی کە ئەو کات ئیزنی بلاوکردنەوەیان نەبووە بە گۆرانی وتۆتەوە. گیانی دووبارەی وەبەر دەوڵەمەندترین بەشی هەواو و مێلۆدی کوردی هێناوە. زۆر زاراوە و وشە و پەندی پێشینیان و ناو کە ئەمرۆ کەمتر بەکار دێن لە گۆرانیەکانیدا تۆمار کردووە. وێنەیکی زیندوو لە ناوچە و شارو و

گوندەکانی ئەو کاتەی کوردستان دەداتە دەست. ئاکار و خوو و خدە و بیر و بۆچوونی کوردان لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەوەش روونە کە ژن جێگەی تایبەتی لە گۆرانیەکانی زیرەکدا دەگرنەوە.
لە گۆرانیەکانی زیرەکدا گلەیی و گازندە و بگرە بێزاری بەرانبەر بە زۆر کردەوە وئاکاری کۆمەلایەتی بەرچاوە کە بەشێک لەوانە لە زمانی شاعیرانی وەک ئەحمەد هەردی, حەریق, ن,ئاری, سەید کامیل ئیمامی (ئاوات), قانع,هێمن,گۆران, تاهێربەگی جاف, مستەفا بەگی کوردی, وەفایی یەوە دەگوترێ و لەو ڕێگای حەسەن زیرەکەوە دەچێتە ناو خەڵکەوە, ئەمەش لە کات و ساتێکدایە کە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی شاعیران بە زمانی کوردی زیندان و ئەشکەنجە و ژیانی تاڵی لە دووا بووە.
زیرەک سەرڕای ژیانی تاڵی زۆرجاران خراوەتە بەندیخانەکانی ئێران و عێراق, ئەویش بە بیانووی سیخوڕی کردن, لە ڕاستیدا هەر دووک لا دەیانزانی کە زیرەک دۆستایەتی لە گەڵ هێزەکانی کوردو رۆشنبیراندا هەیە. ساواک زۆرجاران لە زیندان و دەرەوەی زیندان زیرەکیان تووشی ئەزیت وئازارکردووە. هونەرمەندی تاقانەی کورد وای لێ بەسەر دێ کە واز لە هەموووشت بێنێت, تەنانەت ژن و منداڵەکانی!! خۆی دەڵێت:
" هونەر لە ناو کورددا قەدری نەما, ئەوەتا لەم کێو و شاخە چایخانەیکم داناوە, ڕازیم وکاسبی تێدا دەکەم".
زیرەک لە سەر سنوری ئێران و عێراق لە نێوان سێ کێودا لە نزیک بانە کەلەوایک دەکاتە چایخانە, کە زۆر زوو دەبێتە مەکۆی هونەرمەند و رۆشنبیر و کەسانی تر و هەر لە کەرکوک و هەولێرەوە, هەتا ئیلام و خورەم ئاوا میوان دەگەیشتە لای زیرەک. هەر ئەمە بوو بە هۆی ئەوە زۆرجاران لە نێوەشەودا تاقمی نەناسراو هێرش ببەنە سەری و بە قەستی کوشت لێیدەن.
کەس نەیدەزانی ئەم کابرایە بۆگەیشتۆتە ئەم کێو و شاخە؟ بۆ ئیتر گۆرانی ناڵیت؟ بۆ لە رادیۆ نەماوە؟ بو ئەکەوێتە زیندان؟ بۆ لە ژن ومنداڵ دوور کەوتۆتەوە؟ کەس نەیدەزانی لە دڵ ومێشکی زیرەکدا چی هەیە. خۆی دەڵێ:
" سڕێکە وا لە دڵما گەر بیڵێم زمان ئەسووتێ
گەر بیشارمەوە نەیبێژم مێشک و ئێسقان ئەسووتێ "
هێندێک لە نهێنیەکانی زیرەک پاش مەرگی لە زمانی کاک حوسێنی برایەوە لە کتێبێکدا کە لە لایەن کاک کەریم خۆشناوەوە لە چاپ دراوە دەدرکێندرێ ئەو دەڵێت :
" زۆر جار دەمان کوت کاکە حەسەن ئاوارەی بەسە, وەرە لای خۆمان پاروە نانێک دەست دەکەوێ بە یەکەوە بیخوین, ئەیوت ناتوانم, پاش ئەوەی زۆرمان لێکرد وتی: "" دەوڵەتی ئێران لە کۆڵم نابێتەوە, دەیانەوێ خەیانەتم پێبکەن, دەیانەوێ بچم بۆ کوردستانی عێراق و خزمەتی ئەوان بکەم. من ناتوانم خەیانەت بەو خەڵکە بکەم کە پەنایان داوم, کە خۆشیان دەوێم.""
زێرەک جارێکی تر لە چاوان ون دەبێ. کەس بە سۆراخی نازانێ هەتا ئەم هەواڵە لە هەمووو کوردستاندا دەنگ دەداتەوە حەسەن زیرەک نەخۆشە بۆئاخرجار دەگەڕێتەوە بۆکان, نەخۆشخانەی ئەم شارە دەبێتە جێگەی هاتووچۆی سەدان کەس لە رۆژدا. دوکتور یارمحەمەدی پاش عەمەلیات بە پەرۆشەوە بە خزم و کەسەکەی ڕادەگەینێ کە سەرتانی جەرگ ژیانی بەرەو نەمان دەبات.زیرەک لە نەخۆشخانە دووا گۆرانییەکانی تۆمار دەکا, پاشان لە ماڵی خۆشکی بۆهەمیشە چاوەکانی لە سەر یەک دادەنێ.
رۆژی 1972/6/26شاری بۆکان ماتەم دایدەگرێ, ئەو رۆژە هەمووشت راوەستاوە, دووکانەکان داخراون, خوێندگەکان بێ ماموستا و قوتابی ماونەتەوە, هەمووو لە پشت سەری ماموستای گۆرانی و مەقاماتی کوردی بەرەو گۆرستان لە ڕێدابوون, دیمەنی ئەم رۆژە لە گووتن و نووسین نایات, چاوی کەم کەس لە پیر وجوان, حاجی و مەلا, خوێندەوار و بێسەواد,داراو نەدار, ژن و پیاو هەبووو کە فرمێسکی تێدا نەگەرابێت.لە مێژووی ئەم شارەدا ئەمە یەکەمجار بوو کە شارێک بەرەوگۆرستان بکەوێتە ڕێ. زیرەک سەرەتا لە گۆرستانی شار

دەنێژرێت و پاشان بۆ ناڵشکێنەی دەگوێزنەوە, شوێنێک کە دەبێتە زیارەتگای پیروجوان. بەرپرسانی رادیۆو تەلەوزیۆن هەر لە تارانەوە هەتا کرماشان و سنە و سابلاخ خۆیان ئامادە دەکرد کە تیپی تایبەتی ڕەوانەی مەراسمەکە بکەن. ساواک بۆ ئەم کارە زۆر وەتەقەلا کەوت, هەتا بەم جۆرە رووی ڕاستەقینەی خۆیان لای خەڵک بشارنەوە. بەڵام خەڵکی موکریان و زۆر شاری کوردستان ئاگادار لە هەموووشت, زیرەکیان بێ ئەوان بەرێکرد. یادی زیرەک لە زۆر شاران هەتا تاران و بەغدا رێزی لێگیرا, رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی ئێران زۆر لە لاپەرەکانیان بە وێنە و باسی زیرەک ڕازاندەوە. زیرەکی شاعیر, ماموستای گۆرانی و زمانی خۆماڵی کوردی, قوتابخانەی فولکلۆر, زۆر لایەنی نادیار و شاراوەی هەیە کە جێگەی باس و لێکۆلینەوە ئاواڵە دەهێڵێتەوە.

1996/11/22

ئەم نووسراوە بۆ فستیواڵی 75ساڵی لە دایکبوونی زیرەک نووسراوە و بە زمانی کوردی (سۆرانی وکرمانجی )ئاڵمانی وئینگلیسی و فارسی بڵاو کراوەتەوە.

# ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ و فوڵکلۆری کورد لە گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک دا

موسیقای زیرەک لە گۆرانی و نەوای ساکاری ناو خەڵک و فولکلورەوە دەست پێدەکاو لە بەرزترین شوێنەکانی موسیقای دوو وڵاتی ئێران وعێراق، پەرە دەستێنێ. ئەم موسیقایە لە کرماشان بە چەشنە موسیقایەک دەگا کە ئەمڕۆش تازە دەنوێنێ! موسیقای زیرەک موسیقای کوردیە کە لە سەرەتادا پانتای ئێران وعێراق دادەگرێ و ئەمڕۆش بۆتە بەشێکی زیندووی موسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. پێراگەیشتنی زانستی موسیقای کوردی سەرڕای بارووردۆخی نالەباری سیاسی وکۆمەڵایەتی، لە گفتوگۆ تێپەڕیوە و بەرەو داهێنان هەنگاو دەنێ, لەم بارودۆخەدا لێکۆڵینەوە لە سەر موسیقای کوردی کاروئەرکێکی جیدی وپێویستە! کورد ئەمڕۆ بواری ئەوەی نیە کۆنگرەیەکی زانستی بە بەشداری موسیقاناسان وموسیقازانان دابنێ بۆ پەی ڕێژی کردن و ڕاستکرنەوەی بنەمای گشتی موسیقاکە و هەروەها خاوەنی بارگاو و دەزگای پێویست نیە بۆ ئارشیو و لێکۆڵینەوە. بەو حاڵەش ئەگەر ئیمکاناتی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بە باشی بەکار بهێندرێ مەیدانی موسیقای کوردی گەلێک لەوەی کە هەیە فەروانتر دەبێتەوە. لێکۆڵینەوە لە سەر بەرهەمەکانی زیرەک لە پاڵ دەیان کەسی وەک سێوەخان و سەید عەلی ئەسکەر و عایشەشان گۆشەیەک لە مەیدانی لێکۆڵینەوە لە سەر موسیقای کوردی دەگرێتەوە. بەرهەمەکانی زیرەک تەنیا لایەنی موسیقا ناگرێتەوە، تێکست و شێعرو ناوەروەکی گۆرانیەکانی زیرەک بەشێکی بایخدارە لە فۆلکلۆر, باوەڕی ناو خەڵک, شیعری شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد و هەروەها بەشێکە لە فەرهەنگ و ڕەوانشناسی خەڵکی کوردستان . ئەم بەرهەمانە دەتوانێ دەستمایە بێ بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر بواری کۆمەڵایەتی,فەرهەنگی و تەنانەت فەلسەفی مرۆفی کوردا! بوونی تێکستی زیاتر لە 1000گۆرانی دڵداری ,سروشتی , کۆمەڵایەتی,ئایینی و نەتەوایەتی ئەویش بە دەنگی تاکە کەسێک ئەگەر سامانێکی نەتەوەیی نەبێ، ئەوە شانسێکی نەتەوەییە. هێندێک کەس لە بەر ناوەرۆکی هێندێک لە گۆرانیەکانی زیرەک بە بێ لێکدانەوە هێرش دەبنە سەری و خۆیان دەستیان لە ناوەرۆکی گۆرانیەکان وەرداوە. ئەو کەسانە دەبێ بزانن، ناوەرۆکی گۆرانیەکانی فۆلکلۆری و تانانەت ئەوەش کە شیعرەکانی هی حەسەن زیرەک خۆیەتی لە سەر بەیس و مەبنای فکری و شیعری فۆلکلۆرە کە گرینگێکی تایبەتیان هەیە و نابی بە دڵخوا دەستکاری بکردرێن. ئەم گۆرانیانە گوزارشت لە سەردەمی خۆیان و بیر و بۆچوونی ناو خەڵک بە تایبەت خەڵکی کورد بە گشتی دەکەن. ئەوەش کە زیرەک وەک خۆی گەیاندویەتە سەردەمی ئێمە و بۆ نەوەکانی داهاتووش دەمێنێ، نە تانیا جێگای سەرکۆنەکردن نیە، بەڵکو جێگای ڕێزی بێ پایانە. ئەگەر ئەم گۆرانیانە هەر بەم ناوەرۆکەوە نەبایەن ئێمەی کورد لە چ ڕێگایەکەوە دەمانتوانی ئاگاداری بیری عام و گشتی خەڵک لە سەدەکانی رابوردودا ببین؟ چاک یان خراپ خەڵکی ئێمە ئاوا بوون. هەر ئەو ریزە گۆرانیانە کە کەوتوننەتە بەر هێرشی ئەو کەسانە، لایەنێکی گرینگی ژیانی مرۆڤی کورد نیشان دەدان. ئێمە لە ڕێگای ئەم گۆرانیانەوە ئاگادار دەکرێن کە مرۆڤی ئاسایی کورد بە تەواوەتی جیا لە بیری داسەپاوی ئایینی ئیسلامی بیری کردۆتەوە و ژیاوە. ئەو کەسانە ئەگەر سەیری ویدئۆکلیپەکانی ئەم سەردەمەی خۆمان بکەن، هەر ئەو شتانە کە زیرەک باسی کردوە بە فیلم دەبینن، کە وەک کالایەکی پێشکەوتوو بە خەڵک دەفرۆشرێ. بەرواردکردنی کاری زیرەک و ئەوانە کە گۆرانی بێژی ئەم کلیپانەن ئەوە دەردەخات کە هەمان هەست و بۆچوونی ئینسانی سەردەمی زیرەک و پێش ئەو، ئەمرۆش لەو کلیپانەدا بەردەوامە، کە بە شێوەیەکی ناهونەریانەی دواکەوتووانە بەرهەم دەهێندرێن. ڕەخنەی بەجێی ئەو کەسانە دەبێت رووی لە کۆمەڵگای کورد و ئینسانەکانی بێت، نەک ئەو کەسەی کە گوزارشتی وەزعەکەی کردوە. من لێرەدا بەشێکی بچووک لە کارێکی مەزنی زیرەک هەر وەک خۆی بە بێ لێکدانەوە دەخەمە بەر دەستی ئەو کەسانە کە بچوکترین سەرمایەی میللەتەکەیان لە لا بەرێز و پڕبایخە. نەورۆزی 2702 پێداچوونەوە پووشپەری 2705

## هونەرمەند و ژیانی پڕ لە ئازار

زیرەک کە خۆی ژیانێکی پڕ لە ئازار و لە هەمان کاتدا پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی هەبوووە، زۆر بە باشی ژیانی هونەرمەند و بیرمەندی سەردەمی خۆی لە زمانی شاعیران و زمان خۆیەوە باس دەکات:

هەتا ما کراس نەبوو لە بەریا
کە مرد ئالآیان ئەکرد بە سەریا
هونەرمەندو ژیانی خۆش مەحاڵە
هونەرمەند ڕەنجە ڕۆیە ژینی تاڵە
(هێمن و زیرەک)

تا لە دەربووم, دۆست بە ملیۆن,ڕێ نەبو بکات سلاو
گەر گیرام و کەوتمە بەندیخانە, کەس نەبو لێم بێنێ ناو
هەر لە گەنجی تا بە پیری ئەو دڵەم بێ غەم نەبو
گەردشی ئەو چەرخە کۆنە قەد لە من غافڵ نەبو
ئەلعان ڕەوڕەوەی عومرم بە سورعەت بە بێ بەنزین کەوتە ڕێ
چەند نەفەر بە پاچ و پێمەرە ئەتخەنە جێ
(حەسەن زیرەک)

گەنجی ئینسان تا میزانێک بە ملیۆن غەوغا دەکا
ئەگەر پیر بو, پشتی کۆمە, شەرم لە عیرفان دەکا
وەک من تا بووم, بە ملێون جنێوم هەبوو
لە پاش مردنم, لە سەر قەبرم, گریە وزاریم بۆ چیە!
لە خۆدان و خۆڕنین وبێ قەراریم بۆ چیە!
(حەسەن زیرەک)

جێگای گومان نیە کە زیرەک وڵاتەکەی خۆش ویستووە، ئەوەش هەم لە گۆرانیەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و هەم تێکەڵاوی لە گەڵ نیشتمان پەروەرانی سەردەمەکەیدا ئەوە دەسەلمێنێ:

## کوردستان

ڕۆڵە هیوا وئاواتم, کۆرپە جوانەکەم
کۆرپەی شیرینم, پشتیوانەکەم
ڕۆڵە جێگای شانازیم, ڕەگی حەیاتم
ڕۆڵە هۆی ژیانم, تینی خەباتم
ڕۆڵە شیرینەکەم, کوردستان چاوی لە ڕێتە
نیشتمان هیوای دوارۆژی پێتە
ڕۆڵە تۆش وەک من, دەدەی ناڵەت بێ
لە جەوری فەلەک تۆش سکاڵات بێ
ڕۆڵە چونکە تۆپاکی,لەدەرگای یەزدان
با ڕزگاری کا,براکەی بابم خاکی کوردستان
(حەسەن زیرەک)

## سروشتی کوردستان

گۆرانیەکانی زیرەک بەم وشانە رازاونەتەوە: **سروشت و شاخ و کێو** وەک نالەشکێنە, کەلی هەڵمەڵو,شاخان, کەلی خان, قەندیل, بێژنگ بەسەر. **چۆم و رۆبار** وەک تەتەهو, جەغەتو,گادەر, سابلاخ. **گوڵ و گیا** وەک ریحانە, سنەوبەر, خونچەگوڵ, وەنەوشە, هەڵاڵە, بیزا, رێواس, کەنێر, گوڵەکێوی, گوڵەلیمو, هەڵوو, مێخەک, شەمامە, هەنار, بەهێ, نارنج, سێو, کارگ, سنجو, قۆخ, قەڕەلو, گەزیزە, مەندی، سوسن, بەیبوون, عەرعەر, شوڕەبی. **باڵندە** وەک بولبول, کەو, باز, شەهین,شمقار, سەقر,سۆنە(مراوی),قومری,پاساری.

## زمان و وشەدان و هەمبانەی پڕ لە وشەی رەسەنی کوردی

وشەدان و هەمبانەی زیرەک پڕ لە وشەی ڕەسەنی کوردی دەبێ بۆ زمانناس و زمان زان سەرچاوەیەکی گرینگ بێت بۆ بە کارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی لە وانە **ڕەنگ**: ئاڵ, ئابی, سوور, کەسک, شین,بۆر, بەڵەک, سپی. ، **دەنگ**: دەنگی باز, قاسپەی کەو, هاڕەی تەپڵ, سەدای ساز. **ئەندامانی لەشی مرۆڤ**: هەنێە(گەردەن), پانیە, ئەستۆ, بەلەک,گەردەن,قالب,قۆڵ,باسک,مل,مەمک, بەژن, باڵا, برژانگی ئەبرۆ, گوێ, جەرگ, هەناو, کەمەر, بەرۆک, پەنجە, گۆنا. **جل وبەرگی ژنان**: عەرەق چین, دەسماڵ, تاس کڵاو, دەسرە, شەدە, بەرهەڵبینە, دەسماڵ تێل, پشتێن,کراس, چارۆکە, کۆڵوانە, هەوری، سوخمە. **خشڵ وزێڕی ژنان**: خرخاڵ، ملوانکە, گوڵوگوارە, غەزیمە, بازن, کل وکلتور, کل وکلدان, پامورە, دەرزیلە, ئەنگوستیلە. زیرەک نە تەنیا مرۆڤێکی شارەزا بووە لە بواری فەرهەنگ و کەلتور و زمانی خۆماڵی، بەڵکو بەتوانا بووە لە کۆکردنەوە و بە کار هێنانی هەزاران وشە و ناوی ڕەسەن، کە تایبەت بە ناوچەیەک نین و جوغرافیای بەرینی کوردستان دەگرنەوە. ئەو کارەش بۆ زیرەک لواوە لە بەر ئەوەی گوند و شارەکانی کوردستان مەنزڵ بە مەنزڵ گەڕاوە. ئەگەر بمانەوی ئەمرۆ هەمان کاری کۆکردنەوە لە مەڕ فۆلکلۆر و وشەی زمانی کوردی ئەنجام بدەین کە زیرەک بە تەنیا باڵ بۆی کرا،دەبێ دەیان کەس و گەڵێک ئیمکاناتی بۆ تەرخان بکەین.

## ئەم وشانەی خوارەوە کە حاڵەتی تایبەتی ژنان دەردەخەن،ئەمرۆ لە کوێ لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێندرێن؟

مەکر, کزیە, شەڕت, بەقا, ڕەوتێ(رۆیشتنی کەو), ڕەش هەناو, هاسکە هاسک, یاخی, چاوکاڵ, بەڵەک چاو, چاو خومار, چاونێرگز, چاوباز, ئەبرۆ سەقەر, ئەبرۆ پیوەست, ئەبرۆ کەوان, ئەبرۆ پەڕی رەشەداڵ،برژانگ, برۆ, لێوئاڵ, لێوقرمزی, لێو قەیتانی, لێو قەند, لێو شەکر, لێوتەڕ, کوڵمی سوور, کوڵم گوڵی سێڵاوێ, زولفی چین بە چین, زولف خەیاتەی خاو, ئەگریجەی خاو, زولف ژاکاو, زولف خاو,رەش ئەسمەر, رەشتاڵ, زرک کاڵ, گەردەن زەرد, گەردەن خاڵ, مەمک هەناری ئاودار, مەمک دوو میم و کافێک, مەمک ئاگرە, مەمک فنجان, سەری سنگت ئەلف و بێ, سنگت فەخری حەوشین, بەژن شووش، بەژن قامیش, بەژن شۆڕەبی, بەژن حەیزەران, بەژن لاولاو, بەژن داری شمشاد, قەدباریک, قەدبلور, کابان, خوێن شیرین, سەیزادە, شۆخ, میرەبان, پشتێن شل, کراس کەسک، کەوابۆر, زێری هەژدە عەیار، چارۆکە گازر, خاڵی شینی پیرۆزە, ژیک, بەلەک سپی, پەنجە شمشاڵ, پێ بەموور, سوورەگوڵی خەملیو, بەلەک تورە وردە خاڵان, بەژن و باڵا, شیرین نەبات, لەنجە ولار, مەزەدار.

ئەمەش ناوی هێندێک لەو ژنانە کە لە گۆرانیەکانی زیرەکدا هاتوون، کە هێندیکیان خۆشەویستانی زیرەک بوون: نەجیبە, کاڵە, کەژاڵ, ناسکە, خەجێ, شێنێ، ڕابە, هەمێن, ئامین, نوسرەت, لەیلا, عیسمەت, رووناک, دڵبەر, نەسرین, مەلەک, بێری, توران, ئایشە, زارا, فاتم, هاجەر, نەزاکەت, سۆیبە, حەلیم, توبا.

زمانی کوردی زمانێکی شیرین و دەوڵەمەندە و زیرەک بە تەنیا باڵ لە ڕێگای گۆرانیەکانیەوە و لە ڕێگای هەزاران وشەی رەنگینەوە ئەوە دەسەلمێنێ. ئەم وشانەی خوارەوە کە تایبەتن بە ژنان فەرهەنگ و قاموسی زمانی کوردی زیاتر رەنگین دەکەن: شەمزاندن, گەوزاندن, ڕەنجاندن, گازگرتن, ڕامووسین, تلانەوە, پەڵپ گرتن, ناز, مەکر, کزێ, شەڕت, بەقا, ڕەوتێ،هەناو, هاسکە هاسک, یاخی, خومار, ناسکۆڵە, پەرچەم, کزەی سەر, مەزەدار, کارمامزێ, مل بەموور, پێ بەپەردە, خەت وخاڵ,ماینی شێخەزاڵ، ئەسپی کەحلان, عەبداڵ، شەلال, رەش هەناو, چاو کاڵ، بەڵەک چاو, چاو خومار, چاونێرگز, چاوباز, بیزاچنین, چوونە مەرێ!

زیرەک کەرەسەکانی سەردەمی خۆی وەک ماشێن و سەیارە جیمس, جیب و پاگەدە ئامراز وەک گورز, ساز, سەنتور, تەپڵ, شمشاڵ وشەی کۆمەڵایەتی وەک گەل, هۆز, عێلی بڵباس,کرمانج, مەنگور, مامەش, هۆبە, هەوار, تاوڵە لە گورانیەکاندا بەکار هێناوە.

## جغرافیای کوردستان

جوغرافیای کوردستانی حەسەن زیرەک پان و بەرینە بە پانایی هەمووو کوردستان: زەمبیل, نەڵێن, سلەیمانکەندی, قاقلاوە, بەردە زەرد, بیارە, شێخلەر, گڵۆلان, شێخەنزا, زێوە, بازیان, ئاڵماڵو, ساروقامیش, قروچە, لاچین, خۆشناوەتی, کانی نیاز, زمزیران, کۆنەلاجان, بیتوێن, لاجان, مەحمودئاوا, میراوا, خاتون باخ, عەلی ئاباد, هەڵماڵو, سەنگەسەر, دەشتی باژێر, کولیجە, قەمتەرە, دەرمان, گەرمێن, موکریان, ورمێ, شنۆ, ڕانیە, هەڵەبجە, کەرکوک, هەولێر, هەوشار, مەریوان, برهان, جەزیر, بۆتان, سەردەشت, بۆکان, میاندووا, سابڵاخ, سلێمانی, سنە, سەقز, کرماشان، نەغەدە, تەورێز, باکو, تاران, بەغدا, کاشان, رەشت, گێڵان, عێراق, رۆم, نەمسا, تایلەند, ئاڵمان, ئێران(عەجەم), ئوروپا,ئەفریقا!

| | |
|---|---|
| چەند شاری عەزیم گەرام | سولەیمانیم بەرێ وجێیە |
| عێراق و رۆم و ئێران | هەر ساڵە حاکمێکی لێیە |
| نەمدی جوانێ برۆکەوان | سەری سینگت ئەلف وبێیە |
| بەقوربانی تۆی دەکەم | نەمخوێندووە دەرسم پێیە |
| چوارپارچە موڵکی سەیدان | «««««««««« |
| «««««««««« | لەبەر کیژی ناو بۆکانێ |
| لە بەر خاتری ناسکۆڵان | پێمگوت جوانی خان ومانی |
| سولەیمانیم شاری جوانە | شل شل دەروا بۆ هەیوانێ |
| یاری من شیرین زمانە | لە بەر کیژی سلێیمانی |
| خۆی شۆخە, گیان, میهرەبانە | عاشقم بە دوو چاوی جوانی |
| «««««««««« | خەمی تۆیە,خۆت دەیزانی |
| ئۆخەی ئۆخەی بووک جوانێ | «««««««««« |
| ئەمنم خەڵکی بۆکانێ | لە بەر کیژی ناو هەلەبجە |
| با کەوشەکەت پیس نەبێ | دەچمە ژوانی بە پەیژە |

پێت لە سەر چاوم دانێ
ئۆخەی ئۆخەی بووک زێنێ
ئەمنم خەڵکی گەرمێنێ
ئەو ملوانکەی نایلونە
خوێن لەمەمکی دەتکێنێ
پێی بڵێن بەیانی بڕوا
بەس دڵم نشکێنێ
««««««««««
لە بەر کیژی نا سەقزی
چوومە ژوانی زۆر بە دزیی
««««««««««
بەژنی شووش وەک شیشە
جوانە دەڵێی قامیشە
شیرینە دەڵێی کشمیشە
ماڵ لە ساروقامیشە
توران گرووی لێ گرتووم
بۆکراسی فەرموو دانیشە
««««««««««
سابڵاخ چەند خۆشە خاکی دڵگیرە
ئەوکچە لەو ماڵە کۆت و زنجیرە
لە دووریت بیلا بووم پەرەوازە
خەمبارت کردووم زۆر بێ ئەندازە
««««««««««
بەهار خۆشە شاری سەردەشت
بچیتە شاخی, بچی بۆ دەشت
««««««««««
شەو هەڵات و ڕۆژهەڵات
دای لە پردی مەهاباد
بە سەرگەردی باڵات بم
گەردن قورینگ و لێونەبات
««««««««««
ئەی ئەهلی شنۆ ئێوە و خوداتان
گوڵەکەم مندالە, کەوتۆتە نێوتان
قەدری واجبە لە سەر هەمووتان
««««««««««
قەمتەرە لە گەڵ بورهان
کولیجە لە گەڵ دەرمان
میراوا دەگەڵ بۆکان
حەسار دەگەڵ قازڵیان

سابڵاخ کوچە بە کوچە
بۆکان مووچە بەمووچە
هەمووی بەقوربانێ بێ
هەتا دۆڵی قرووچە
««««««««««
وەکو کوێستانی بێستون
دایمە سەرم بە تەمە
دایمە دڵەکەم بە خەمە
ئەڵا,قەت کەسم نەما
من سەد ساڵە لە عێراقم
دەڵێن خەڵکی عەجەمە
««««««««««
بەهار خۆشە لە زمزیران
لە خڕێ و دۆڵێ دەس بەگیران
تێکە بۆدۆست و دەزگیران
««««««««««
بەهار خۆشە شاری شنۆ
کوڵمەت جوان وەک گوڵی لیمۆ
شۆخ وشەنگی مەرۆ چاوهەڵۆ
««««««««««
لە قەمتەرو بورهانی
لە کولیجە ودەرمانی
سەیدی کاکەجان هاوار
لە مەزرای سەهۆڵانێ
دڵی لێوئاڵ نەرم کەی
هەستێ بێ بۆ ڕێی کانی
««««««««««
ئامێنێ گیان لە سەر پردیمیاندواوێ
بۆت مردم, هێسترم لێ کەوتە ئاوێ
چی لێ بکەم وەڵا شێتە هەڵداوێ
بەخودا دنیام بێ تۆ ناوێ
««««««««««
دەرۆم دەچمە ڕادانە
دەڵێن یارم زۆر جوانە
لە نێو قەرەپەپاغە
نزیک بە ئێرانە
ئاوری لە من بەرداوە
سەر تۆپی شاروێرانە
««««««««««
سبحەینانی لاجانێ, ئێواران بەری مێرگان

هەرمێلە موڵکی خانان
هەمووت بە قوربان بێ
دەگەڵ کاولی سازندان
«««««««««
بە قوربانی باڵات بێ
چوارپارچە موڵکی سەیدان
قەڵادزێ و سندۆڵان
سەنگەسەر و بنگەردان
«««««««««
خۆزگەم بە دوێنێ بەیانی
سەبریان برد بۆ سلەیمانی
کراسیان بۆکرد لە کرمانی
تۆ بە ملیونێ هەرزانی
«««««««««
ئەڵا شیرین دەخوێنێ
گوڵی مەککە و مەدینێ
ژاڵەی لە خوار پێنجوێنێ
کەوی پەردەی ئاڵماڵو
مامزی دەشتی بتوینێ
تەعەجوب دەبم, نازێ
بۆچ لێم زیزە ونامدوینێ
«««««««««
شێت کە شێت دەبن دەیبەن بۆ زەمبیل
ئەمنیش شێتی تۆم کردومت زەلیل
«««««««««
فاتمۆکێ کوێستانمان لە کێلەشینە
بۆت نەژیم, بەهار بڕوا هاوینە
«««««««««
فاتمۆکێ کوێستانمان لە قەندیلە
بابمرم ئەو دڵەم لە بۆت زەلیلە
«««««««««
فاتمۆکێ کوێستانمان لە ئێرانە
فاتم گیان قەدباریک و ڕەش ئەسمەرە
«««««««««
ئەرێ دەترسم بمرم هاوار لە کرماشانێ
ئەرێ قەل وداڵ بمخوا هاوار کەس پێ نەزانێ
«««««««««
قاسپە قاسپی کەودێ لە بەندەن ونساران
کەو و کەوباڕ دەخوێنێ لە ئیستگەی رادیۆی تاران
«««««««««

حەوسەد مەڕی ڕان هەڵگری بڕۆی بۆکوێستان
چادر وڕەشماڵێ هەڵدەی لە بەندەنی سامڕەندان
کەژاڵ چاوجوان دانیشێ بۆی بڵێی هەڵبەست وبەندان
«««««««««
کادەرویشی کوێستانێ
وەرنە سەر خیابانێ
بە مەشمولیان نووسیوم
لە دەفتەری بۆکانێ
ئەرێ دەمبەن بۆنیزام
کەس بەکارم نازانێ
«««««««««
گڵم وەسەرکەن بە دەمی بێڵێ
نەزاکەتیان برد بۆ ئەردەوێڵێ
موڵکی سابڵاخ و لاچینێ
دەیدەم لە ڕێی پێکەنینێ
«««««««««
ئاورت لە من بەرداوە ناسک کاڵ لە بۆکانێ
لێرەوە بە قوربانت بێ, تاکو جەزیر و بۆتانێ
«««««««««
ماڵ لە مەریوان دڵ لە دوو جێگا
من غەریب ماوم لە سەر ڕێگا
«««««««««
ماڵ لە مەریوان دڵ لە دەروێشان
مرد ن خۆشترە لە ئاخ هەڵکێشان
«««««««««
لە سلەیمانکەندی تا بەشی میاندواو
گشتی بە قوربان شۆخی بەڵەک چاو
«««««««««
لە سلەیمانکەندی بەشی موکریان
تاقە گوڵێکم بوو بابردی و زریان
«««««««««
لە سەر تۆ لە دەستم چوو سابڵاخ و شنۆ و نەغەدە
چەندەی لێ جوانە لێو ئاڵ, گێلگیلە لە گەڵ شەدە
«««««««««
نێردراوە بۆ ئێران, جێگای من قەسرە
عاشقی باڵای بووم بە بیلا غەدرە
پێم ووت وەرە بۆ ژووان, پێی وتم عەسرە
«««««««««
کراسی چیتی نەمسەیە
ئەو کچە جیرانی مەیە
بۆخۆی زۆر شوخ و شەنگە

له سلەیمانکەندی بەشی بەگزادە
ئەی وەی مەزەدار رووبەندت لادە
««««««««««
لەسلەیمانکەندی تا شاری بۆکان
گشتی بە قوربان باڵاکەی چاو جوان
««««««««««
سەرێ هەڵێنە روو لە خودا کە
تەماشای قاپییەکەی غەوسی بەغداکە
بەس لەوە زیاتر من شێت و شەیداکە
هەی ئێران و هەی عێراق
خاش خاش بوون, گوڵە مێلاق
گیانە بمدەرێ ماچ
با دڵەکەم نەکا فیراق
خودا حافیز لە برادەران
یەک سەر دەرۆم لە بۆتاران
تۆ بمبورە ئەسمەر گیان
دەرۆم دەمرم لە قەبرستان
««««««««««
سینگت کافەی شمرانە
ئەو لە نێوی تارانە
لێی دەچنە سەیرانە
هەمووو خەڵکی ئێران

مێردەگولەی دەڵێی سەیە
««««««««««
باوانەکەی بابی من مەردۆشی جاران
تۆ ناگۆڕمەوە بە خەڵکی تاران
««««««««««
مەعمەلی هەمەدانی, برنجی ڕەشت و گێلانی
باسکم وە ژوور سەری نێ, خۆشەویستی میوانی
لە بەر ئەو گۆزە دەمرم ناسکێ دەیبا بۆ کانی
««««««««««
چەند شاری عەزیم گەڕام
عێراق و رۆم و ئەڵمان
نەمدی چاوجوانێک وەکو تۆ
چاوباز و ئەبرۆ کەوان
««««««««««
شل دەبەستێ پشتێنێ
سێوە لاسووری رێوێ
مەنزەری بەردەیانی
بۆی دەدەم بە گوڵ و گوارە
حەوزە گەورەی بۆکانێ
ئاسکی دەوری شنۆیە
کەوی پەردەی بازیانێ

## گوڵ, بولبول و

هەروا دەروا دەکا ڕەوتێ
وەکو کوتری بەر مزگەوتێ
سووتام برژام چۆقەم کەوتێ
««««««««««
ئەمن بولبول تۆ ریحانە
تێپەربووی لەو باخچانە
دەچریکێنم بەم بەیانە
««««««««««
خۆمن کوێستانی لەند نیم
بێنم کارگ و ڕێواسان
خۆمن تەلەوزیون نیم
دام نێن بۆ قسە وباسان
خۆمن قەرەنی ئاغا نیم
گەورەی عێلی بڵباسان
شێت و شەیدای ئەو کچە بووم
دەیرفێنم سووک وئاسان

ئەمن بولبول ئەتۆ گوڵی
خونچەی جوان بە سەر گوڵی
نامدوێنی لێم دوودڵی
««««««««««
تۆ بۆ گۆڵ ومن بۆ دڵ بچریکێنین
هەردووکمان عاشقی گوڵین,دڵ پڕلەخوێنین
بولبول بۆچی داماوی؟
بۆلە گۆڵزار تۆراوی؟
ئەی بولبولی دڵ غەمگین
دانیشین با بە کوڵ بگرین
««««««««««
قاسپە قاسپی کەو دێ
کەو لە بناری بەردێ
کەو و کەوبارِ دەخوێنێ
(لە ئیزاعەی کوردی)
لە ئیزگەی رادۆی کوردی

| | |
|---|---|
| «««««»»»»<br>سینگۆڵەت باخی هەنار<br>دووی هێناوە بە یەکجار<br>یەکیان شیرینە بەغایەت<br>یەکیان ترش و مەزەدار<br>هەم نارنج و هەم بێیە<br>مەمکی زەردە بەهێیە<br>«««««»»»»<br>هێندەی من دۆعا دەکەم<br>ڕەبی گوڵ هەر نەمێنی<br>ئەمن دەچمە غەریبی<br>کێ باڵات بشەمزێنێ<br>وەک ماینی کاکڵ ئاغا<br><br>نامەردێک دەترفێنێ | «««««»»»»<br>نارنج و لیمۆ و پرتەقاڵ<br>بۆ مەمکەکەت پرۆکام<br>«««««»»»»<br>کانی وسەرکانی سەرچەشمەی گوڵ بێ<br>نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ<br>«««««»»»»<br>هۆکاکی جوتیار براکەم جووتت بەکاربێ<br>خلە وخەرمانت بەرەکەت دار بێ<br>هۆکاکی جوتیار برازا,گاکانت زەردە<br>بە پێ دەیکێڵێ هاوار ئەوکێو وهەردە<br>«««««»»»»<br>هۆکاکی جوتیاربراکەم جووتت شاگوڵ بێ<br>تووەکەت ڕازیانە, خەرمانت گوڵ بێ<br>هۆ کاکی ڕێبوار, ڕێگام کوێستانە<br>دەچم بۆ بۆکان گوڵ لە ئێرانە |
| **بەژن** | |
| بەژنی جوانی ڕێک و پێکی<br>دایدەنێم لە سەر تەشتێکی<br>نایەڵم بڕوا تاوێکی<br>بەو شارەی نادەم چاوێکی<br>«««««»»»»<br>بەژنی جوان وباڵای بەرزی<br>هات وچوون وشێوەی تەرزی<br>لە ملی ئاڵان بسک و کەزی<br>سەرو گەردەن ئەڵقە ودەسی | بەژنی جوان و نەرم و ناسک<br>هات وچۆ بە وێنەی ئاسک<br>پڕ لەبازن, قۆڵ وباسک<br>پشتێن شلەی کراس کەسک<br>«««««»»»»<br>بەژنی جوان و قەدو باڵا<br>هات وچۆی پڕ وردەخاڵە<br>چاوی جوانە, لێوی ئاڵە<br>مەمکی وێنەی پرتەقاڵە<br>«««««»»»»<br>بەژنی جوان وناسک ونەرمی<br>چاوی ڕەش وخوێنی گەرمی<br>هات وچوون و حەیا وشەرمی<br>بەکوردی بەندی جگەرمی |
| **چاو, دەم و** | |
| چاوت ئەستێرەی بیست ودوو<br>هەڵدێ لە کەلی هەڵمەڵوو<br>موسڵمانم مەمکە بەجوو<br>«««««»»»»<br>ئامێنێ چاوی تۆ, جامی شەڕابی منە<br>ئەبرۆی تۆ کەمان و چەنگ و روبابی منە<br>بەخندە دەمکوژێ, دین و ئیمانی منە<br>«««««»»»» | لە سەر پردێ گرتیان سەنگەر<br>دەستێک نیزامی خۆڵ بەسەر<br>لینگیان دامێ, دەستە و خەنجەر<br>لە سەر دووچاوی ڕەش ئەسمەر<br>«««««»»»»<br>چاو و ئەبرۆت لە یەک تیرن<br>میسلی شاهان بە تەگبیرن<br>ساحێبی کۆت و زەنجیرن |

ئەو چاوە جوانە ئەو تەل بە سەرە
ئەمنی کوشتووە, خۆی بێ خەبەرە
«««««»»»»»
چاوت ئەستێرەی شەوێ
کوڵمەت دەنووکی کەوێ
مەرگم وە پێشت کەوێ
لەمن وگولەکەی مێردت
کاممانت زۆر خۆش دەوێ
«««««»»»»»
چاوی ئەستێرەی ئێوارە
هەڵدێ لە سەر تاقەدارە
یاری خۆمە لێم بێزارە
«««««»»»»»
چاوت ئەستێرەی سەحەری
هەڵدێ لە بێژنگ بەسەرێ
خۆشم دەوێ ڕەش ئەسمەرێ
«««««»»»»»
چاوی جوانە و پرچی درێژە
ئەم شەو جێ ژووان سەرە و لێژە
بۆخۆت کوشتوتم بمنێژە

«««««»»»»»
چاوت ئەستێرەی شوانان
هەڵدێ هەمووو بەیانان
دەدا لە کووچە و کۆڵانان
«««««»»»»»
چاوت ئەستێرەی دەریازی
هەڵیان دێنی چەند بەنازی
بە کوشتنم ئاوات خوازی
«««««»»»»»
چاوی ئەستێرەی سیوەیلە
ئەمن مەجنوون یارم لەیلە
بێوەفایە دەروون کەیلە
«««««»»»»»
چاوی ئەستێرەی جەدییە
ئاگای لە حاڵی من نییە
ڕۆژی حەشەر جوابی چییە؟
«««««»»»»»
چاوت ڕەشە لە گەڵ برۆت
بەو خاڵانەی دەوری لیمۆت
دایکت ماچ کەم یانا بۆ خۆت
«««««»»»»»
چاوباز و ئەبرۆ کەوان
بەقوربانی باڵات بێ
چوارپارچە موڵکی سەیدان
قەڵادزێ و سەندوڵان
سەنگەسەر و بنگەردان

## مەمک و سینگ

گەوهەرێ ماڵم گەوهەرێ
سینگت حەوزی کەوسەرێ
خۆشتر لە ئاوی زمزم
کە حاجی دەچنە سەرێ
داوای دوو ماچم لێکرد
نزیک بوو ئابڕوم بەرێ
«««««»»»»»
سینگی تەختی مەڕمەڕە
زولفی پەری لاشەڕە
ئاوری لە من بەرداوە
زۆر جوانە و لێوی تەڕە
«««««»»»»»
سینگت باخی شێخانە

سینگت پەنیری کوردی
زولفت گابەند و خاوە
کەلەکەی چەپم کون بوو
لێوئاڵ بە مست لێیداوە
«««««»»»»»
بەو خودایەی بێ مەکانە
غەریبم لێرەکانە
ئەو دڵەم بەحری غەمانە
پێم ووت ئاوێزانت بم
سینگت تاقی مەروانە
«««««»»»»»
ئەی ڕندی ماڵم ڕندی
کچێ سینگت کارخانەی قەندی

<table>
<tr>
<td>لە نزیک گڵۆڵانە<br>چی بکەم پارێزی بەرمێ<br>شەودێزی باخەوانە<br>««««««««««<br>سینگت کافەی شمرانە<br>ئەو لە نێوی تارانە<br>لێی دەچنە سەیرانە<br>هەمووو خەڵکی ئێرانە<br>««««««««««<br>برام بیلاهی وایە<br>تۆ لە چاوی من ببینە<br>ئاوری لە جەرگی من بەردا<br>سینگی بەفری حەوشینە<br>««««««««««<br>مەمکت هەناری ئاودارە<br>سینگت خەیلێ مەزەدارە<br>ئەگەر بمدەن لە سێدارە<br>هەوران تێکیان دەخوڕی<br>مەمکان کراسیان دەدڕی<br>نەمری دایکی کوڕی<br>««««««««««<br>سلەیمانیم بەڕێ وجێیە<br>هەر ساڵ حاکمێکی لێیە<br>سەری سینگت ئەلف وبێیە<br>نەمخوێندووە دەرسم پێیە<br>««««««««««<br>تەماشای بەژن و باڵای کەن<br>مەمکی بە نهێنی دیارە<br>لە سەر ئەو باڵای جوانی<br>با بمدەن لە سێدارە<br>««««««««««<br>ئەی لەندی ماڵم لەندی<br>سینگت کارخانەی قەندی<br>داوای دوو ماچم لێکرد<br>لە سەر وی لێم دڵبەندی<br>ئاورت لە من بەرداوە<br>کوڵمت گوڵی تایلەندی</td>
<td>ماشەڵڵا ڕندومەندی<br>لە سەر چیم لێ دڵمەندی؟<br>««««««««««<br>دەوەرە,دەوەرە, باجووت بین<br>جووت مەمکی وەک هەنارە<br>خزمێنە مەمکەن لۆمە,<br>بەینەڵا مەزەدارە.<br>««««««««««<br>نارنج, لیمۆ و پڕتەقاڵ<br>بۆ مەمکەکەت پڕۆکام<br>««««««««««<br>سینگت دوو میم وکافێکە<br>لە سینەی سینە سافێکە<br>هەر ماچێکت تەوافێکە<br>««««««««««<br>سینگی دووکانی بەقاڵە<br>مەمکی وەک پڕتەقاڵە<br>««««««««««<br>بەو غەوسەی لە بەغدایە<br>بەو دەردەی لە دڵم دایە<br>پێم ووت ئاوێزانت بم<br>لەزەت هەر لەوەی دایە<br>سینگی تاقی کەسرایە<br>شەوقی وێنەی لامپایە<br>««««««««««<br>سپی وسادە شەش درهەم<br>سوور وسپی سەد درهەم<br>ئەسمەر بێ وخاڵ لە رووبێ<br>مەمک هەڵۆ بێ<br>هەزار و شەش سەد درهەم<br>««««««««««<br>نەرم و چکۆلە و خاڵ لە ڕوو<br>بۆتۆ ئاورم تێبەر بوو<br>مەمکت خڕە وەک هوڵوو<br>سینگت بەری هەڵمەڵوو<br>برژانگ ئەڵماسی دووسەر</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">دڵداری</td>
</tr>
<tr>
<td>ئەمن بولبول تۆ سنەوبەر</td>
<td>نەسیحەت بێ بۆ دڵداری</td>
</tr>
</table>

له عیشقی من بووی بێ خەبەر
بێ ڕەحمی تاکەی ئاسمەر
««««««««««
عاشقان دێن له دوور ڕا دیارن
ڕەنگیان زەرد و لێو بەبارن
لۆمه مەکەن خاوەن یارن
بە دەردی دڵ گرفتارن
««««««««««
جووتێ ساقی گوارە زێڕن
مەی له مەیخانه دەگێڕن
عاشقان له دین وەردەگێڕن
کرمانجی دەشتی باژێڕن
««««««««««
عاشقان پاک دڵیان ناسکە
مەعشوقەیان وەک ئاسکە
دەپەڕێ ئەو باسکە و باسکە
ئەمڕۆ بۆیه خۆی دەهاسکە

عاشق نەبن بە ڕێبواری
چونکه عاشق دڵی فێره
خۆی دەکوژێ له ناچاری
««««««««««
دەستەی عاشق مەجلسیان گرت
بەعام ناردیان ساقیان بانگ کرد
ساقی مەست بوو پیاڵەی پڕ کرد
چاوی گێڕا عاشقی قڕ کرد
««««««««««
عاشقان دێن له دوور دیارن
ڕەنگیان زەرد و لێو بەبارن
مەنعیان مەکەن گرفتارن
عاشق بە باڵای چاوکاڵن
مەنعیان مەکەن گرفتارن
بۆیه سەرپاکیان بیمارن
««««««««««
له سەر پردی پردەبازان
بە ئینتزاری چاوبازان
وەکو عاشق بۆ دڵخوازان
دەکێشم چەند جوره نازان

## بێ وەفایی

کزەی سەرت بە میرات بێ
نەحلەت له شەڕت و بەقات بێ
««««««««««
له بەر دەرکیان بووم بە خاکا
یەخەی خۆم دەدڕم سەرپاکا
ئەو بێ دینه متمانەم پێناکا
««««««««««
له بەردەرکیان بووم بە نۆکەر
هەم خزمەتکار هەمیش چەپەر
باوەڕناکەم پێت ڕەش ئەسمەر
««««««««««
له دووری باڵات بووم پەرەوازە
خەمبارت کردووم زۆر بێ ئەندازە
بەقات پێناکەم ژن بێ مەجازە
««««««««««
ئەمان لەیلێ جاران چا بووی
چەند یارێکی باوەفا بووی
له ئەمر و نەی مندا بووی
««««««««««

شەدەی سەرت کاری تارن
بۆچ من دەکەی بەردەباران
نەمای له سەر قەولی جاران
««««««««««
شەدەی سەرت بە میرات بێ
نەحلەت له شەڕت وبەقات بێ
نەبا شێتێ بە تەمات بێ
««««««««««
هەتا مەیلت بوو, بە مەیلت ژییام
ئێستا بێ مەیلی, منیش دڵنیام
هەتا مەیلت بوو, بە مەیلم کردی
ئێستا بێ مەیلی, وەمزانی مردی
««««««««««
دەبڕۆ له من حەرام بێ
هەروەک شەڕاب له شێخان
هیچ قەولی ڕاستت نیه
غەیری درۆ و تەفرەدان
ئەگەر قەولم دەدەیێ

هەروا دەڕوا شیلان شیلان
بۆخۆی یەکە و دۆستی چلان
بەقا مەکەن بە کچەتیوان
«««««««««
دەسماڵ حەریری شینە
شیرینە دەڵێی هەنگوینە
«««««««««
خوزگەم بە دوێنێ بەیانی
سەبریان برد بۆ سلێمانی
کراسیان بۆکرد لە کرمانی
تو بە ملێۆنێ هەرزانی
«««««««««
خۆزگەم بە دوێنێ نیوەڕۆ
سەبریان برد بۆ تانجەڕۆ
کراسیان بۆکرد لە گوڵە لیمۆ
لە دڵی من دێ بۆنی بۆسۆ
«««««««««
قوربانت بم ئەی بای وادە
چارشێو لە سەر یارم لادە
هەر بەوێنەی مانگی چاردە
«««««««««
کراس مەخمەر دارابی
بەباڵاکەی بڕاوە
لە سەر پانیەی وەستاوە
«««««««««
عەنتیکە و زێدە لاوە
دوورە لێی بکەم سڵاوە
لە پشتێنێ بەرەو ژوور
وەک شەمامە ڕەنگاوە
«««««««««
کراسی چیتی نەمسەیە
ئەو کچە جیرانی مەیە
بوخۆی زۆر شۆخ وشەنگە
مێردەگولەی دەڵێی سەیە

بە ڕاستی وەرە کەوان
ڕەحمی خودات لە دڵ دابێ
کافری بێ دین و ئیمان
ڕەبی بەو نەعلەتە بی
خودا کردی لە شەیتان
«««««««««
ئەو قورعانە بتگرێ,
هێنات لێکت کردەوە
حەوت جارت دەست پێدادا,
ماڵ وێران بۆ مزگەوتت بردەوە
ئەمنت سەرگەردان کردووە,
ئەی هاوار بە هەناسەی سەردەوە
بۆ خۆت کەیفم بۆدەکەی,
ماڵ وێران بە دەسماڵی زەردەوە
«««««««««
شەدەی سەرت کاری تاران
بۆچ من دەکەی بەردەباران
نەمای لە سەر قەولی جاران
شەدەی سەرت کاری کاشان
پەیمانت بەست لەقەد ئاشان
نەماوم من بۆ گوڵ بەشان
«««««««««
بەژنی جوان و باڵای بەرزی
هات وچوون وشێوە وتەرزی
لە ملی ئاڵان بسک وکەزی
سەرو گەردەن ئەڵقەو دەسی
«««««««««
خۆزگەم بە دۆێنێ نێوەڕۆ
سەبریان برد بۆ تانجەڕۆ
کراسیان بۆکرد لە گوڵە هێرۆ
بەزۆر بردیان وەی باوکەڕۆ
«««««««««
پشتێن شل وملی هەستە بەیانە
هەتا پێک دەگەین ئاخر زەمانە

## حەسرەت

وەرن جەرگم هەڵدڕن دەبا گیانم ڕزگاربێ
سەرو ژێر ڕاخەری من هەر قوڕ وبەرد ودار بێ
ئەمما هەر بەوشەڕتەی من, گەرچاوێکم لە یار بێ
حساب کە بە جەهەنەم گەر خواردنم ژەهری ماربێ

ئەی دڵ هەڵدڕێی بەنووکی دەبان
بۆچی لە دنیاکردمت سەرگەردان
بۆچی لەدنیا کردمت پەشیمان
ئەی دڵ زەلیل بی زەلیلت کردم

«««««»»»»»
غەریب ماوم هەر دەخوێنم
فرمێسکی چاو دەبارێنم
لە دنیا دڵ دەتارێنم
نەمرم لەو بەندەت دەردێنم
«««««»»»»»
بەختێک لە ئەزەل سیاچارەبێ
دەستی لێ مەدەن با ئاوارە بێ
کراسێ لە غەم یەکێ لە مەینەت
بیبڕن بە باڵای یاری بێ مەینەت

موحتاج بە دەرکی نامەردت کردم
«««««»»»»»
غەریب ماوم لە تارانێ
فرمێسکی دێ وەک بارانێ
کوشتەی تۆم خودا دەیزانێ
پێت لە سەر دووچاوم دانێ
«««««»»»»»

## دوو بەیتی

شەرتە لە داخت کەشکۆڵ لە کۆڵ کەم
بڕۆم لە بەغدا بەرچاوت چۆڵ کەم
«««««»»»»»
یاسوڵتان هاوار ماڵ بە بەرزەوە
بابەکەی بمرێ بە دەم لەرزەوە
«««««»»»»»
کەس نیە, بڵێ با غەریب بەخێرێ
نەمدی ڕۆیی چاوئەستێرێ
«««««»»»»»
هەروەک بازووبەند بتکەمە باڵم
ئێستا لێم دووری تاڵان بە ماڵم
«««««»»»»»
بەرۆژ حەرەسم وام لە ئیدارە
عاشقی کیژێکم یەگجار غەدارە
«««««»»»»»
بەڕۆژ حەرەسم مەئمور مەرکەزم
دوو بزنی ڕووتم هەیە, بە بێ مەرەزم
«««««»»»»»
دوو کەو لە قەفەس گفتوگۆیانە
تەمای مەیل بڕین من وتۆیانە
«««««»»»»»
شەرتە تا مردن عاشق ئیخلاس بم
کابە کەچ نەکەم هەر تۆ شوناس بم
«««««»»»»»
خۆ تۆ خوا نەبووی سوجدەم بۆ بردیت
خوا ئەوە بگرێ لەملمی کردیت
«««««»»»»»
بەرکە بەم لاوە ببینم جەبینت
لە سەر کام دینی بێمە سەر دینت
«««««»»»»»

پشتێن شل ومل هەستە بەیانە
هەتا پێک دەگەین ئاخر زەمانە
«««««»»»»»
باوانەکەی بابی من مەردۆشی جاران
تۆناگۆڕمەوە بە خەڵکی تاران
«««««»»»»»
یارەبی چی بکەم بۆتۆزێ دەرمان
بیدەم بە گولەکەی بێ دین وئیمان
«««««»»»»»
بەرۆژ حەرەسم ئاگام لە پۆستە
چاوەڕێی کیژێکم دووچاوی مەستە
«««««»»»»»
بەرۆژ حەرەسم ئاگام لە کاڵە
عاشقی کیژێکم چاوی غەزاڵە
«««««»»»»»
بە فوای دەمت بم بە ددانەوە
دەڵێی سەدەفە بە دووکانەوە
«««««»»»»»
خودا دایکت بگرێ باوکت بێ ئیمان
وابوو بە باعیسی دڵی هەردووکمان
«««««»»»»»
یا عەبابەیلی ماڵ بە بەرزەوە
ئەوکچە نەکوژی بە دەم لەرزەوە
«««««»»»»»
ڕەبی ڕەسمچی پەنجەت نەناڵێ
ڕەسمی ئەوکچەم بۆ بێنە ماڵێ
«««««»»»»»
ڕەشم پۆشاوە ڕەشتر لە بانی
عازیەباری تۆم نابێ نەیزانی
«««««»»»»»

ئەگەر بە بێ تۆ شادیم لە دڵ بێ
شادی و نەوجەوانیم,ئاوێتەی گڵ بێ
«««««»»»»»
لە سلیمانکەندی خۆم دەم بە چۆمدا
بۆ عەیشی چاوجوان لە بەردەزەردا
«««««»»»»»
ماڵ لە مەریوان دڵ لە دووجێگا
من غەریب ماوم لە سەرە ڕێگا
چاوم چاوەڕێ ڕێگای بەرماڵت
بەڵکو لە ناکاو دەرکەوێ خاڵت
«««««»»»»»
لە سەر تۆ لە دەستم چوو,ساباڵاخ وشنۆونەغەدە
چەندی لێ جوانە لێوئاڵ,گێلگێلە لە گەڵ شەدە
«««««»»»»»
تینی ئەگریجەت بە سەر لەوحی جەبینت دامەدە
ڕشتەی زولفت بە عەزمی گرتنی من بامەدە
«««««»»»»»
ئەتۆ لەو سەرە,لەحوجرەی حەوت ڕەنگ

ئەمنیش وام لێرە غەریب ودڵتەنگ

خودا بستێنێ حەقم لە دایەت
من جەورم کێشا,کێ نیشتە سایەت
«««««»»»»»
هێندەم سەبرگرت تاقەتم بڕیا
ماڵی سەبر شێوێ پەردەی دڵ دڕیا
«««««»»»»»
ماڵ لە مەریوان دڵ لە دەرویشان
مردن خۆشترە لە ئاخ هەڵکێشان
نی وسەرکانی سەرچەشمەی گوڵ بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ
«««««»»»»»
ئاورت لە من بەرداوە ناسک ماڵ لە بوکانێ
لێرەوە بەقوربانت بێ تاکو جەزیروبۆتانێ
«««««»»»»»
هەرکەسێک نەی بێ دوو دۆست ویارێ
سەربگرێ لە قوڕ سوبح وئێوارێ
«««««»»»»»
یاخوا ڕەزاشا چوار کوڕت بمرێ
کێ دیویە ئیجباری لە کورد بگرێ
«««««»»»»»
شێت کە شێت دەبن دەیبەن بۆ زەمبیل
ئەمنیش شێتی تۆم کردوومت زەلیل

## دین و ئیمان, خوا وپێغەمبەر

سوێندم خواردووە ناچمە حەجێ
حەجم بۆبێتە ناو لەجێ
تاماچ نەکەم خاڵی خەجێ
«««««»»»»»
دڵۆپێک شەڕاب کائینات دێنێ
بەزمی مەیخانە دڵ ئەبزوێنێ
ئەو دەسرەی یارم لێوی پێدەسڕێ
قیمەتی ملیۆن بەرماڵ ئەشکێنێ
«««««»»»»»
خەمی خۆم ودەردی دووان
ڕەنگ زەردی تۆم وەک مردووان
بەقاناکرێ بەنووشتوان
«««««»»»»»
مەمکت دوومیم وکافێکە
لە سینەی سینە سافێکە
هەر ماچێکت تەوافێکە
«««««»»»»»
خاڵان ئاخێزبوون,پیرۆزە گووم بوو

شەدەی سەرت بە میحرابە
لێی ڕادیارە ماڵی کابە
عەمرودیدەم ڕابە
«««««»»»»»
سەرێ هەڵێنە,روو لە خوداکە
تەماشای قاپییەکەی غەوسی بەغداکە
بەس لەوە زیاتر من شێت وشەیداکە
«««««»»»»»
خۆتۆخوا نەبووی سوجدەم بۆبردیت
خوا ئەوەبگرێ لە ملمی کردیت
«««««»»»»»
چاوت ئەستێرەی بیست ودوو
هەڵدێ لە کەلی هەڵمەڵوو
موسڵمانم مەمکە بە جوو
«««««»»»»»
سەبری بەخواوبەپێغەمبەر
بەمیحرابی چاوی ئەسمەر
کەوتوومە گێژی ئەسکەندەر

گەوهەر لەشاران قیمەتیان کەم بوو
خاڵێک وا بەبان پەنجەی پاتەوە
قولووئەڵا لەبیر من دەباتەوە
«««««»»»»»
رۆژی جومعە پاش سەڵایە
دووشت خۆشن لەم دنیایە
ئیمان و چاوی لەیلایە
«««««»»»»»
ئای لاچن,وەی لاچن,یارم ڕادەبووریٚ
هەرکەس بێت وبیبینیٚ بیٚ شک خوا دەیبووریٚ

نەجات نابم تاکوو مەعشەڕ
«««««»»»»»
تۆبی,تۆسووڕەی وەلفەجری
وەختیٚ دەمبەن بو گویٚی قەبری
ساتیٚ لەمن بگرن سەبری
بزانیٚ لیٚو ئاڵ چۆن بۆم دەگری
«««««»»»»»
چەند مەلابوو,چەند فەقیٚ,دەڕۆین لە ڕیٚی کانی
هەمووی عاشق بوون کەوتن,ناسکوڵ دڵی نەدانیٚ
ئەمنیش یەکێک بووم لەوان,تۆماچێکت نەدامیٚ
«««««»»»»»

## ترس لە خودا

مردن لە بیرمی لەمەو دوواوە
پاڵ دەدەم وەپاڵ قاپی خوداوە
«««««»»»»»
مردن لە بیرمی,بیرم کردەوە
سەر لە بەیانی نوێژم کردەوە

نەحلەت لەو شەیتان هۆشم کردەوە

ئەی مردن, ئەی پەشیمانی
ئەی بێهۆشی دەم فبرستانی
خرابی وبەدی ومەردو ومەرداری
تۆگوناهباری,تۆبە خەرواری
شەڕتە فریٚ دەم بەدو بەدفەڕی
خراپی دایم تالیب بە شەڕی
تولەچاکەی بەشەڕ هەر لات کردمەوە

ئاڵمان 1995

## گۆرانیەکانی زیرەک




ئەم گۆرانیانەم لە ناو 500 کاسێت دا هەڵبژاردون لە سەر شێوەی بەراورد کردن. ئەم شێوە کارە ئەو ئیمکانەی رەخساند کە باشترین و بێ زەدەترین و تەواو ترین گۆرانی بە نیسبەتی ئەوانی تر هەڵبژێردرێ. ئەم کارە دوو ساڵی خایاند. کاری کۆکردنەوەی کاسێتەکان لە باکورو باشوری کوردستان و دەرەوەی وڵات دە ساڵی کێشا و سەرجەمی کارەکە ساڵی 1996 کۆتایی پێ هات و بوو بە 50 کاسێتی 60 دەقیقە. پاشان ئەو گۆرانیانە کە لە سەر ئەلف وبێ رێک کراون بە یارمەتی کاک سامی لە شاری کوڵن گوێزرایەوە سەر کامپیوتێر و ئەوجا کران بە سی دی. سەرجەمی سی دی یەکان بۆتە 18 دانە کە لەوانە 14 سی دی گۆرانیەکانی رادیۆکانی کوردی ئێران دەگرێتە خۆی و باقی 4 سی دی گۆرانیەکانی رادیۆی بەغدایە. جگە لەم سی دی یانە 50 کاسێتی دی هەیە کە گۆرانی ماڵان لەخۆدا دەگرن. سەرجەمی ئەم گۆرانی و بەستە ومەقامانە کە لێرەدا کۆکراونەتەوە بەشێک لە بەرهەمی حەسەن زیرەک لە خۆدەگرن. هەر دەم وساتێک دەکرێ گۆرانی تر لەم سسیتمە زیاد بکرێ بێ ئەوە سیستمەکە تێک بچێ. ئەم ئالبۆمە نەتەنیا یارمەتی موسیقا زان و لێکۆلەر و ناوەندەکانی موسیقا و رادیۆ وتەلەوزیۆنەکان دەدا بەڵکو هەر کەس زۆر بەهاسانی دەتوانێ گۆرانی دڵخوازی خۆی لە زوترین کاتدا بدۆزێتەوە. هەر وەها ئەم سیستمە یارمەتی دەدا بۆ بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی کامپیوتێر بۆ کاری ئارشیوی موسیقا, لە سەر ئەم بنەمایە دەکرێ ئارشیوی موسیقای کوردی بە بەرهەمەکانی تری گورانی بێژان کاملتر بکرێ.

مانگی گوڵان 2003

| سی دی گۆرانیەکانی رادیۆ کوردیەکانی ئێران | |
|---|---|
| | |
| ئەم رۆژی ساڵی تازەیە | ئامینێ گیان گوارەکانت مەلەنگێنە |
| ئامینێ گیان ئەمرۆ ئەمرۆ | ئەسمەرێ دولبەرێ |
| ئامێنێ سورەگوڵ | ئەمان یار ئەمان |
| ئای شل وای شل | ئەمان کیژێ دیدەم کیژێ |
| بەتۆ دەڵێم کاڵێ | ئەی ئێران خۆشە گەرمین |
| ئەرێ راستەی خەیابان | ئەی بەلار و بەلار |
| ئەرێ هۆ لەیلی | ئەی چیبکەم نیمە چارە |
| بێستون | ئەی شلێ نانەزینێ |
| ئەسمەران دولبەران | ئەی لە من و ئەی لەکێ |
| | ئەی لادە |

| | |
|---|---|
| ئەی نیزام بۆخۆم نیزام<br>ئەی وەی یە لەرزانە<br>ئەی وەی بە دیناری<br>ئەی وەی بارانە<br>ئەی وەی زاراگیان<br>ئەی وەی لە گوڵ<br>ئەی یار ئەی یار<br>ئەو دەمەی رۆژ دەگاتە<br>ئەو کچە لەو ماڵە<br>لەیل و لەیل<br>باران بارانە | ئوف پەری<br>بارانە<br>بارانە<br>بارەکەم بهلاڵۆکە<br>باخەوان خۆم غەریبم<br>بەهار هاتەوە<br>بەجێی هێشتم<br>بریندارم<br>بە لەرزانە<br>بەناز<br>باوابێ |
| | |
| لە نێو سابلاخ دا<br>بە یادم کە تۆ یادم کە<br>بۆت مردم ناسکێ جوانی<br>بۆچ منت ناوێ<br>پاوانەکانی دەزرینگێتەوە<br>پێم بڵێ مەزەدار<br>تۆبە تۆبە<br>نەسرین<br>جوانی جوانی<br>جوانی لای بانە<br>جێژنە<br>بۆم بڵێ نەرمە نەرمە | چارۆکە<br>چارۆکە و چارۆکە<br>چارۆکە هەولێری<br>چەند جوانی<br>خاڵەی رێبوار<br>خان باجی<br>خانمێ تۆ خانمی |
| | |
| خۆم بە غولامی سیخمەی کۆن<br>داینێ تۆ داینێ<br>دڵەکەی وەرگرتم<br>دوگمەت داخە<br>دە تێی کە دە پڕی کە<br>دەردت لە من رەش ئەسمەر<br>دەچمە سەر ناڵشکێنە<br>دە لێی دەن تەپڵی شادمانی<br>دەنگیان نایە<br>دەوەرە باوانم | دەوەرە گوڵم نێوی دڵم<br>دینێ مەرۆ دینێ<br>رەزیە<br>رێبوار هەی بە رێبوارت بم<br>رێبوار و رێبوار<br>زاوا لە بوکێ مەدە<br>ساقی<br>سەبری<br>شایی یە دەگەرێ ئاموزا |

| | |
|---|---|
| | |
| شیلێرە<br>شەدەلار<br>شەو<br>شەمام شلکی<br>عەمرەکەم چاوەکەم<br>عەمرەکەم فاتم<br>قاسپە قاسپی کەو دێ<br>کراس رەش<br>چارۆکە هەولێری | کرماشان شاری شیرینم<br>کەتان کەتانە<br>کەژ و کەژاڵێ<br>کەویار و کەویار<br>کیژان دەچنە مێرگۆڵان<br>کیژێ مەرۆ جوانی<br>کۆڵوانە سور تۆبە بێ<br>گویلدور مەنی گویلدور<br>لانک لانکۆڵە<br>لانەو لانت کەم |
| | |
| لایلۆنە<br>لای لای کەوی گەردن بە خاڵ<br>لای لای سورە گوڵ<br>لایە لایە<br>لۆرکێ و لۆرکێ<br>لە سلیمانکەندی<br>لە سیلەی قەبران<br>بە دەوری نەرگسی مەستی<br>لەو سەرە دەنگی ساز دێ<br>لەو دینە ودینێ من<br>لەیلا لەیلا<br>لێم زیزە<br>مریم بۆکانی<br>تابەکەی شێت و ماخولیا | مەهتاب<br>نارنج دەگەڵ لیمۆیە<br>نازانم لە کێ پرسم<br>نازدار و نازدار<br>نازەنین نەشێوێ نازت<br>نامدوێنی بۆچ نامدوێنی<br>نەمام نەمامە<br>لە باخان ئاە وناڵین دێ<br>نییە لە ماڵ<br>نازدار ونازدار |
| | |
| وامەکە وامکە<br>وەرە قوربان<br>وەرە بەر پەنجەرە<br>هاتەوە با بێتەوە<br>هۆ لەیلی<br>هەر تۆم دەوێ<br>هەرمێ<br>هەروایە<br>هەم نارنجە و هەم بێ یە | هەی نار<br>یار یار<br>یادم کە<br>یالا شۆفر<br>مەلەرزە<br>هەی هەی لەم بارانە<br>28 مورداد<br>21 ئازەر |

| | |
|---|---|
| هەوری لە کۆڵ<br>هەی بە عینوانی<br>هەی بەلار و بەلار<br>هەی بێنە | |
| <u>سی دی گۆرانیەکانی رادیو کوردی بەغدا</u> | |
| ئای کچێ ناسکێ جوانی<br>ئامینێ سورەگوڵ<br>ئای نیزام<br>بەهار مانگی نیسانە<br>ئەی ئێران خۆشە گەرمێن<br>ئای بێنە<br>ئەی وەی زارا<br>ئەی بی لەنگێنێ<br>بەخەوان گیان<br>خەمخۆر و خەم ڕەوێنم<br>باران بارانە<br>باوابێ<br>لێم زیز بوە<br>بۆم بڵێ نەرمە نەرمە<br>بوک مریەم | بەدیناری<br>بەارە<br>چاوکەژاڵ<br>خەمخۆر وخەم ڕەوێنم<br>دەردت لە من<br>دوگمەت داخە<br>دەتێی کە<br>راستی راستی<br>ساقی<br>سەبری<br>شۆرە<br>شیرین گیان<br>بەناز<br>چاوجوان بەقوربانت<br>چیبکەم نیمە چارە |
| | |
| وەرگەرێ بالآت ببینم<br>قاسە قاسی کەو<br>کاروانە<br>کیژان دەچنە مێرگۆلآن<br>کەویار<br>گەوهەرێ<br>لای لای سورەگوڵ<br>لە پێی دا<br>لە نێو سابڵاخ دا | مەست مەست<br>نازدار و نازدار<br>نامدوێنێ<br>وەرە بەر پەنجەرە<br>هەر تۆمدەوێ<br>هەم نارنجە وهەم بێ یە<br>هەی بێ دەبڵێ بێ<br>یار ئەمان |

## قسەکانی زیرەک

زیرەک لە دەربڕینی هەست و بیرو باوەڕەکەیدا گەڵیک سەربەست بووە و راستگۆیانە جولاوەتەوە، خۆی دەڵێت:
من زۆرم تێهەڵدان خواردووە بێ ئەوەی بزانم بۆچی لێم دەدەن, لەو دونیایە خوشیم نەدی, ئومێدوارم لە جیهانەکەی تردا خودا تۆڵەم بۆ بکاتەوە, لای کەم لەوێش هەر تێهەڵدان نەبێ بەشم, باشە.
من قەت پوڵم نابێت لە مەسرەفی خۆم زیاتر بێ, چونکە دوکتور بۆێ نووسیوم.
من شانسم نیە و پولیشم کەمە.
من ڕەنگ پیاوم هێندەش ناشیرین نیم.
ژنە وای دەزانی سەرو سیما و دەنگم وەک یەک وایە!
من هەر توزێ دڵگیربم دەرگای هونەرم بۆ دەکرێتەوە و شێعری ڕێک و پێکم بۆ دێت و ئاوازی خۆش وتازەم دێتە سەر زار و دەری دەبڕم و بەم گۆرانی گوتنە باری خەم لە سەر خۆم لا ئەبەم و لە هەمان کاتیشا خەڵکی دەوروبەریشم شاد و دڵخۆش ئەکەم.
دەردەسەری و نارەحەتی بەسەرهاتهکانم بوونەتە مایەی سەرکەوتنم لە ژیانی هونەریمدا!
هەر کاتێ دڵم لە شتێ شکابێ و کاری تێکردبم ئەوسا داری خەم لە نێو دڵما بەری شێعر وئاوازری گرتووە و تا ئارەزووم کردبێت چاکترین شێعر وجوانترین ئاوازام بە خوشترین دەنگ وسەدام وتووە وتا وتبێشم هەر بۆم هاتووە.
نوێژ ناکەم چون دوکتور بۆی نووسیوم.
پارە ئەمڕۆ بۆتە وەسیلەی ژیان ناچارین هێندێک هەوڵی بۆبدەین تا ئێحتیاجی بەردەستی خەڵک نەبین, من ئەوندەم بەسە و دەوڵەمەندیم ناوێت, چونکە من بەم جۆرە لە بەرچاوی خەڵک جوانم, خۆشم ئاوام پێ چاکە و لە ویژدانی خۆم ڕازیم. (سەرچاوە: کاسێتەکانی زیرەک)

## قسەکانی زیرەک

هەموو ئێران و عێراق گەرام جێگەم نەبووە. چون قەوم نەبو تێدا بژیم. لە بەینی دوو سێ کێو و چۆمدا چاخانەیەکی پرتوکاو و ناخۆش وعەجایبم هەیە. ئەگەر بێن و تەماشا بکەن. تەعەجوا دەمێنن کە من چۆن لێرە دەژیم!انا! پێم خۆشە, کاسبی لێدەکەم.
هونەر لە ناو کورد دا قەدری نەما! هونەر بۆ من بەهرەیەکی نەدا! هونەر بۆ من کارێکی نەکرد کە بە شوێنێ دا بچم! چون کوردم بە زمانی کوردی قسە دەکەم.
ئەوە خەریکم بە زەمانی پیریەوە خەریکم دوو سێ گۆرانی ئەڵێم بۆ عالەم. بۆ ئاخری مەرگم کە نزیکە و زەمانێکە خوداحافیزی یەکجاری بکەم بچمە ژێر گڵەوە کە بەشەڕی کورد نەبینم!
سەلام ئەکەم لە هەمووو شارەکان و کوردەکانی عێراق, ئەوآنەی کە چوومەتەماڵیان, ئەوانەی مەرحەبایمان بووە و دەمەوێ چەند گۆرانی بڵێم.
سەلام لە تاهیر تەوفیق لە رەسوڵ گەردی, لەو برادەرانە و لەو دۆستانە فوئاد ئەحمەد کە نەمدیوە, لە ویش. لە هەر کوردێک کە منی بوێت سەلامیان لێدەکەم. ..
با شتێکی خۆشتان بۆ بڵێم, سەرتان دەیەشێنم. ساڵەهای ساڵ ماموستا عەلی مەردان لەوەتی کە سەورە بوو, هەر دوو ساڵ جاریک سەری دەدام لە ئێران, مەمنویم, نۆکەریم, نەمەک چیم.

عەلی مەردان بەرزە, زۆر بەرزە, کورد قەدری نازانێ, ئەمن قۆندەرەکانی ئەخەمە سەر چاوم. باشە! ئەمە مەرد ومەردانە ئەبو سەباح, کاک جەلال ئەمە تۆخوا و پێغەمبەر دایم بلاو کەنەوە. ئەو هونەرمەندانە,هونەرمەند نەبادا بڵێن کابرایەکی هیچ وپوچ, هونەرمەند ئەهاتن سەری منیان ئەدا. رۆژێک لە رۆژان لە کرماشان محەمەد عارف جەزراوی, حەسەن عارف جەزراوی,ئەلیاس فەرەنگی هاتن. ویژدانەن گوتبویان,لە «ئەمن» کە ئێمە لە «ئەمنی» ئێران, منیش زەمانێکم بو, زەمانەکەم خۆشبو, زۆر جوان بو, زۆر زۆر زۆر. وەڵا ژن ومێردێک بووین 5, 6 کلفەت ونۆکەرمان بو, وەڵاهی, وڵلاهی. ئەوانە گوتبویان لە «ئەمن» ئێمە لە هیچ هوتێلێک نامێنین, ئەبێ بچینە لای حەسەن زیرەک, ئەمان برام گوێت لێ بێ.«ئەی برای کورد, بۆیە هیوام بە کورد نیە» محەمەد عارف جەزراوی, لە گەڵ حەسەن جەزراوی لە گەڵ چەند نەفەر وەختێ واردی ماڵی ئێمە بوون, من ماڵم نیە, ماڵی برادەرە, ماڵی عالەمە, دایم حازر بووم«راکاز»بدەم ئەوە بەرن,ئەوە بێنن. وەزع زۆر جوان بو. زۆر, زۆر, زۆر ئەمما رۆژێک محەمەد عارف جەزراوی وئەوان رۆیشتن.ئێران هەرچی جایزەیان دانێ, چەند گۆرانیان وت. پێیان بڵێن, پێیان بڵێن محەمەد عارف شریتیان لێ نەدەگرتن.«ئەوەی» لە کرماشان ئەوەی کردم کردم. دوو سێ نەوارم لێگرتن حەوت سەعات گۆرانیان وت. لە سەر سەرو سەرچاوم. حەوت سەعات شریتیان گرت. ئەمما رۆژێک کە رۆیشتن.ئەبو بە ماشێن کە لە تارانەوە دێت بۆ گرتن. جەرەیەک ئاوم بۆهەڵگرتن بەرێم کردن لە سەر سەرم ئەمما مەلا بانگ دان مەجبور بووم ئەو برادەرانەم بەرێ کرد. لە جیاتی نوێژ یاخوا خوا بە نوێژی بنووسی, خەلاس بو, گوتم ئیلا ئەوەی دیاری بو, ئەوەی سەوغات بو وهەڵاهی لە گیوەی کرماشانی هەتا سەماوەری نەوت,ئەوەی کە پێم کرا سەوقاتم بۆ کڕین. ئەوە گلەییە برام ها! ئەوەی کە پێم کرا بۆم کڕین. ئی لاهی ئامین, الحمدولله رب العالەمین. بۆم کڕین مەلا بانگ دان ماشێن هات و بە تەلەفون بە منیان گوت میوانەکانت خەبەر کە. میوانەکانم بە هەزار دەردەسەر خەبەر کرد و رۆیشتن, چوم جەرە ئاوم بەو دەمی بەیانیە بۆ پەیدا کردن کەئەم برادەرانە, گەرمایان ئەبێ, تونیان ئەبێ, با جەرەیەک ئاویان هەبێ, جەرەیەکی جوان,جوان,جوان بە دڵی خۆم,ئەو شتەی خۆشم ئەوێ لە حەیاتی خۆمدا کڕیم, مەسەلەن وەک پێم خۆش بو, خودایە, خوایە ئەم برادەرانەم ئاوا بەرێ کرد. یارەبی زۆر شوکر بەس نەبو من بوم. ئەم هەژدە شەوە خزمەتی ئەوانم کرد. الحمدولیلا, یارەبی یارەبی خودا, لە عانی مەستی شدا هاوار دەکەم خودا,خودایە,کە بهرێم کردن, ئەمما زەمانێک میرزا کەریم پێت خۆش نیە ئەوە تەواو کەم.؟باشە عەلا کولی هەمووو شتێک خەلاس بێ. ئەمانەوێ دوو سێ گۆرانی ئاخری پیری بنێرینە هەولێر.

لە شنۆ پرکراوەتەوە ئەوکەتەکە رابەی ژن بووە

## زیرەک و رادیۆ

حەسەن زیرەک لە کاتێک دا دەنگی لە رادیوی کوردی بەغدا و تاران بڵاوکرایەوە کە لە کوردستانی ئێران هیچ دەنگێک یا جوڵانەوەیەکی فەرهەنگی, سیاسی بەرچاو لە گۆڕێ دا نەبو. تەنانەت چاپی لاپەرەیەک کتێب بە زمانی کوردی لە ئێراندا زیندان و جەزرەبەی لەدووا بو. شاعیر,نووسەر,ئەدیب, رۆشنبیر و هونەرمەندی کورد یا بەرهەمی کوردی خۆیان لە هەزار کون و قوژبندا دەشاردەوە, یان بە دزی بڵاویان دەکردەوە ویان وەک فارسێک هەست و بیرو هونەری خۆیان دەردەبڕێ.

رادیۆ و تەلەوزیون و گۆوار و رۆژنامە و کتێب و دام و دەزگاکانی ئێران یا موسیقا وگۆرانی و فەرهەنگی خۆیان یان فەرهەنگ و هونەریورداتی ئوروپی یان دەرخواردی هەمووو خەڵک دەدا. کوردیش هەر لە گەڵ ئەم فەرهەنگە نامۆیەدا رادەهات, بە تایبەت مناڵان ولاوانی کورد بە فەرهەنگی(رەسمی) فارسی, پەروەردە دەکران و فەرهەنگ و هونەری کورد بێ ناز بو. زۆر کەس فەرهەنگ وهونەری کوردیان بە دواکەوتو دەزانی و گاڵتەیان پێ دەکرد وخویان لێ لا دەدا, بووچونێک کە ئەمرۆش لە ناو کورددا هەیە بە تایبەت لە ناو هونەرمەندان!!.و رۆشنبیران!!دا. لە سەردەمێکی ئاوادا زیرەک گۆرانی و شیعرو دەنگی ڕەسەنی کوردی کە بە ساڵان لە گوند و باژێرەکانی کوردستان کۆی کردبونەوە, لە گەڵ بەرهەمی مێشک و زەوقی خۆی دەگەیێنێتە هەمووو کوردی باشور و رۆژهەڵات. شیعری شاعیران کە چاپ وبڵاوکردنەوەیان یاساخ بوو, لە دەمی زیرەکەوە دەبیسترێ .روونکردنەوەی رۆڵی زیرەک و کەسانی تر لە پێک هێنانی بارێکی جیای فەرهەنگی, لە فەرهەنگ و هونەری زاڵ بە سەر خەڵکدا, کە لە رێگای رادیۆکانی خۆدی حکومەتەوە پێک هاتبوو, بەشێکە لە مێژووی فەرهەنگ وهونەری کورد و بەشێکە لە کارێکی ژیرانەی رۆشنبیری ئەو سەردەمە. بێ گومان مناڵان و لاوانی ئەو سەردەمە ئەگەر ئاوڕ لە ژیانی ئەو سەردەمەی خۆیان بدەنەوە دەیسلمەێنن کە ئەم جوڵانەوە یارمەتی ئەوانی داوە بۆئەوە بزانن ئەوان خاوەنی فەرهەنگ وهونەرێکی ترن کە جیاوازە لە فەرهەنگ وهونەری داسەپاو بەسەریاندا. زیرەک پێوەندێکی نزیک و قوڵی لە گەڵ هونەرمەندان, شاعیران ورۆشنبیرانی ئەو سەردەمە هەبووە, ئەو لە هاموشۆکردن لە گەڵ شاعیرانی بەرزی ئەو سەردەمە بیری کوردانەی خۆی قوڵتر وخاوێنتر کردۆتەوە و بە پشتیوانی ئەوان رێگایەکی ژیرانەی پێواوە.

گۆرانیەکانی زیرەک تایبەتی چین و توێژێک نین, هەست و بیرو ئاواتەکانی مرۆڤە, ئەویش مرۆڤی کورد. کاتێک شیعرە بەرزەکانی هێمن ,هەژار,سەید کامیل ئیمامی , مستەفا بەگ, هەردی و وەفایی دەبنە گۆرانی, زیرەک دەبێتە گۆرانی بێژی رۆشنبیران, کاتێکیش خاڵەی رێبوار و کیژان دەچنە مێرگۆڵان و سەدانی تر لەم چەشنە, گۆرانیەکانی زیرەکن, گوێگری زیرەک, هەر کوردێکە کە لە سروشتی کوردستاندا گەورە بووە, ئەو کاتەش گۆرانی دڵداری و سۆفیانە ویان هەڵپەرکێ دەچڕێ ئەوە روونە گوێگر هەمەجۆرە, ئەو کاتەش فولکلور کاکڵ و ناوەرۆکی گۆرانیەکانیەتی گوێگرەکان ئەوانەن کە بەستراونەوتەوە بە فەرهەنگی کورد بەگشتی. زیرەک لە رێگای رادیۆوە خۆ دەگەیێنێتە هەمووو ئەو گوێگرانە.. گوێگرانی زیرەک هەم شوان و سەپان وپاڵە و ڕەنجدەر بوون هەم شێخ و مەلا, ژن و پیاو, لاو و بەساڵا چو, گوندی وشاری, خوێندەوار و نەخوێندەوار.

حەسەن زیرەک لە شوێنێک نەماوەتەوە, گەڕۆک بووە, شارو گوندی باشور ورۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتەکانی عێراق و ئێران گەڕاوە. ئەمە وێنەی ژیانی زۆر لە شاعیران و رۆشنبیرانی میللەتەکەشی بووە. هونەرەکەشی هونەرێکی وەستاو و قەتیس کراو نیە, هونەرێکی کوردانەی رەوانە ولە رۆیشتندایە, هونەرێکی هاوبەشی کۆمەڵێک هونەرمەند, رۆشنبیر, شاعیرو دەیان هونەرمەندی بەرزی موسیقای کورد و کەسانی نەکوردە. سەردەمی زیرەک سەردەمی رادیۆ بوو, ئەو لەو کات وزەمانەدا کە ژیا بە باشترین شێوە کەڵکی

لە رادیۆ وەرگرت بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی, بۆ نیشان دانی هونەری کورد, بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیات ورۆشنبیری کورد. ئەم کارەی زیرەک رەنگە بەرزترین خزمەتی ئەو بێ بە فەرهەنگی میللەتەکەی. ئەو لە ناوخەڵکەوە هەستاو لە ناوخەڵکدا مایەوە و لە سەر دەستی خەڵکیش بەرەو دووا ماڵ بەرێ کرا.

## زیرەک و شێخ

زیرەک وڵاتێکە نەناسراو, هەر وەک نیشتمانەکەی, هەر وەک فەرهەنگ و زمانەکەی. گەر زیرەک کیانی هەبایە, وڵاتەکەی پڕ خشڵ وزێڕی ئەویش دەناسرا وڕێزی لێ دەگیرا, زیرەک بە دایک وباب هەتیو بوو, نیشتمانەکەشی!

گۆرانی وبەستە و مەقامەکانی زیرەک کە پڕی فولکلۆر وبیر وبوچوون وداب ونەریت و ئەدەبیاتی زارەکی و پەند و مەتەڵ و زمان وزاراوەی نەتەوەیەکی نەناسراوە, تەنیا بیستراوە و کوتراوەتەوە و کەمتر نووسراوەتەوە. گەر بخوازین زیرەک بناسین دەبێ کوردستان بناسین, گەر بخوازین کوردستان بناسین دەبێ فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەکەی بناسین. ئەمەش کاری مرۆڤی لێزان و ئەویندارە.

زیرەک وهێمن وهەژار لە کاتێکدا لە موکریان لە دایک دەبن کە :

– شەڕی یەکەمی جیهانی پاش وێران بوونی زۆر وڵات و لە ناوچوونی زۆر ئینسان کۆتایی پێ هاتوە,
– تیزاری روس وەبەر شەقی کۆمۆنیستەکان کەوتوە,
– سوڵتانی عوسمانی وەبەر شەقی ئاتاتورک کەوتوە,
– قەجەرەکانی ئێرانیش وەبەر شەقی رەشە سەرباز رەزا میرپەنج کەوتوە,
– دوو وڵاتی عێراق و سوریاش بە پینە و پەڕۆ وە سەر یەک خراون,
– کوردستانی دور لە شەڕیش پاش مردنی یەک ملیون مرۆڤ لە برساو لە بەر نەخۆشی چوار کوت کراوە.

لەم سەردەمەدا,کورد هەموو مافێکی کە پێشتر لە چوارچێوەی میر و بەگەکاندا هەی بووە, دەیدۆڕێنێ. لە تورکیە ناوی تورکە کێویلەیان بە سەردا دەسەپێنن وناوی کورد دەسڕنەوە. لە ئێران رەزاشای قولدور جل وبەرگی کوردی قەدەغە دەکات و شەپکەی پەهلەوی دەنێتە سەری خەڵک و نیفەک دەدڕێنێ وزمانی نووسین وروشنبیری دەقرتێنێ. لە عێراقی بە ناو کورد وعەرەب پروسەی بە عەرەب کردن و شێواندنی زمان و فەرهەنگ و دەرونیاتی مرۆڤی کورد دەستی پێ دەکرێ. لە رۆژئاواش کوردستان کورد هەروەک ئێستا عەرەب نووس دەکران.

لەم کات وساتەدا,

یانیساڵی 1921 لە تەرەغە وشیلان ئاوی و لە گەرەکی سەر قەڵای بۆکان عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی, محەمەد ئەمین شیخ السلامی و حەسەن زلە بۆکانی لە دایک دەبن.

دەبێ نهێنی یەک لە نهێنیەکانی سروشت لە گۆڕێ دابێ کە عەبدولڕەحمان شەرفکەندی دەبێتە «هەژار», محەمەد ئەمین شیخ ئەئیسلامی دەبێتە «هێمن»و حەسەن زلە بۆکانی دەبێتە«زیرەک».

تۆ بڵێی سێ ناوی «هەژار» و «هێمن»و «زیرەک» پڕ بە پێست نەبن بۆ ناساندنی نەتەوەیەک بە ناوی کورد؟!

"هەژار"ی باوک کۆچ کردو کە خۆی سەغیر دەبێ، دەبێتە سەرپەرستی چەند سەغیری تر. هێمنی کوڕە دەوڵەمەند, خوزیای تێکەڵاوی باوک مردووانی بەڵام «ئازاد» ە. زیرەکی باوک مردووی دایک شوو کردو, خۆی دەبێتە دایک وباوکی خۆی. هەر سێک ژیانی دوا رۆژیان لە گەڵ ئاوارەیی و دەربەدەری گرێ دەدرێ. گەرمای

بەغدا و سەرمای قەندیل, نەداری و کەساسی بەرۆکیان دەگرێ. لێکۆڵینەوە لە سەر ژیانی ئەم سێ کەسە رۆشنایی دەخاتە سەر زۆر لایەنی تاریکی ژیانی فەرهەنگی و فەلسەفی و رەوانی کوردان کە ئەرکی ئەم نووسراوەیە نیە. هێمن و هەژار جێ دەهێڵین و لە زمانی زیرەکەوە ژیانی دوو کەسەکەی تریش دەخەینە رو.

زیرەکی شاعیر لە کتێبەکەیدا چریکەی کوردستان دەڵێ:

| | |
|---|---|
| خەڵکی بۆکانم, کوردی خوێن پاکم | برام حوسینە و خاتو ئامین دایکم |
| ناوم حەسەنە وباوکم عەبدوڵا | خوشکم سارایە و کاک مینە کاکم |
| دەستی قودرەت بوو بابم کۆچی کرد | دایکم مێردی کرد زۆر بەدەست و برد |
| بەو جورە ماڵی ئێمەی بە قورِ گرت | بزنی دەفروشت دەیکوت مانگا مرد |
| خوشک و برامی وادەر بەدەر کرد | خەڵکی بۆکانی لێمان خەبەر کرد |
| بناغەی ماڵی لە بن دەرهێنا | سەبارەت بە مێرد گشتمانی دەرکرد |
| هەشت, نۆساڵە بووم بووم بە عەمەلە | لە کار کردنا زۆر دەمکرد پەلە |
| لەم دێ بۆئەو دێ, لەم شار بۆ ئەو شار | لە بەر بێ کەسی کەوتمە ئەم هەلە |

منالانی 6,7 ساڵان بە نازی دایک و باوک گەورە دەبن و رەوانەی قوتابخانە دەکرێن, زیرەک دەنێردرێتە بەر گاو مانگا و بێگاری کردن. ئەو دور لە تەئسیری دایک و باب و بنەماڵە دەبێ, رێگای خۆی بدۆزێتەوە. چاک وخراپ خۆی دەبێ لە یەکێ جیای کاتەوە. زیرەک هەر لە مندالیەوە مێشکی ئەم هەلەی بۆ دەرخسێنێ دور لە چوارچێوەیەکی تایبەتی, ئایین و سیستەمێکی ئیدئولوژی و حکومەتی, شت فێر ببێ. ئەمە یەکەم تایبەتمەندی زیرەکە. زیرەک هەر لە مندالیەوە بە چاک و خراپ خۆی بریاری داوە.

زیرەک 42 ساڵ لە ئێران و عێراق, شارو گوندەکانی باشور و رۆژهەلاتی کوردستان گەراوە, قەت 5 ساڵ لە شوێنێک نەماوەتەوە. قەت بە ماڵێک و شارێک وناوچەیەک نەبەستراوەتەوە. چاوی کراوە و دڵی گەرم بوە. ئەم 42 ساڵەی کە ئەو لە گەران دابووە, هەر ئەو کات و زەمانەیە کە شۆرشەکانی شێخ سەعید و شێخ رەزا و سمکو و شێخ مەحمود وبارزانیەکان و کۆماری کوردستان و سەرهەڵدانی ئاوارە وموعینی و شەریفزادە روی داوە. هەر ئەو کاتانەیە کە ئاڵ و گۆری بە سەر حکومەتەکانی ئێران وعێراق و تورکیادا هاتوە. کۆمەڵگای مەندی چەند هەزار ساڵەی کوردستانیش دوچاری ئاڵوگۆرِ هاتووە و گۆرانکاری بە پەلە و توند و تیژو خێرا رووی تێکردوە.

هەمووی ئەم گۆرانکاریانە لە سەر مێشک و دڵ و دەرونی زیرەک و گۆرانیەکانی رِەنگی داوەتەوە. هەزار وچەند سەد گۆرانی زیرەک, یانی تومارکردنی ژیانی کوردان. بە تایبەت بیروبوچوون و شێوەی ژیان و هەست و نەست و هەڵستان ودانیشتن وداب ونەریتی کوردان خزاونەتە ناو گۆرانیەکانیەوە. خەم وژان و دەردو کوڵ, شادی وگەشی وخۆشی, ژان و ژن و ژیان, سێکس, مردن, دین و ئایین, دوری و غەریبی, وەفا وبێ وەفایی. خوا وپیغەمبەر و شێخ ومەلا و حاجی و حەج ونوێژ و رۆژ ونوشتە هەتا مەی ومەیخانە و خانەقا لە گۆرانیەکاندا جێگای خۆیان کردوتەوە. ئەوە جگە لە سەدان هەوا و بەستە ومەقام و ئاوازی موسیقای کوردی یە کە بەم چەشنە زیندو کراونەتەو.

سەد بریا نووسەر و هونەرمەندی دوای زیرەکیش وەک ئەو دەربرِی هەست و بیرو بوچوونی خەڵک بایەن, بێ ئەوەی ئایین و ناوچە و دەستەلات وژیانی تاکە کەسی خۆیان راستیەکانیان پێ بەرەوئاوەژوو کاتەوە.

سرِێکە وا لە دڵما گەر بیڵێم زمان ئەسوتێ

گەر بیشارمەوە نەیبێژم گوشت و ئێسقان ئەسوتێ

زیرەک تەنیا زمانی حاڵی خەڵک نەبوو, بەڵکو زمانی حاڵی زۆر لە شاعیرانیش بو. ئەحمەد هەردی, مستەفا بەگی کوردی, تاهیربەگی جاف, وەفایی, هێمن, هەژار, سەید کامیلی ئیمامی و زۆری تر لە رێگای زیرەکەوە بەرهەمەکانیان چۆتە ناو خەڵک.
زیرەکی هەم هەژار وهەم هێمن لە 1972/6/26 لە شارە خۆشەویستەکەی کە بەشێک لە نیشتمانەکەیەتی ناشترا.
ئەو رۆژە هەموو دووکان وبازار داخران, قوتابخانەکان بێ ماموستا مانەوە, ئیدارەکان تەق ولەق بوون. لە مێژووی ئەم شارەدا دووهەم جار بوو کە هەمووشت دەوستا. تەنیا یەک جار بەر لەوە خەڵک بەم چەشنە هەمووشتیان وەستاندبو. ئەویش ئەو کاتە بوو کە نیشتمان پەروەری مەزن شێخ عوبدڵا ئەفەندی ماڵئاوایی لە دنیا کرد.
زیرەک و شێخ بۆ خەڵکی بۆکان یەک رێزیان هەبوو, شێخ دەیویست کوردستان رزگار بکا, زیرەکیش مریدی کوردستان بو.

نوامبری 1996 کوڵن

## تراژدی موسیقای کوردی

### موسیقا ومرۆڤی کورد

موسیقای کوردی ڕەنگدانەوەی بیرو هۆش وهزر و هەست ودەرونی مرۆڤی کوردە کە لە سروشتێکی شاخاوی پڕ ڕەمزم و ڕاز، چەم وکانیاو ،سەوزایی ودەشتی کاکی بەکاکی ، لێرەواری چڕوپڕ سەرچاوەی گرتوە.
موسیقای کوردی موسیقای ولاتێکی کۆنی پڕ لەکارەسات ومێژوویکی چەواشەکرا و چارەنووسێکی ئالۆز و نادیارە. گۆرانی و موسێقای کوردی زمانی دەربڕینی ئەوین و ئازار و هیوا و بە سەرهاتەکانی نەتەوەی کورد بووە.

### موسیقای کوردی چەمکێک لە موسیقای هیندوئۆرۆپی

موسیقای نەتەوەکانی هیندو ئورپی کە کوردیش دەگرێتەوە ڕێگایێکی دوری ناهەمووارى بڕیوە. موسیقای ئوروپی بە هۆی بارودۆخ بەرەوە پێش چووە و بەرینتر و ڕەنگینتر بۆتەوە، موسیقای هیند کە لە ڕابوردوی خۆی دانەبڕاوە دەوڵەمەندتر کاری کردۆتە سەر موسیقای جیهان. موسیقای نەتەوەکانی ئێرانی (وشەی ئیرانی لێرەدا مەبەست دابەشکردنی زانستی زمان و نەتەوەکانە) بۆتە دوو بەش بەشێکی سەردەست وئازاد بووە وەک فارسی و بەشەکەی تر ژێردەست و بەندکراو وەک موسیقای کوردی.

### سڕینەوەی ڕەنگی نەتەوایەتی لە ڕێگای بن دەست کردنی موسیقا

موسێقای کورد وەک ولات و مرۆڤی کورد بن دەست و نائازاد بووە و لە ژێر هەڕەشەی نەمان و تێکدانی دوژمن و ئالۆزکردنی دۆستدا هەم خۆی پاراستووە وهەم کەرەسەیک بووە بۆ پاراستنی زمان ولایەنی نەتەوایەتی. موسیقای کورد بە تەنیا لە ژێر پەلاماری دام و دەزگای دەوڵەتی و سەربازیدا نەبووە بە ڵکوو ئایینی داسەپاو بە سەر ولات و نەتەوەکەدا دوژمنایەتی موسیقای کوردیان کردووە، جا چ بە لە ناو بردن چ بە تێکدان و ئالوزکردن و چ گۆرینی ناوەرۆکی گۆرانیەکان. سڕینەوەی لایەنی ئایینی کۆنی کوردان لە گۆرانی وموسیقادا و کێشانی بەرگی ئیسلامی بە بەریدا و بە کارهێنانی موسیقای کورد بۆ ئامانجی ئایین وئیدئۆلوژی ئیسلام، بۆ مەبەستی شوینیستی عەرەبی بە دەستی عەرەب و یا کوردانێکی وەک ئیبراهیم ئیسحاقی مووسلی و عەبدولقادری مەراغەیی و ئەرمەوی (ورمێ)لە کۆندا و دەیانی تر لەم ڕۆدا بۆ مەبەستی جیاواز، نیشانەیە بۆ تواندنەوەی نەتەوەیک بە ناوی کورد.

### پاراستنی موسیقا ئەرکێکی نەتەوایەتی

پاراستنی موسیقا کە بە خۆراکی رۆح ودەروون دەژمێردرێ لە بارودۆخێکی چەند هەزار سالەی ولاتێکی وەک کوردستاندا کە وەبەر پەلاماری رۆم و عەجەم و عەرەب و تورک و مەغول و زرەکورد کەوتووە، ناتوانێ کارێکی ساکار بێ. هەر بۆیە پارێزەرانی موسیقا و گۆرانی کورد لە چەند هەزار سالی ڕابوردودا ئەگەر زێئوس ئاسا خوا نەبووبێتن ئەوە شەم و پەپولەی شەوانی درێژی مێژووی ولاتەکەیان بوون. کورد بە موسیقا گۆژ کراوە، بە موسیقاش بەرەو گۆڕ بردراوە، بە موسیقا بەرەو جێ ژووان چووە و بە موسیقا پەلاماری دوژمن و داگیرکەری داوە هەر وەک چۆن بەر لە زایین گزنفون لە گەڕانەوەی 9000سەربازی یونانی

دا باسی لێوە دەکا. لە دەیرەکانی میترا و زەردەشتدا سەما و گۆرانی هەژێنەری دەروونی مرۆڤی کورد بوون , ئەمڕۆش زمانی گۆرانی و پێی سەمای کورد لە کار نەکەوتووە.

## لێکۆڵینەوە لە سەر موسیقای کوردی

هەرچەند کورد لە درێژایی مێژوودا لە زۆر لایەنەوە شکستی خواردووە، بەڵام لە بواری پاراستنی موسیقا ، هەڵپەرکێ و ئەدەبیاتدا سەرکەوتوو بووە. هۆی بوونی ئەم هەستە بەرزە وهۆی ئەم سەرکەوتنە دەبێ بکەوێتە بەر باس و لێکۆلینەوە، لێکۆڵینەوەیکی وا بەم ڕێگایانەی خوارەوەدا دەرباز دەبێ:

1- سەردەمی چەند خودایی بە تایبەت سەردەمی دەستەڵاتی ئوستورە , لە وانە ئایینی میترا.
2- سەردەمی زەردەشت و پاشان دەورەی زاڵ بوونی چڕینی گاتاکان
3- سەردەمی مادەکان و بۆنەکانی نەتەوایەتی وەک نەورۆز و شەوانی چلە و هتد
4- سەردەمی هەخامنشیەکان و ڕۆڵی موغەکان و بەیت بێژەکان
5- سەردەمی ساسانیەکان و ڕۆڵی موغەکان، گۆرانی بێژەکان و بەیت خوانەکان
6- سەردەمی ئیسلام هەتا ئەمڕۆ کە دەستەڵاتی جوراجور بە سەر کوردستاندا زاڵ بووە. ئەم دەورەیە دەیان لایەنی هەیە و خۆی بە چەند دەورەدا دابەش دەکرێ کە لە هەر دەورەیکدا دەوری موسیقا و چەشنی موسیقا جیاوازە.

لێکۆڵینەوە دەری دەخا کە مرۆڤی کورد بەتایبەت پەیامبەرانی موسیقا و ئاوازو گۆرانی وبەیت و حەیران و رازگێڕانەوە و هورەوسیاچەمانە و دەیان چەشنی تری موسیقا بە درێژایی ئەو چەند هەزار ساڵە سەبک و شێوەی هاوبەشیان هەبووە بۆ پاراستنی موسیقای کورد ئەوەش یەکێک لە ڕەمز و ڕازەکانی مرۆڤی کورد بووە. وێنەی کامکارەکان و شەهرام نازری لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا, مەقام بێژانی کورد لە تورکیا, دەورەگەردەکانی کورد لە سوریا لە سەد ساڵی ڕابوردودا دەرێژەی شێوەکارەی سەردەمی هەخامەنشی و ساسانی و ئیسلام و پاشانە. یا هەر ئەو شێوە کە ئیزەدیکانی کوردستان بۆ پاراستنی کتێبی ڕەش( کتێبی ئایینی ئیزەدییەکان) وچڕینی ئایەکان بەکاریان هێناوە هەر ئەو شێوەیە کە لە کۆندا کورد بە کاری هێناوە بۆپاراستنی ڕەگەکانی فەرهەنگی خۆی. ئەمەش نیشانەیە بۆ پەیوەندییەکی قوڵی نەتەوایەتی هاوبەش.

## موزەخانەی کوردان

موزەخانە و کتێبخانەی مێژوویی کورد واتە فولکلور و ئەدەبیاتی زارەکی و شێوەکانی چڕینی کوردی جێگایکی تایبەتی لە ژیان ومێژووی کورد دا هەبووە وهەیە. بۆ ئەوەی باوەڕ بە خۆمان بکەین کە مێژوومان دزراوە و چەواشە کراوە ئیشارە بە پیشانگای 7000ساڵ مێژووی ئێران دەکەم کە لە نیوان پاییزی ساڵی 2001 و زستانی 2002 لە شاری بۆن لە ئاڵمان بەرپاکراوە. لە Kunsthalleبینەری بەرهەمی برۆنز و زێو و زێڕو شووشە بووین لە 7000ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا ئەمڕۆ، پەیکەری هەمەجۆر لە ناوچەی لورستان، کرماشان، هەمەدان، ئەردەڵان، موکریان و شوێنی مادی بچوک واتە ئازەربایجانی ئەمڕۆ خرابوونە بەر چاوی بینەران. زیاتر لە 75% بەرهەمەکان هی ئەم ناوچانە بوون. <u>لە ناو پەیکەرەکاندا دوو پەیکەری ژن و پیاو هەبووون بە مەزنی 15سانتی متر هەرکیان ئامێری موسیقایان بە دەستەوە بوو جگە لەوە پەیکەری ئامێرێکی موسیقا بە بەرزایی 40سانتی مەتر کە لە شوشە سازکرابوو دەبیندران</u>. <u>ئەوانە لە ناوچەی کوردستان ولورستان دۆزرابوونەوە !</u> 5600ساڵ پاش ئەو رۆژانە موسڵمانانی عەرەب دێن هەم موسیقا قاچاغ

دەکەن و هەم ژنان لە پلەی بانتر لە پیاو دەهێننە خوارەوە.  لە زۆربەی موزەخانەکانی جیهان تووشمان بە توشی بەرهەمی وا دەکەوێ کە دزراوی وڵاتەکەمانە، کە مێژوومانی تیدا شاردراوەتەوە لە وانە مێژووی موسیقامان . جگە لە موزەخانەکان لە ناو فەرەنگ و موسیقای ئەو میللەتانەشدا کە بەسەرماندا زاڵ بوون و زاڵن دەتوانین جێ پێی موسیقاکەمان  بدۆزینەوە. ئەگەر ئێمەی کورد خاوەنی چارەنووسی خۆمان بایەین ئەوە مێژووی خۆمان بە دەستی خۆمان دەنووسرا و هەروەها مێژوونووسەکانی خۆمان لە جیاتی مێژووی فارس وتورک و عەرەب مێژووی خۆمانیان دەنووسییەوە.

هەرچەند خاوەنی موزەخانە وکتێبخانەی نەتەوەیی وکیانی نەتەوەیی نین بەڵام خاوەنی موزەخانەو کتێبخانەیکی یەگجار بەنرخین کە تا ئێستا بە دەگمەن ئاوڕی لێ دراوەتەوە ئەویش ئەمانەن:

1– ئەدەبیاتی زارەکی
2– فولکلۆری کوردی
3– داب و نەدیت و گەمەو یاری
4– گۆرانی هەمە چەشنە
5– هەڵپەرکێ
6– رازوحەکایەت گێڕانەوە
7– بۆنەکانی کوردی
8– جل و بەرگ و سیپاڵی کورد

ئەم موزەخانە وکتێبخانەیە تا ئێستا لە لایەن خۆمانەوە بە چاوی کز ولاواز و بێ نرخ و لە لایەن دوژمنانەوە بە چاوی دوژمنانەوە سەیری کراوە !

## پەیامبەرانی موسیقا

کێن ئەو کەسانەی کە بە درێژای چەند هەزار ساڵ ئەم موزەخانە نەتەوەییان پاراستووە؟ کێن ئەو کەسانە کە ڕواڵەتی کوردانەی مرۆڤی کوردیان لە ناوەوە پاراستووە؟ کێن ئەو کەسانە کە هەستی ئینسانی کوردیان تەشنە پێداوە. ئەوانە ئەو کەسانەن کە هەر لە منداڵییەوە لایە لایە بە گوێی منداڵەکانیاندا دەچڕن. ئەوانە ئەوکەسانەن کە لە شایی و شیوەندا لە شەڕ و خۆپارستندا لە کارو پیشەی ڕۆژانەدا دەنگ هەڵدەبڕن. ئەوانە کەسانێکن وەک زەردەشتی گاتا خوین ،وەک موغە دەنگ پڕسۆزەکان ، وەک هورەچڕ و سیاچەمانە بێژ و بەیت خوانەکان. وەک دەنگ بێژەکانی ئایینی لە بەرگی موسڵمان و یەزیدی و یارساندا ! ئەوانە ئەوکەسانەن کە ئێمە بەناوی سەید عەلی ئەسغەر وسێوەخان و عاشەشان و کەوی جۆ و مەنیج حەیران و زیرەک و عەلی کەردار و حەمە جان و عەلی نەزەر و کێمنەیی و ڕەسول گەردی و خالقی و دیلان وکابان و جەزراوی و ماملێ و رەزازی و شوان پەروەرو و دەیان و سەدان ناوی تر ئەمرۆ دەیانناسین. هورە چڕ و بەیت بێژەکان ڕۆڵی مێژوونووسانی کوردیان گێڕاوە و گۆرانی و قام بێژان دەوری رۆشنبیران. ئەوەش ڕوونە پێوەندی بەیت خوان وهۆرەچڕ و گورانی بێژەکان لە گەڵ سەرجەم چین و توێژەکانی کورد، پێوەندیکی قوڵی بەردەوامی مێژوویی رۆژانە بووە و ئێستاش هەر وایە.  ئەم جێگا بەرزە بە هاسانی پێک نەهاتووە. پوختەی ژیانی هەرکام لەم کەسانە تراژێدیکی مێژوویی بێ دەنگە. بە دەگمەن لە ناو کورددا هونەرمەندی ڕەسەن هەبووە کە ژیانی پڕ لە ئازار نەبووبێت. هەمووی ئەوانە ئەندامانی بنەماڵەیکی گەورەن کە هێشتا لێکۆڵینەوە لە سەر ژیان و کار و

بەرهەمەکانیان نەکراوە. یەک لە وانە حەسەن زیرەکە کە 81 (29.11.1921)ساڵ لەمەوبەر لەشاری بۆکان لەدایک بووە و سی ساڵ لەوە پێش (26.06.1972)بە تەنیا لە داوێنی ناڵەشکێنە نێژرا.

**تراژدی بێ دەنگ**

گۆتەی ئاڵمانی دەڵێت: ,, خۆشەویستی و هونەر، شتی بچووک گەورە دەکەنەوە,, بە داخەوە ئێمە شتی گەورەی خۆمان لە حاند هی بێگانەدا بچووک دەکەینەوە.

هەر ئێستا بلیمەتێکی وەک قادر عەبدوڵازادە (قالە مەڕە) کە زیاتر لە 70 ساڵە سەدان هەوا و نەوای کوردی پاراستووە لە موزەخانەیکی زیندوو دەچێ، لە بەر چاومان بچکۆلانەیە و خۆی و شمشالەکەی دەربڕی تراژدیکی بێ دەنگن. هەموو رۆژیک بە بەر چاوی خەڵکدا دێت و دەچێ و خۆی دەڵێ: « **بە خولای هەموو جارێ تەقەم لە بابی هەڵدەستن و دەڵێن ئەو سەگ بابە بە خۆی و شمشالەکەیەوە مێشکی سەر عالەمی بردووە**» مرۆڤێک کە هەموو ژیانی ترخان کردووە بۆ زیندوو ڕاگرتنی سەروەتێکی نەتەوایەتی , دەبێ ئازار بکێشێ؟ ئەم تراژدێدیە بێ دەنگە بە مامە قالە وزیرەک کۆتایی پێ نایات . ژیانی مامڵێ لە بیست ساڵی دووایی تەمەنیدا جەرگ بڕ بووا فەتانەی وەلیدی ئەمڕۆ زیندووە، بەڵام کەس نازانێ بۆ کیژۆڵەی گۆرانی ناسکی کوردی لە باتی چڕینی گۆرانی دڵداری، شێتانە لە شەقامەکانی شارەکەیدا ویل و یلان دەخولێتەوە. چی دەنگی فەتانەی کپ کردووە و سەری لە دێوانەگی داوە؟ دوکتور قادر دیلان سەر تۆپی زانستی موسیقای کوردی بوو. ساڵانی کۆتایی ژیانی ئازارەکانی هیندە تەنگیان پێ هەڵچنی بوو کە تەنیا ئیسقانەکانی مابوو، ئەوین و ئاواتەکانی لە نۆتەکانی موسیقاکەیدا هاتنە دی، ئەویش تەنیا لە سەر کاغەز. خۆی و نۆتەکانی لە هەندەران مانەوە. خۆی گڵ گر کراو نۆتەکانیشی ئەگەر بە دزیی نەچوو بێت ئەوە ڕەنگە ڕۆژگارێک لە موزەخانەکان چاومان پێی بکەویت. ئەم چیرۆکە دریژە و دەیان دەردمەندی تری تیدا جێگا دەبێتەوە! حەسەن زیرەک 73 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە ناو شایی و بۆنەکانی شاری بۆکاندا دەستی بە گۆرانی چڕین کرد و 43 ساڵ هەتا دوا ساتەکانی ژیانی وشەی ڕەسەنی کوردی هاتە سەر زمانی, ئەمڕۆ کورد خاوەنی بەرهەمەکانی زیرەکە کە وردە وردە تۆزی لە سەر دەنیشێ، تۆزیک کە بە گشتی لە سیمای نەتەوایەتیماندا نیشتووە!!

17.12.2001کوڵن ئاڵمان پێداچوونەوە 2002.06.24

# فستیواڵی یادی 75مین ساڵی لە دایكبوونی حەسەن زیرەک

## شانۆی كۆچەر و فستیوالی زیرەک

ناوەندی شانۆی كۆچەر كە لە مانگی گوڵانی ساڵی 1989 لە شاری كوڵن پێک هات, بەر لە فستیواڵی حەسەن زیرەک, گەلێک بەرهەمی شانۆ,موسیقا, بەرهەمی فەرهەنگی و رۆشنبیری پێشكەش كردوە, لە وانە كونسێرتی هونەرمەند مەزهەر خالقی, یادی 22ساڵ كاری هونەری, هونەرمەند ناسر رەزازی لە گەڵ مەرزیە خانم فەریقی, شانۆنامەكانی نانی ژاراوی, زەوی, گوڵی خوێناوی, رەو, زیندان و.. ! پاش فستیوالی حەسەن زیرەكیش دەیان بەرنامە و پرۆژە و شانۆ لەوانە شانۆی ماندانا, شەوی كۆچەران,بەرنامەی كانالی 2000 (تەلەوزیون),كونسیرتی نەورۆز( نەجمەدین غولامی, بەكر لەگزی), شەوی هەڵپەركێ, شەوی شیعر( هومەر دەزەیی, قادر سەرچناری), سمینار(جەماڵ نەبەز, جەبار قادر,مارف عومەر گوڵ, گوڵمراد موڕادی و), پرۆژەی شانۆپێداگۆگی لە زیندان و ناوەندەكانی فێركردن وبارهێنان, كاری لێكۆڵینەوە, ئارشیو و...
لە رێكخستن و بەرێوەبردنی فستیوالی یادی 75 ساڵەی لە دایک بوونی حەسەن زیرەک, گەلێک كەس لەئەندام, كارمەند, هاوكار و دۆست بەشداربوون كە بێ ئەرک وكارو یارمەتی ئەوان پێک هاتنی ئەم شەوە ئیمكانی نەبوو,لە وانە:
گەوەرتاج فەرشی, ئێران مەرزەنگی, فیروز سەنجابی, فیروز فەروخ, سولەیمان فەرشی, بەیان فەرشی,عەلی عەبدوڵابەگی, كامران ئەمینی, تۆماس و زۆر كەسی تر! ئێستا كە ئەم نووسراوانە بڵاو دەكرێنەوە دوكتور فیروز فەروخ وێژەری بەشی ئاڵمانی بەرنامەی یادی 75 ساڵەی لە دایكبوونی زیرەک, لەناوماندا نەماوە. جگە لە فیروز, هونەرمەندی هێژا و زانای موسیقا, قادر دیلانی نازادارێش لە ناوماندا نەماوە. ئەم دوو ئینسانە بەرزە, لە رۆژی هەوەڵەوە بەهەموو توانا بەشداری ئامادەكردن و رێكخستنی فستیوالی یادی زیرەک بوون. یادی دیلان و فیروز زیندوو بێ!

## چۆنیەتی پێک هاتنی فستیوالی یادی 75 ساڵەی حەسەن زیرەک

بیری یادی ماموستا حەسەن زیرەک رەنگە لە مێشكی زۆر كەس دا بووبێت. چەند ساڵ لەم و بەر لە شارەكەی زیرەک هێندێک هونەرمەند و رۆشنبیر بەم كارە هەڵدەستن بەڵام ئیزنیان نادەن وتووشی گێرە و كێشە دێن. كەسانێک كە لە كاری فیلم و شانۆدا ئیش دەكەن, سناریۆیەک لە سەر ژیانی زیرەک ئامادە دەكەن ئەویش ئیزن نادرێ. ساڵانی پێشوو رادیۆ كوردیەكانی كرماشان و بەغدا هەموو ساڵێک یادیان دەكردەوە. پاش هەڵگەڕانەوەی تەخت و بەختی پاشایەتی ئەمەش نەما! لە باشوری كوردستان كۆڕ وكۆمەڵی بۆ دەبەسترا و گۆوار و رۆژنامە كوردیەكان لە سەریان دەنووسی و بیسترا كە كەسێكیش تێزی دوكتورای لە سەر نووسیووە. پاش ئاوەژوبونەوەی دەستەڵات لەم بەشەی كوردستان ئەمەش نەما! ئەمڕۆ لە ئێزگە كوردیەكانی ئێران بڵاوكردنەوەی دەنگی حەسەن زیرەک و زۆر كەسی تر چ نێر و چ مێ یاساغە.
لە باكور و رۆژئاوا هەرچەند زیرەک ناسراوە، زۆر گۆرانی بێژی ئەم دوو بەشەی كوردستان گۆرانیەكانیان پاش تێک دان, بە كوردی و توركی و عەرەبی دوبارە كردۆتەوە و هیچ كارێكیان بۆ ناساندنی نەكردوە.
لە دەرەوەی وڵات هەر كەس سەر قاڵی ژیان وهەڵات هەڵاتی رۆژانەیە, كۆڕ وكۆمەڵی كوردیش ئەگەر لە سیاسەت و حیزبایەتی كەمیان هێنا ئەوە ئاوڕ لە فەرهەنگ وهونەر و كرێكارانی ئەم بوارە دەدەنەوە, ئەویش

هەر بە مەبەستی حیزبایەتی. هونەرمەندان چ سوران وچ کرمانج ئەوەانەی لەکاری گۆرانی وموسیقادان بەناسراو ونەناسراوەوە, بەنوێخواز وکۆنەخوازەوە، گۆرانی و بەستەکانی زیرەک نە بە ناوی زیرەک بەڵکو بە ناوی فولکلور یان بە ناوی بەرهەمی تازەی خۆیان بە خەڵکی دەفرۆشن. کەسانێک تەنانەت بە ناوی گۆرانی نوێ کاسێت و سی دی و شاشەی تەلەوزیونی پێ دەرازێنەوە. ئەم کورتە باسە هیچی تێدا نەبێ ئەوە دەدردەخا کە زیرەک چ مردوو چ زیندوو جێگای بەرز و گرانی لە ناو گۆرانی و موسیقای کوردی دا هەیە.
دووهەم ئەوەش دەردەخا کە هەر زیرەکی زیندوو غەدری لێ نەکراوە وماڵی زەوت نەکراوە و شەڕەشەقی پێ نەکراوە و دەر نەکراوە, بەڵکو زیرەکی مردووش هەر وای لێ بەسەر هاتووە. ناوی لە رادیۆ کوردیەکانی تاران و کرماشان و قەسەر و مەریوان و سنە و مەهاباد و ورمێ دەسترێتەوە و مۆری ,,باتڵ بووی,, لە سەر دەدرێ. لە لایەن هاوکارانی خۆشیەوە ماڵی لێ زەوت دەکرێ و نانی پێ پەیدا دەکرێ. هەر چەند ناوی مردوو و زیندووی زیرەک لە لایەن ئەم دەستەیە و ئەو دەستەوە دەسڕدرێتەوە. بەڵام لە ناو نەتەوەکەی دا لەناو ماڵ و خێزانەکاندا, زیرەک وەک زیرەک خۆشەویست ماوەتەوە.
هەتا لە زیرەکی زیندوو و مردوو دور دەکەوینەوە, خاوەنی زیادە لە هەزار گۆرانی کوردی قەدری زۆرتر دیار دەکەوێ. لە بەر ئەوەی پاش زیرەک هیچ گۆرانی بێژیک لە دایک نەبووە کە نە هەزار بەڵکو 100 گۆرانی لە فەوتان رزگار کردبێ و یا لە سەرجەمی گۆرانی کوردی زیادکردبێ. زیرەک نە تەنیا بە وتەی خێزانی مێدیا زەندی و دۆستی هەموووساڵەکانی ژیانی دەرویش عەلی بەڵکو بە ڕای زۆر نووسەر و لێزان و شارەزای موسیقا و گۆرانی« قوتابخانەیەکی گۆرانی بە تایبەت گۆرانی فولکلوری و بەستە و مەقامی کوردی یە». کە وایە ئاوڕدانەوە لە قوتابخانەیەکی ئاوا و خاوەنەکەی ئەویش سەر بە نەتەوەیەکی وەک کورد کە هەم دوژمن گەرەکیە سەری پان کاتەوە و کەلەپوری لە ناوبەرێ و هەم لە ناوخۆشی دا سویندخۆری بۆ پان کردنەوەی سەری خۆی هەیە, چۆن دەبێ یادی نەکرێتەوە؟! ئەم هەست وبۆچوونە لەچەند ساڵ لە مەو بەرەوە ببوو بە ئاوت وئارەزو بۆ هاتنی رۆژێکی وا.
لە سەر پێشنیاری شانۆی کۆچەر رادیۆی کوردی دەنگی ئامریکا ساڵی رابوردو بەرنامەیەکی تایبەتی بە بۆنەی بیست وسێ ساڵەی کۆچی دوایی  زیرەک پێشکەش کرد. شانۆی کۆچەریش بڕیاری دا 75 ساڵەی لە دایک بوونی رێز بگرێ.
بۆئەم مەبەستە بانگەوازێک بڵاوکراویەوە کە لەچەند گۆواری دەرەوی وڵات وگۆواره کوردیەکانی ناو وڵات لەچاپ درا. بە تەلەفون و نامە پێوندیمان بە زۆر کەسەوە کرد. هەر لە ئەمریکاوە هەتا بەغدا وتاران وشارەکانی کوردستان و وڵاتانی ئوروپا.کەسانێک بە هانامانەوە هاتن و زۆریش خەمیان خواردین بە تایبەت نووسەرو وەرگێڕ محەمەد رەمەزانی,هەم کاتی بۆ دانا وهەم داهاتی چەند مانگی ژن و منداڵی بۆ سەفەر کردن و وتووێژ ونووسین وناردنی بابەتەکان تەرخان کرد  و لەتەک کاکۆ و قادر فەرشی ئەرکی فرەیان کێشا. هەروەها ماموستا محەمەد مەلاکەریم نووسەری بەناوبانگ دەنگی ئێمەی لە رێگای گۆواره کوردیەکانی ئەم بەشە کوت کراوەی باشوری کوردستان گەیاندە خەڵک. لە دەرەوەی وڵاتیش کەسانێک وەک هومەر دزەیی و ئەنوەر سوڵتانی هەر لە سەرەتاوە خەمیان خواردین. لە ناو هونەرمەنداندا ماموستا قادر دیلان بە پێشنیارەکەمان گەشایەوە و لە گەڵ خالید رەشید هەر لە سەرەتاوە باسکی هیمەتیان بۆهەڵمالی.
ئیقباڵ حاجبی خۆی گوتەنی وەدی هاتنی یەکێک لە ئاواتەکانی تێدا دیت وهات بەهانامانەوە.
شوان پەروەر وەک دۆستێکی کۆن بەڵێنی دابوو بە هەر چەشنێک بۆی بکرێ یارمەتی شانۆی کۆچەر بدات. کە بەرنامەی یادی 75 ساڵەی زێرەک بە گوێی گەیشت جێگای خۆی لە پروگرامەکەدا دیاری کرد. هونەرمەند دڵشاد سەعید سەرەڕای ئەوەی رۆژانی هەینی ئەبو لای قوتابیەکانی بێت لە شاری وین, یادی زیرەک دڵشادی

کێشایە کۆڵن و قوتابیەکانی بێ ماموستا هێشتەوە. بەکر لەگزیش کە خۆی هاوشاری زیرەکە ئەوە بە هەمووو شێوەیەک لە سەری فەرز بوو بەشداری بەرنامەکە بێت.
هەرچەند پریسکەی پارە و هیمەتی کۆچەر یەک ناگرنەوە و پیرژنی لای خۆمان بە پریسکەیانەوە لە چاو کۆچەر وەک شا وان,بەو حاڵە خۆی لە قەرەی ئەم کارەدا. کورد کوتەنی کۆچەر بە پۆزی عالی و جیبی خاڵی وەشوێن ئەم کارە کەوت.
لە بەرنامەکەماندا مەزهەری خالقی, محەمەد ماملێ, حەسەن دەرزی, قالەمەڕە, مێدیا زەندی,موجتەبا میرزادە, پەروین موشیر وەزیری, ئەسعەد سراجەالدینی, شوکرالا بابان,محەمەد رەمەزانی, رەزا حەمە فەرەج و زۆر کەسی تر هەبوون. کاک مەزهەر لە ئوروپا نەماوە, هەرچەند کەسێک لە لەندەن ببووە یاساوڵ لە سەری بەڵام تا ئەم ساعەتە نەگەڕاوەتەوە. کاک محەمەد ماملێ پاش کوشتنی کوڕەکەی لە گەڵ 59 لاوی مەهابادی, دڵ بریندارە, هەتا ئەوەی لەم دوایانە بە یەکجاری دوچاری فەرامۆشی هاتووە. ئێمەش چمان بۆ نەما جگە لەوەی لە ڕێگای دۆستێکەوە بە ناوی ئەم شەوە و ئێوەوە سڵاو وڕێزی بۆ بنێرین وئارەزوی ساخی وسڵامەتی بۆ بخوازین. قالە مەڕە شمشاڵ ژەنی بەناوبانگ کە بە وتەی خۆی زیادە لە 50 ساڵ لەگەڵ شمشاڵەکەی زەماوەندی کردبوو, لەم ساڵانەی دوایەدا بۆتە خاوەنی ژن و منداڵ داوای لێبوردنی کرد. ئەو و کاک حەسەن دەرزی گۆرانی بێژ و موسیقاژەن لە گەڵ کاک حەمەی رەمەزانی بڕیار بو هەرسێ کیان نوینەری زیرەک و ناڵەشکێنە و حەوزە گەورە و باخی میراوا و موکریان بن لەم فستیواڵەدا. بەڵام مخابن سەرەڕای ناردنی دەعوەتنامە نەگەیشتنە ئێرە.کاک شوکروڵا بابان بە تەلەفون لە گەڵ ئێمەدا زۆر ئیزهاری شادی کرد و سەرباری نەخۆشی بەڵێنی دا لە گەڵ دۆستێکی ئێمە لە تاران وتوویژ بکات. بەڵام پاشان تەنیا بە گفت وگۆی تەلەفونی رازی بوو, کە ئەویش ماوەکەی لە دەقیقەیەک تێپەڕ نەبو. ئێمە لە ئێران بە شوێن ویلۆن ژەنی بە ناوبانگ و بەرپرسی تێپی موسیقای زیرەکدا دەگەڕاین, موجتەبا میرزادەمان لە ئامریکا دۆزیەوە.سەعات 3س نێوەشەو لەخەو هەڵمانستاند, خەواڵو بە کوردیکی کرماشانی لە گەڵمان دوا. لێی گەڕاین چەند سەعاتی تر بچێتەوە ناو جێگا. سەعات 5ی ئێوارە بە کاتی ئێرە (ئاڵمان) و هەشتی بەیانی بە کاتی ئەوێ تەلەفونمان لێ کردەوە. فرە ئیزهاری شادمانی کرد وتی: « یە ئارەزوی من بیە روژێ یادی حەسەن زیرەک بەرپا بو. من چ بووشم کە وەزعیەت روشنێک نێرم و ناتانم لە ئەمریکا خارج بووم» هەرچەند ئەو بەهۆی نەبوونی «گرین کارت» نەیدەتوانی لە ئامریکا دەرکەوێ, بەڵام بەڵێنی دا لە ڕێگای فیلمی ویدئۆوە, هەم بە دەنگ وهەم بە ویلۆنەکەی بەشداری بەرنامەکە بێت. بۆ ئەم کارە بڕیار وابوو هونەرمەند عەبدوڵای موفتی کە خۆی لە کاری موسیقادایە ئەم وتوویژەی لە گەڵ ساز بکات. چەند هەفتە بەر لە ئەمڕۆ خالید رەشید ئاگاداری کردین کە ئەم وتوویژەشمان پێ ڕەوا نەبیندراوە.
مێدیا خانمی زەندی خێزانی زیرەک بە رۆحێکی گەورەوە هات بەرەوپیری داواکەمان, بەڵام ئەویش ئەمشەو لێرە حازر نیە بەڵام بە ڕێگەی تەلەفونەوە محەمەد رەمەزانی لە بۆکانەوە بۆ تاران سەعاتێک وتوویژی لە گەڵ کرد. ئەم وتوویژەش لە ئیرشادی ئیسلامی ئیزنی پێ نەدرا بگاتە ئێرە. بەڵام نووسراوەی وتوویژەکە گەیشتۆتە کۆڵن. مێدیا خانم زۆر شتی شاردراوەی ژیانی زیرەک و دەزگاکانی رادیۆ وتەلەوزیون و بەرێوەبەرانی کورد وناکوردی ئەم رادیۆیانە دەردەخات. هەروەها پەردە لە سەر زۆر شتی تر لا ئەدات. بەشێک لەم وتانە ئەمشەو پێشکەش دەکرێ وسەرجەمی وتوویژەکە وەک ناملیکەیەک لە چاپ دەدرێ.(1)
عەلی یاسەمەنی(دەرویش عەلی) کە ئەمڕۆ هەشتا ساڵ لە تەمەنی تێدەپەرێ و51 ساڵ لە گەڵ زیرەک هەر لە منداڵیەوە هەتا مەرگ ژیاوە, لە تاران و زۆر شوێن لە گەڵ زیرەک و میدیا بوە. بەسەرهاتی زیرەک وەک چیرۆکێک, وەک رۆمانێک بۆ محەمەد رەمەزانی دەگێڕێتەوە. دەرویش عەلی پاش 150 دەقیقە باس لە سەر حەسەن زیرەک(فیلم وکاستی دەنگ ونووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستمان و بڵاوی دەکەینەوە) دەڵێ:« ئۆخەی

سووک بوم. بارێکی قورس لە سەر شانم هەڵگیرا, لەو ڕۆژەی حەسەن غەرقی ڕەحمەت بووە, ئارەزوم دەکرد ڕۆژێک ئەو شتانە باس بکەم, ئەمڕۆ سووک بووم و مردنیش حەققە».دەرویش عەلی باسەکەی لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە حەسەن هێشتا منداڵ بووە لە بۆکان دەستی بە گۆرانی وتن کردوە. لە ڕاستی دا باسی ئەو کەسانە دەکات کە 60 تا هەفتا ساڵ لە مەوبەر لە بۆکان کاری موسیقایان کردوە. چیرۆکی ژیانی زیرەک لە زمانی دەرویش عەلی یەوە کاتێک کۆتایی پێ دێت کە ئەو و کاک حەسەنی مجێور و کاک حوسێنی برای زیرەک نیوەشەو تەرمی زیرەک پاش 37 ڕۆژ لە گۆرستانی شار دەردینن و دور لە چاوی خەڵک و بە ئاگادری خەلیفە ئەحمەدی وەحیدی، لە سەر تەپکەکەی خوار ناڵەشکێنە دەینێژن.هەر کام لەو بەشانەی کە لە زمان دەرویش عەلی یەوە دەگێردرێتەوە خۆی ڕۆمانێکی سەر بەخۆیە. بۆوێنە چیرۆکی گۆرانیەکان, بۆ وێنە ژیانی زیرەک لە تاران, بۆ وێنە ژیانی زیرەک لە یەکەم تەلەوزیونی ئێران کە هەتا کەرەج بڕی دەکرو دەبیندرا, بۆ وێنە ناردنی زیرەک بۆلای مەلا مستەفا و ڕادیۆی پەیکی ئێران, بۆ وێنە پەیوەندی زیرەک لە گەڵ زۆر شاعیر و نووسەر ورۆشنبیری ئەو سەر دەمەو زۆرشتی تر. هەرچەند مێدیا زەندی ومەزهەری خالقی و شوکروڵا بابان و موجتەبا میرزادە کە ئاگاداری کاری زیرەک لە ڕادیۆکانی تاران و کرماشان و سنە بوون ئەم شەو لیرە نین بەڵام جێگای ئەوان بە سێ کەس لە ڕادیۆی تاران وکرماشان وسنە پڕ دەبێتەوە. خانم پەروین موشیر وەزیری شاعیر ودەنگ خۆشی ڕادیۆ کەهەموو ساڵێک لە ڕادیۆ کوردیەکان یادی زیرەکی کردۆتەوە، ئەمشەو لیرەیە و سەکۆی ئەم شانۆیە لە شاری کۆڵن بۆ ئەو و ئێمە زیندوکەرەوی دەنگ ویادی زیرەکە لە ڕادیۆکوردیەکان. هاوکاری پەروین خانم کەلای هەموو گوێگرێکی ڕادیۆ کوردیەکانی تاران وسنە وکرماشان وەک نووسەر ودەرهێنەر ودەنگ بێژی ڕادیۆ ناسراوە, یانی کاک ئەسعەد سراج الدینی ش میوانی هەموو ئێمەیە. باوەرناکەم کەس هەبێ وگوێی لە ڕادیۆی تاران وکرماشان و بەرنامەی چیرۆکی شەو گرتبێ ونووسەرو دەرهێنەر عەلی عەبباسی نەناسێ. ئەویش ئەم شەو لێرەیە.
حەق نیە باسی گۆرانی ورۆشنبیری گۆرانی بکرێ ورەزا حەمە فەرەج، شاعیری زۆر شیعری گۆرانی بێژانی ناوداری ئەم سەردەمە کە بە دەگمەن لە پروگرامی ئەم گۆرانی بێژانەدا ناوی دێت لێرە نەبێت. ئەم شەو ئەویش لە سەر شیعرەکانی زیرەک دەدوێ. خۆ ئەگەر مرۆڤ هەوارچی بێ و بخوازێت لە سەر زیرەک قسە بکا ئەوە گەرەکە بەرپرسی بەرنامەی هەواری ڕۆشنبیری سیروانیش بانگ بکات ئەویش لێرەیە وئەم شەو چیغ وچادری لە سەر ئەم سەکۆیە دادەکوتێ. شاری شیرین وفەرهادیش کە خۆشەویستی زیرەک و مەڵبەندی باخی ژیانی هونەریەتی، ئەم شەو لە لایەن دوکتور فیروزەوە نوینەرایەتی دەکرێ.
ئەم شەو پەروین خانی موشیر وەزیری, پرۆفیسور دوکتور قادر دیلان, شوان پەروەر, دڵشاد سەعید, ئیقباڵ حاجبی, خالید ڕەشید, بەکر لەگزی, ئەسعەد سراجەلدینی,عەلی عەبباسی, سیروان ڕەحیم و ڕەزا حەمە فەرەج و کاک فیروز دەلاقەیەک بە ڕوی ژیان و بەرهەمی زیرەک دا دەکەنەوە. کرماشان شاری خۆشەویستی زیرەک بوو, ئەم شەو ئیوە لە سەر ئەم سەکۆیە میوانی شاری کرماشانن ئەویش لە ڕێگای نەقاشیەکانی پروفیسور مەحمودی زەنگەنەوە نەققاشی بەناوبانگی هەموو ئێران.
دوا قسە نە پاش ملە. بەرپاکردنی ئەم شەوە بەرهەمی ڕەنجی چەند مانگەی ئەو کەسانەیە کە ئەم شەو ئێوە لە سەر ئەم سەکۆیە, لە بەر دەرگا, لە ناو هوڵەکە و لە دەرەوە دەیان بینن و کەسانێک کە ئەیان ویست لێرە بن بەڵام سەر ڕای ویستی دڵ و دەرونیان هەزاران کیلومەتر لە ئێمە دور بە هۆی یاسا و سنورەکانەوە لە ماڵەکانیان دەمیننەوە. سپاس بۆ هەموو ئەو کەسانە کە نە بۆ پارە, نە بۆ نان نە بۆ ناو دەستیان گرتین. گلەیی ش لەو کەسانە کە بەڵێنیان پێداین بە خۆیان وتیپی موسیقایانەوە بەشداری ئەم شەوە بن, بەڵام ئەوەی نەسیبی ئێمەیان کرد چاوەڕوانی بو. ئەوەش بڵێین بۆ ئەم شەوە هیچ کەس و ڕێکخراوێکی کوردی

وئاڵمانی یارمەتیان نەداوین. هەرچەند داوا لە شاری کۆڵن و زۆر ڕێکخراوی بابەتی و WDRو RTL کراوە. خەرجی ئەم شەو لە سەر شانۆی کۆچەر و دوستانی کۆچەر بوە.
ئەم شەو وەک مێژوو دەمێنێتەوە,ئێوەش بێ گومان یاد و بیرەوەری ئەم شەوە لە لای خۆتان ڕادگرن. بەشداری وهاتنی ئێوە نیشانەیە بۆ ئەوە هونەرمەندی کورد ئەبێ ڕێگای خەڵک وهونەرەکەی بگرێ وەک زیرەک. هیوادارین پەیامی ئەم شەوە بگاتە هەمووو هونەرمەندێکی کورد. بامێژووش بزانێ کە کوردی دەرەوەی وڵات گشتیان بێ ئەمەگ و سپڵە نین کە نانی نەتەوەیەک بخۆن و نان دانی بدڕینن. کورد کوتەنی با قسەیەکیش بۆ دز بکەین ئەویش ئەوەیە با زیرەک و سەید عەلی ئەسغەر و سیوە و عەلی مەردان ومەریم خان و زۆری تر نەبنە بابەت بۆنان و ئاوی ئەم وئەو.

بەرپرسی شانۆی کۆچەر برایم فەرشی  نوامبری 1996

1- ئەم وتووێژە لە گەڵ وتوێژ لە تەک مام عەلی یاسەمەنی لە ساڵی 2002دا لە ژێر ناوی زمانی دوولا چاپ و بڵاوکراوەتەوە

## ریزی بەرنامە یادی 75 ساڵەی لە دایکبوونی حەسەن زیرەک

بەشی یەکەم

- پەروین موشیروەزیری: (پەخشان و کردنەوەی بەرنامە)
- ئەسعەد سراج ئەدینی: معرفی وبەخێرهاتن
- فیروز فەروخ: معرفی وبەخێر هاتن(ئاڵمانی)
- پەروین موشیروەزیری: معرفی ماموستا قادر دیلان
- ئەسعەد سراج ئەدینی معرفی کاک ئقباڵ حاجبی و پێشکەش کردنی نمونەی کارەکانی زیرەک بە قەرەنەی(کلارینێت)
- فیروز فەروخ: ناساندنی زیرەک (ئاڵمانی)
- پەروین موشیروەزیری حەسەن زیرەک نەمردوو(دەنگی حەسەن زیرەک)
- کاک خالید و نەی
- ئەسعەد سراج ئەدینی معرفی کاک رەزا
- معرفی کاک سیروان
- پەروین موشیروەزیری معرفی کاک ئاسۆ ویولن
- ئەسعەد سراج ئەدینی کاک بارام

بەشی دووهەم

- دڵشاد سەعید
- دیکلەمە شیعری شەو: پەروین موشیر وەزیری و ئیقباڵ حاجبی
- شوان پەروەر
- قادر دیلان و خالید رەشید,ئاسۆ سەڵتە وبەکر لەگزی و ئقباڵ حاجبی
- کۆتای بەرنامە بە قسەکانی پەروین موشیروەزیری, ئەسعەد سراج ئەدینی, فیروز فەروخ, برایم فەرشی.

## هێندێک لە قسەکانی وێژەرانی بەرنامەی یادی 75 ساڵەی لە دایکبوونی حەسەن زیرەک

**پەروین خانم موشیر وەزیری و ئەسعەد سراج ئەلدینی**

- هونەردۆستان, هونەرمەندان، لە لایەن بەرێوەبەرانی ئەم کۆڕەوە سڵاو وبخێرهاتنی گەرم گوڕان پێشکەش ئەکەم. یادی هونەرمەندی هەرگیز نەمری کورد حەسەن زیرەک ئەگرین. وە بۆزیندوڕگرتنی ناو و هونەری ئەو هونەرمەندە وهەم دیسان بۆ لێکۆڵینەوەی علمی هونەری حەسەن زیرەک دەستی یارمەتی بەرەو لای ماموستایان و زانایانی خۆشەویست ماموستا قادر دیلان و هەروەها ئیقباڵ حاجبی, کاک خالید, کاک رەزا, کاک دڵشادی پەنجە رەنگین, کاک بارام بەریوەبەری راستەقینەی ئەم کۆڕە و هەروەها کاک ئاسۆ وکاک سیروان رادەکێشین, بە هیواین بتوانین یەک لە هەزاری توانای پیشاندانی هونەری حەسەن زیرەکمان هەبیت. و سوپاسیش بۆ کاک فیروز فەروخ کە ئەرکی ترجمە و راگەیاندنی بە زمانی ئاڵمانی گرتۆتە ئەستۆ.
- یادی هونەرمەندی زیندو بەگیان حەسەن زیرەک هەروەک لە شارەگی دەماری هونەردۆستاندا ئەگەرێ و ئێستەش کاتی ئەوەیە سەراپا گوێ بین بۆ قسەکانی ماموستا قادر دیلان.
- هونەر زێڕە, تەڵایە,گەوهەرە وهونەردۆست ئەو تێزابەیە کە گەرد و غوباری تاڵی وناخۆشی لە سەر رۆمەتی هونەرمەند لائەبا با گوێ گربین بۆ ڕازی دەرون و شیکردنەوەیەکی کورت لە لایەن کاک ئیقباڵ حاجبی یەوە.
- هەستێکی نادیاری پاڵم پێوە ئەنێ کە بیکەم بە هەرا و بڵێم حەسەن نەمردوە, زیندوە, لێرەیە: دەنگی حەسەن زیرەک بڵاو دەبێتەوە.
- مردن بۆ ئەوانەیە کە لە بیر ئەچنەوە و ئیتر ناویان نابرێت وە یادگارێکیان لێ بە جێ نامێنێ. حەسەن زیرەکی خاوەن هەزار کۆرپەی کاکۆڵ زێڕین,کەی ئەمرێ وکەی لە بیر ئەچێ, با گوێ گربین بۆ قسەکانی کاک رەزا.
- وە ئێستەش کاک ئاسۆ هەم دیسان بە زمانی موسیقی یادی حەسەن زیرەک زیندووئەکاتەوە.
- نامرن ئەوانەی کە لە دڵی خەڵکا ئەژین, حەسەن زیرەک لە دڵی خەڵکی شارودێی کوردەواریا سوڵتانە , و هەرگیز لە بیر ناچێ .کاک بارام تکایە فەرمو.
- لە کۆتایی بەرنامەکەدا کاک سیروان بە پەخشانێک ئەمان خاتە یادی بولبلەکەی سەر حەوزی بۆکان.
- موسیقی خۆی بە تەنیا قسەیە, گفتارە, شیعرە,نەوایە,نەغمەیە. لەمانە هەموو ژورتر هەرای دڵ و دەرونە, پەنجە ڕەنگینەکەی کاک دڵشاد و ویاڵۆنە زوان پاراوەکەی ئەم خۆشەویستە جوانتر وباشتر ئەتوانێ حەسەن ویادی حەسەن زیندو کاتەوە.
- ساڵی 1961 تا 1960لە گەڵ تیپی شانۆی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی لە 3 شانۆنامەدا بەشداری کردوە و گۆرانی وتوە, بوکی ژێر دەواری ڕەش, خەسو یان ئەژدیها
- رۆژی 1921/11/29 لە شارە جوانەکەی بوکاندا حەسەن لە دایک بو وەپاش 51 ساڵ تەمەن لە 1972/6/26 دا کۆچی دوایی کرد.
- سابڵاخ کوچە بە کوچە      بۆکان موچە بە موچە<br>هەموو بە قوربانی بێ      هەتا دۆڵی قروچە

بوکی ئێوارە
بەرامەی پاش بارانی کەم,
لە لا ملی جوانت ئەدەم
ئەت کەم بە بوکی ئێوارە و
زەردە پەرت لە بەر ئەکەم
شەو جێی شعرت بۆ ڕائەخەم
تریفەی مانگت پیا ئەدەم
ئەستیرە بۆت بجریوێنێ
فریشتەی خەو بتنوێنێ
نەرمە با شەپۆلی قژت
بەسەر روتا ببا وبێنێ
خۆشەویستم بێتە خەوتوو
سبیدە بەئاگات بێنێ
ئەگەر ئەم دنیا گڵێ بێ
تۆی ئاخرەت ڕەنگ وبویەتی
هەر کەسێکش تۆی خۆش نەوێ
دیارە رِقی لە خۆیەتی

دڵۆپێ شەراب کائینات دێنێ
بەزمی مەیخانە دڵ ئەبزوێنێ
ئەو دەسرەی یارم لێوی پێ دەسڕ
قیمەتی ملیون بەرماڵ ئەشکێنێ

قەمتەرە لە گەڵ بورهان
کولیجە موڵکی دەرمان
میرئاوا لەگەڵ بۆکان
حەسار دەگەڵ قازڵیان
هەرمێلە موڵکی خانان
هەموت بە قوربان بێ
دەگەڵ کاولی سازندان

سێوە سورەی زێوێ
مەنزەری بەردە پانێ
بۆی دەدەم بە گوڵوگوارە
حەوزە گەورەی بۆکانێ

– لە کانی دڵەوە سپاسی ئێوەی خۆشەویست ئەکەین کە لەم بەرنامەدا بەشداریتان کردو سپاسی هەمووئەوانەی ئەکەین کە بەهەموو چەشنێ یارمەتی دەری بەرێوەبردنی ئەم بەرنامە بون.

## راپۆرتی فستیوالی یادی 75 ساڵەی لە دایک بوونی ماموستا حەسەن زیرەک

ئێوارەی هەینی رۆژی 1996/11/22 لەناوەراستی شاری مێدیا و کولتور, کۆلۆنیا (کۆڵن) بەنیسبەت کوردەوە روداوێکی فەرهەنگی گرینگ روی دا ورەنگە ئەمە ببێتە هەنگاوێکی مێژوویی.
هۆڵی VHS زیاتر لەچوارسەد کەسی لە خویدا گرتوە. چرا وردە وردە دەکوژێتەوە لە ناو تاریکی دا دەنگی زیرەک بەرز دەبێتەوە, دەنگێکی ژنانەی بە گۆی ئاشنا ئەڵێت:
,, نا,نا, زیرەک نەمردووە, زیرەک زیندووە و یادی لای هەموو کوردێک دەمێنێ,,.
ئەوە دەنگی پەروین موشیر وەزیری یە کە لە رادیۆی کرماشان یادی زیرەک دەکاتەوە. رووناکی دەکەویتە سەر پەردەکە, دوو کوتی پەردە هەرکام بە لایەکدا دەکێشرێن, دەنگی پەروین موشیر وەزیری ئێستا لە سەر سەکۆ بەردەوامە, سەکۆی شانۆ بە فەرشی کوردەواری رازاوەتەوە, وێنەی زیرەک تەختایی دیواری شانۆکەی داپوشیوە, بە کوردی وئاڵمانی نووسراوە یادی 75 ساڵەی لە دایک بوونی حەسەن زیرەک پیرۆز بێ. دەستی راستی سەکۆ بە وێنەی تیپی موسیقای رادیۆ کرماشان کە زیرەک لە نێویان دایە رازاوەتەوە, موجتەبا میرزادە, عەبدولسەمەدی وئەوانی تر لە کاتی پێشکەش کردنی ئاهەنگدا دیارن.
پەخشانەکەی پەروین خانم لە ناو چەپڵەرێزانی بینەران دا کوتایی پێدێت. لە دەستە راستی کاک ئەسعەدی سراجەالدینی و لە دەستە چەپ دوکتور فیروز فەروخ دانیشتون و کەسانی تر وەک پرۆفیسور دوکتور قادر دیلان,ئیقبال حاجبی, رەزا حەمە  فەرەج, سیروان رەحیم, و خالید رەشید بەشدارانی کۆڕەکەن.
کاک ئەسعەد کۆڕەکە دەکاتەوە, دوکتور فەروخ بە زمانی ئاڵمانی پاش بەخێرهاتن کردن لە سەر زیرەک دەڵێ:« زیرەکی شاعیر, ئاهەنگساز, وەرگێر, شانۆگێر و قسە خۆش کە بێ سەواد بو, بە تەنیا زیاتر لە هەزار گۆرانی کوتوە, کە هەمووی گۆرانی رەسەنی کوردە,هەر بۆیە زیرەک بە گۆرانی بێژی هەزار گۆرانی ناوی دەرکردوە.» دیلان دەڵێت:« ئامادەکردنی شەوێکی ئاوا لە کاری دەوڵەتێک دەچێ, ئەوەی شانۆی کۆچەر لە دەرەوی وڵات بە بێ یارمەتی بە ئیشێکی وا هەڵدەستێ جێگای رێزە. دیلان لە سەر زیرەک باسی ساڵانی 1953 دەکات ئەو کاتە کە لە باشوری کوردستان بوە»
ئیقباڵ حاجبی وادەڵێت:« زیرەک یەکەم کەسە کە مەکتەبی موسیقای رەسەنی کوردی داناوە,ئەو موسیقای کوردی لە فارس وتورک و عەرب جیا کردەوە, زیرەک لە دەزگای موسیقای کوردی دا گۆرانی وتوە. موسیقای زیرەک مۆرکی کوردبوونی پێوەیە وهیچ کەس ونەتەوەیەک ناتوانێ لە مولکی کوردی جیا کاتەوە. حاجبی دەڵێت: فارسەکان زۆریان حەول دا تا زیرەک لە چوارچێوەی دەزگای فارسی دا گۆرانی بڵێت بەلام زیرەک لە چوارچێوەی کوردی خۆی دور نەکەوتەوە. حاجبی پاشان بە قەرەنەی(کلارینێت) ئاهەنگێکی زیرەکی ژەند کە رەنگێکی تری دایە بەرنامەکە.
رەزا حەمە فەرەج بەم جۆرە دیتە قسە:« زێرەک خۆی شاعیر بو, ئەو لەو بڕوایە دابو کە زیرەک گۆرانی فولکلوری نەکتۆتەوە بەڵکو شیعری بە زمانی خەڵک بە شێوەی فولکلوری داناوە. رەزا بە هەڵسگاندنی شیعرەکانی هەستی بەرزی زیرەکی دەرخست, ئەو هەروەها باسی بە کارهێنانی وشەی رەسەنی زەیرەک لە شیعرەکانی دا دەکات. پاشان خالید رەشید بە نەی ئاهەنگێکی زەیرەک دەژنێ.
سیروان رەحیم لە کورتە پەخشانەکەی دا دەڵێت: « ئێوە بە وریاییەوە سەرنج لەم ناوانە بدەن و گوێی بۆ هەڵخەن«شەدەلار, کەویار, لۆرکێ ولۆرکێ,گەوهەرێ, کۆڵوانەسوور, شاییە دەگەرێ ودەیان ناونیشانی تری ئاوەها ناسک وجوان ورەسەن» گەلۆ هەموو ئەمانە لە نەزانی ونەخوێندەوارییەوە هاتوون یان لە هەستی هۆنەرمەندێکی سینە بەئەوینی خاک پڕ ودڵ بە عشقی بێت و کەونە هونەری گەلەکەی تەژی؟!
حەسەن زیرەک ئاوا دەنگ هەڵدەبڕێ:« ئەوە بەو ئاخری پیریە چەند گۆرانی بۆخەڵک ئەڵێم, دورنیە بمرم, بچمە ژێرگڵەوە لەو دونیاش چاوم بە بەشەڕی کورد نەکەوێ. هونەر لای کورد قەدری نەماوە,هونەرمەند

قەدری نیە, بۆ؟؟ لەبەر ئەوە کوردم بە زمانی کوردی قسە دەکەم.عەلی مەردان بەرزە کورد قەدری نازانێ من قۆندەرەکانی(پێلاوەکانی) دەنیمە سەر چاوم.»
بەرپرسی شانۆی کۆچەر, برایم فەرشی لە راپۆرتی چۆنیەتی پێک هاتنی فستیوالی یادی 75 سالەی لە دایکبوونی زیرەک دا دەلێت:« دەمانویست بەرێزان شوکرولا بابان, موجتەبا میرزادە,مێدیا زەندی, مەزهەری خالقی, محەمەد مامڵێ, قالە مەڕە, حەسەن دەرزی, مەحەمەد رەمەزانی, دەرویش عەلی و کەسانی تر, بانگ بکەین, پێوندیمان بە زۆربەیانەوە گرت بەلام سەری نەگرت. لە شوێنێکی تردا دەلێت:« ئێمە بۆ ئەم شەوە نزیکەی 20 هەزارمارکمان خەرج بووە و لە لایەن هیچ کەسێکەوە چ کورد و چ ئالمان تەنانەت یەک مارکمان پێنەگەیشتووە, ئەوە جگە لە کاری 9 مانگەی رێکخستن و کاری دەسالەی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی.ئەمڕۆ کۆچەر خاوەنی ئارشیوێکی پڕبایخی بەرهەمەکانی زیرەکە.» لە کۆتایی راپۆرتەکەدا دەلێت:« ئەم شەو وەک مێژوو دەمێنێتەوە,ئێوەش(بینەران) بێ گومان یاد و بیرەوەری ئەم شەوە لە لای خۆتان رادەگرن. بەشداری وهاتنی ئێوە نیشانەیە بو ئەوە هونەرمەندی کورد دەبێ رێگای خەلک وهونەرەکەی بگرێ, وەک زیرەک. هیوادارین پەیامی ئەمشەوە بگاتە هەموو هونەرمەندێکی کورد. با مێژووش بزانێ کە کوردی دەرەوی ولات گشتیان بێ ئەمەگ و سپلە نین, کە نانی نەتەوەیەک بخون و ناندانی بدڕێنن. کورد کوتەنی با قسەیەکیش بۆدز بکەین ئەوەیە. با زیرەک وسەید عەلی ئەسغەر و سیوە وعەلی مەردان ومەریەم خان وزۆری تر نەبنە بابەت بۆنان وناوی ئەم و ئەو.
دلشاد سەعید بە ویولەنەکەی هەستێکی نوێ لە موسیقای کوردی نواند. دلشادیش لە ئارشیوی زیرەک ئاهەنگی کرماشان شاری شیرینمی ژەند و نواندی کەرێگای هەیە بەرەو ئاکادیمیای موسیقای ناونەتەوەیش بروات.پاش پشوودان, شوان پەروەر بە کوردی وئالمانی لە سەر زیرەک دووا, زیرەک لای شوان بلیمەت بوە و بلیمەتیش دەمێنێتەوە. کاتێک گۆرانی لەیل و لەیلی زیرەک لە لایەن شوان پەروەرەوە پێشکەش کرا دانیشتوانی هۆلەکە هەستی خۆیان بە چەپلەرێزان دەربڕی.
شیعری شەو لە لایەن پەروین خانم هاوڕێ لە گەل قەرەنەی ئیقبال حاجبی دیکلەمە کرا و پاشان زیرەک خۆی چریکاندی: ,, هەستە کامیل بەسیە سستی دەی برۆ لێی راکەوە.
قادر دیلان کە پاش کارەساتی هەلەبجە لە سالی 1988 تەرکی سەکۆی شانۆی کردبوو, بۆیادی گەورە پیاوی موسیقای کوردی جارێکی تر لە سەر سەکۆ گۆرانی باران بارانەی خوێندو رەنگێکی تایبەتی دایە پرۆگرامەکە.
خالید رەشید,ئاسۆ سەلتە, نەبەز بەرزەنجی, پاشان چەند گۆرانیان پێشکەش کرد. شەوەکە بە گۆرانی خالە رێبوار و کیژان دەچنە مێرگولان بە دەنگی هاوشاری زیرەک بەکر لەگزی و قەرەنەی ئیقبال حاجبی کۆتایی هات.
وێژەرانی بەرنامەکە پەروین خانم موشیر وەزیری, کاک ئەسعەد سراج الدینی و کاک دوکتور فیروز فەروخ بوون کە بە درێژایی دوازدە سەعات ونیو لە زیرەک دووان, هەلگەڕاندنەوەی گۆرانیەکانی زیرەک بە ئالمانی لە گەل قسە خۆشەکانی بینەری ئالمان و کوردی نەزانی کێشایە دونیای زیرەکەوە.
راوبۆچوونی بینەران دەربڕی رازی بوون بوو, بە تایبەت ئالمانیەکان. رێک و پێکی شەوەکە, زانیاری بە زمانی کوردی, ئالمانی وفارسی لە سەر زیرەک بە نووسراوە, پێشکەش کردنی ئەدەبیات وفیلم وموسیقای کوردی لە لایەن هاوکارانی ناوەندی کۆچەر لە دەرەوەی هۆلەکە, باری رێکخستنی شەوەکە بەرچاو بو. دیارە لەم شەوەدا کەسیش برسی وتونی نەمایەوە. بۆ ئەمنیەتی بەشداران پۆلیسی شاری کۆلن لە حالەتی ئامادەدا بوون و هاوکاریان بەرچاو بو. هەموو لە رازی دەچوون جگە لە گیرفانی کۆچەر و قەرزی تازەی. کورد کوتەنی گۆم هەتا قول بێت مەلەی خۆشترە. ئەندامانی کۆچەر دەلێن:« تۆبلێی ئێمەی مەلە نەزان لە گۆمی قولدا چمان بە سەر بێت؟؟ شانۆی کۆچەر ئالمان نوامبری 1996

## زیرەک لە رادیۆی تاران و کرماشان

ئەسعەد نەقشبەندی

داواتان لێ کردم سەبارەت بە حەسەن زیرەک ئەوەی کە ئەیزانم بینوسم. پێش لە هەموو شتێ لە بەرانبەر پەیکەرەی هونەرەوە، سەری رێز دائەنەوێنم وە پاشان ئەڵێم حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی بێ وێنە وتاقانە,کە لە قوتابخانەی سروشتدا بەرزترین بەڵگەنامەی هونەری وەرگرت. لە بیرمە لە شارە جوانەکەی مەریواندا قوتابی سەرەتایی بوم. دەم ئێوارەیەک زڵە کەوتە ناو شارو وتیان حەسەن زیرەک لە عێراق هەڵاتوە و وە ئێستا لە پاسگای ژاندارمەری باشماخە. پاش کودتای عبدالکریم قاسم حەسەن زیرەک گەرایەوە بۆ ئێران وە هەروەها کە وتم وەک منداڵێک وە نە وەک هونەرمەندناسێک حەسەن زیرەکم لە پاسگای ژاندارمی باشماخی مەریواندا دی. زەمان تێ پەڕی و پاش چەن ساڵ یانی ساڵی 1962 لە یانەی ڕادیوی تاران بەشی کوردی کارم دەس پێکرد. وە هەر لەو کاتەدا چەن جارێ حەسەن زیرەکم لە ماڵی خوا لێ خۆشبو دوکتور عابدی برام لە تاران چاو پێ کەوت وە چەن شەوێکیش بە مناسیبت وا ڕێک کەوت ئا دەم بە یان لە کۆڕی گەرمی گۆرانی و قسە وباسی ئەدەبی حەسەن زیرەک و خوا لێ خۆشبو دوکتور سەدیقی موفتی زادە ودوکتور عابد و دوکتور عەبدولڕەحمانی موفتی زادە بەشدار بوم.

ئەگەر بڵێم باسی هونەرەکەی حەسەن زیرەک نایێتە نووسین وە هیچ پەخشان و شیعر و دێرێکی ئەدەبی گۆمان نابەم کە پڕ بە پێست بتوانێ حەسەن زیرەک پیشان بدات ئیغراقم نەوتوە. باشتر وایە بڵێم, لە هەر چەن قەرنێکا لە ناو میللەتێکدا یەکێ هەڵ ئەکەوێ کە ئەبێتە تاقانەی دایە, وە حەسەن زیرەک تاقانەی دایەی هونەری کورد بو. جا ئەگەر حەسەن زیرەک لە ناو میللەتێکی ژێردەس کراوی چەوساوەی هەژاری تاڵان کراودا چاو بکاتەوە, وە ئاسۆی هونەر لە تاریکی بێ سەوادیدا ببێنێ, ئەوە هەروەک قەوم و میللەتەکەی هەژار و بەش خواروو نەناسراو وەک هەستێرەی دەم بەیان هەڵ دێ وپاشانیش لە تاپۆ وبومە لێڵ دا ون ئەبێ وبێ سەرو شوێن ئەروا. وە بە پێچەوانە, ئەگەر ئەو تاقانەی دایە لە داوێنی میللەتێکی تێر وتەسەلدا بێت, بێ شک وگۆمان پەیکەرەی زێڕی لێ دروست ئەکرێ.

جەوهەری هونەری حەسەن زیرەک بۆ من کە ناشارەزای زبانی موسیقام نایێتە باس کردن, بەڵام ئەوەی کە شیاوی وتنە ئەو شتانەیە کە بە چاو بینیومە. نە لە تاران ونە لە کرماشان هەرگێز حەسەن زیرەک تەمرینی بۆ ووتنی گۆرانی نەئەکرد. باوەر بکەن حەسەن زیرەک خۆێشی نەی ئەزانی چ گۆرانێک ئەڵێت تا ئەرویشتە نێو (ئوستودیو) وە پاشان چەن قسەیەک لەو, چەن پرسیارێک لە ئەندامانی گۆڕی موسیقی لە کاک حەسەنیان ئەکرد, وە برێ کاتیش تێکەڵ بە گاڵتە وگەپ, پاش مۆرە مۆر کردنێک, لە پڕ ئەیوت ئا ئەمەم بۆ لێ بدەن. وە ئەنجا ئەی چریکاند وئەیوت(وەک قومری سەر باڵم شینە)

ئەو کویرەوەریانە کە ئەهاتنە ڕێ حەسەن زیرەک یەک و دوو و هەزار نین, هەر تەواو زۆرن. بروبیانوی شورای موسیقی لە تاران هەندێ جار هەستە کڵۆلەکەی حەسەن زیرەکی ئەژاکاند.

رۆژێ ئەیان وت ئەبێ شعری گۆرانی لە پێشا بدرێت بە شورای نوسەران وە پاش بڕیار لە سەردان جا حەسەن زیرەکی هەژاری نەخوێندەوار ئەو شیعرانە بخوێنێتەوە تازە ئەگەر لەم کۆسپ وقۆرتەش نەجاتی ببوایێ تەرجومەی هەندێ شعری فۆلکلۆری کوردی بۆ ئەو کۆڕی نوسەرانی فارسە لە تاران هەر فرە بێ مانا و سوک ئەهاتنە پێش چاو. مەگەر خۆدا بزانێ کە چەن کۆبونەوە کرا وە چەند دوکتور عابد و دوکتور سەدیقی موفتی زادە هەوڵیان دا تا بەو دەسە وتاقمە تێ گەێنن کە برا ئینە لە ناو کوردا (گەردەنی قاز) بە جوانی و پێکەوتوئی ناسراوە لە شعری فۆلکلۆریەکاندا هاتوە. هەندێ جار حەسەن زیرەک ئەدرایە بەر تەوسو توانجی هەر هەمان شۆرا, کە فلانە گۆرانی ڕیشەکەی تورکی یان فارسیە. وە بەم شیوە پارەکەی

حەسەن زیرەک کە ئەبوا بۆ گۆرانیەکە بدرایە, یان نەیان ئەدا, یان کەمیان دەکردەوە. رۆژێ لە بەشی کوردی رادیۆی تاران دانیشتبوین, کردیان بە هەراو وتیان حەسەن زیرەک لە گەڵ (ارکستری) خانم دڵکەش بەشەڕ هاتوە. هەرگیز فرامۆش ناکەم کە دوکتور عابد بە پەلە هەڵات بۆ (ئوستۆدیۆ14) وە ئێمەش بە شوێنیا چوین. کاتێ گەیشتین حەسەن زیرەک بە دەنگێکی زۆلاڵی بەرز ئەی چریکاند ئامینێ نازەنینێ, ئای ئا لە زیرەی پۆتێنێ, کارەسات لە سەر ئەمە بو کە دڵکەش گۆرانی (سحر کە از کوە بلند)ی ئەخوێند, وە حەسەن زیرەک دەرگای ئوستۆدیوی کردبووە و وتبوی: ئەم گۆرانیە هی منە, دەساڵ لەمەو پێش لە ڕادیوی بەغدا وتومە, وە پاشانیش هەر لێرە تۆمارم کردوە. کارەسات هەر لەوێ دوائی هات وە پاشان بڕیار درا مەسئولی شعری گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک لێ پرسراوی بەشی کوردی رادیۆ تاران بێ نەک شورای رادیوی تاران. هەندێ جاریش ملۆزمی سەیر سەیر پەیدا ئەبوون بۆ حەسەن زیرەک باسی فلانە شێخ ئەکا, وە ڕادیو نابێ ببێتە دەمودەزگای تەبلیغ بۆ ئەم و ئەو. ئەنجا نامەیێک ئەهات بۆ رادیو کوردیەکانی کرماشان و سنە ومەهاباد, کە گۆرانی(نورانی) قابل پەخش نیە, واتە نابێ بڵاوبکرێتەوە. ئەمانە هەموو, وە فرەێک نالەباری تر هەستە ناسکو بێ گەردەکەی حەسەن زیرەکی ئەژاکاند وە وەک خۆی ئەی وت. هەندێ جار وا ئەزانم کێوی ئەلبورز هەرەسی کردوە بە مل مندا. لە ناو کۆڕی موسیقی رادیو تاران دا هەندێ موسیقی دانی زانا هەبوون کە قەدر وحۆرمەتی حەسەن یان بە ڕاستی ئەگرت وە هەمیشە بە ناوی مامۆستا و پسپور ناویان ئەبرد. حەسەن وحوسینی یوسف زەمانی کە برابون و کوردیش بوون یارمەتی حەسەن زیرەکیان ئەدا وە لە ئورکیستری گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک لە تاران بەشداریان ئەکرد. بەڵام بە تێکڕا باشترین بەرهەمی موسیقی بەشی کوردی ئەگەرێتەوە ئەو کاتەی کە کرماشان بو بە خاوەنی فرستندە سەد کیلوواتی, وحەسەن زیرەک لە تارانەوە بەرەو کرماشان کۆچی کرد وە گۆرانی(کرماشان شاری شیرینم) ڕەنگە یەکەم بەرهەمی حەسەن زیرەک بێ لە کرماشان. ئەو ئورکێستری یارمەتی دەری حەسەن زیرەک بو لە کرماشان گەلێ خۆماڵیانەتر بو, ئەگەر هەڵەم نەکردبێ ڕەئیسی اورکسترەکە کاک عەبدولسەمەدی بو کە قەرەنەی لێ ئەدا وە پەنجەی میرزادە و دەنگی ویالۆنەکەی حەسەن زیرەکی سەرمەست ئەکرد و پاشان سەنتوری پولەکی ئورکسترەکەی پڕتر ئەکرد. بریا موجتەبا میرزادە ئەو هونەرمەندە بەنرخەی کرماشان ئەی توانی لەم کۆڕەدا بەشی هەبێ وە سەبارەت بە حەسەن زیرەک قسە بکا. نازانم بۆچی, کاتێ کەویستم بە سەر حەسەن زیرەکەوە شتێ بنوسم شیعرەکەی گۆرانم لێ بو بە فیلمی سینەما, (وەکو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لێخندا) حەسەن زیرەک تا ئەو شوێنەی من ئەم ناسی عاشقی منداڵەکانی بو بەڵام چەرخی چەپ گەرد هیچ کاتێ بە مۆرادی نەگەڕا وە هەمیشە لە باری مادیەوە دەس کورت بو وە هەر وەهاش کە ئەزانن ئەم دەس کورتیە وەک ئاش هەست وهەناوی حەسەنی ئەهاڕی وە ئەگەر هەڵەم نەکردبێ دو جار لە سەر (چەک و سفتە) و پوڵ وقەرز خرایە زیندان کە بە یارمەتی دوکتور سەدیق موفتی زادە و بەرێوەبەرانی بەرنامەی کوردی و چەن کوردێکی تری دڵسۆز پوڵ و پارەیەک کۆ کرایەوە و حەسەن زیرەک لە زیندان هاتە دەر. ساڵانی ئاخری عومری حەسەن زیرەک تاڵ وناخۆش وەک خۆی ئەی وت: بێ خانە ولانە, سەردەمێک لە مەنتەقەی بانە چایخانەیەکی هەبوو وە ئەوانەی حەزیان لە دەنگی بو ئەرۆیشتنە ئەوێ. هەم خۆیان ئەدی وە هەم لە دەنگەکەشی لەزەتیان ئەبرد. کاتێ کە حەسەن زیرەک لە بۆکان لە بیمارستاندا بو خەڵکی دەستە دەستە بۆ دیتنی ئەچون بۆ لای, وە کاتێ خەبەری مەرگی حەسەن زیرەک بڵاو بوەوە ئەوکاتە (جعفریان) مۆعاونی رادیو و تلویزیونی ئێران دەستوری دا کە تشییع جنازەیەکی بە شکۆی لێ بکرێت و فرستندەی سەیاری کرماشان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بەرنامەیە بڕوات بۆ بوکان وە هەروەها دو تیپی فیلم بەرداری رادیو تلویزیون فیلمێکی کامڵی لێ بگرن کە لە شەبەکەی سەرانسەری ئێران دا بڵاو بکرێتەوە. کاتێ ئێمە لە کرماشان خەریکی ڕێک کەوتن بوین کە بڕوین بۆ بۆکان هەواڵ گەیشت کە حەسەن زیرەک ئەسپەردە کراوە, لە ناڵەشکێنە. حەسەن

زیرەک دنیای بێ بەقای بەجێ هێشت وە ئێستە ئەوەی لێ ی بەجێ ماوە دەنگە زوڵاڵەکەیەتی کە بە هیوا ین هەبن کەسانێ کە لە ئارشیوی خسوسی خۆیاندا گورانیەکانی هەڵ بگرن بۆ بەرەی داهاتو وە هەبن نوسەرانێک بە توانا, باسی هونەر و گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک بڵاو بکەنەوە. لە دوائیدا ئەبێ بڵێم (شکروڵای بابان) لە تەواوی تەمەنی هاوکاری حەسەن زیرەک لە ڕادیوی کوردی ئێراندا, یارمەتی دەری بێ درێغی حەسەن زیرەک بو و هەمیشە غم خۆری داهاتوی حەسەن زیرەک.
براتان ئەسعەد نەقشبەندی 1996/8/22

## یادی زیرەک لە تاران

**ئەنوەر سوڵتانی**

هاوینیساڵی 52 بوو. من لە تاران دەژیام. خوالێخۆش بوو,, حەسەن حەڵەبی (دیاکۆ)ش بە ژن و منداڵەوە لە تاران بوو. من هات وچۆیماڵیانم دەکرد لە گەڵیدا برادەر بووم. حەسەن, مێردی ,,زینەب خانم,,ی کچی,, مینەزیرەک,, برازای حەسەن زیرەک بوو.

لە گەڵ حەسەندا باسی ئەوەمان دەکرد رادیۆ وتەلەفیزیۆنی ئێران و بەتایبەت رادیۆی کوردی تاران(جێگری رادیۆ کرماشان), دوای ئەو هەموو ساڵەی وا حەسەن زیرەک هاوکاریی کردن و پرۆگرامەکانی رازاندنەوە, چۆن بوو لە ماوەی نەخۆشی و کەللەلایی و لە خەستەخانە کەوتنیدا, سەرێکیان لێ هەڵنەهێنایەوە و تەنانەت بۆ مەراسمی ناشتن و سەرەخۆشیەکەی کامێرایەکیان نەنارد فیلمێک هەڵبگرن. پاشان گوتمان ئەوە ئاکامی دۆستایەتی کردنی عەجەمە! و باشتر وایە خۆمان دەست بەکار بین.

دوای هەندێ باس و خواس وامان بە باش زانی بە بۆنەی چلەی کۆچی دوایی حەسەن زیرەکەوە, کۆبوونەوەیەک رێک بخەین و ئیعلانیش بڵاوبکەینەوە با کوردی دانیشتووی تاران بزانن و هەموو پێکەوە کۆڕێکی رێزگرتن لە کەسایەتی هونەریی ئەو هونەرمەندە مەزنە ببەستین.

هیچکاممان لە گەڵ ئەوەدا نەبووین کۆڕەکە لە مزگەوت ببەستین و بە دابی مردنی عادەتی, فاتیحەی بۆ بخوێنین و شریتی,, عبدالباسطا,, بڵاوبکەینەوە, حەسەن زیرەک و هونەرەکەی گەلێک لەو داب ورەسمانە دوور بوون, کراسێکی ئەوتۆ بە بەری هونەری ,,زیرەک,, تەنگ بوو.

نیگەرانی گەورەمان ئەوە بوو ساواک و پۆلیس کۆبوونەوەیەکی کوردانەی وا, بەکردەوەیەکی سیاسی لە قەڵەم بدەن و سەر و گوێلاکیان پەیدا بێت. هەردوکمان لە خۆمان دەترساین. من ئەو دەم لە کوردستان شاربەدەر کرابووم و دوای ,,مەنفا,,ی ئەراک, تازە هاتبوومە تاران, حەسەنیش هەر لە خۆی دەترسا. بۆ دور خستنەوەی شەڕی ,,ساواک,, وامان بە باش زانی کۆڕەکە لە زانستگە و هۆڵی گەورەی ئەوتۆ نەبەستین و لە ماڵی کوردێکی خۆماندا بەرێوەی بەرین. ماڵی هیچکام لە ئێمە بە کەڵکی ئەوە نەدەهات. حەسەن لە گەڵ کاک ,,حوسێنی مەدەنی ,, کە ئەودەم ماڵی لە شەقامی ,, سەلسەبیل,,ی تاران بوو, قسەی کرد و ئەویش ئیجازەی پێ داین کۆڕەکە لە ماڵی ئەو ببەسنین. کاک ,,فەتاحی کاویان,,یش لە قاتی سەرەوەی هەمان ماڵدا دەژیا.

ئیعلانێکمان بە زمانی فارسی نووسی و رۆژو سات وشوێن وبۆنەی کۆڕەکەمان تێدا راگەیاند و بردمان بۆ چاپخانە, هەر چاپخانەیەک چووین گوتیان ناتوانین چاپی بکەین بە بێ ئیجازەی ,,وەزارەتی اطلاعات,,. دەبوایە بمانبردایە بۆ وەزارەتی اطلاعات  و نەک هەرنیگەرانی ئەوەبووین ئیجازەی چاپی پێ نەدەن, بەڵکوو دڵەتەپەپێی ئەوەشمان هەبووو بڵێن ئێوە کێن وئەم کارە بۆچی دەکەن.

لێرەدا بوو کەوتینە بیری بەشی کوردی رادیۆ تاران کە ئەویش بەشێک بوو لە وەزارەتی اطلاعات و ئیدارەکەی لە گەڵ ئەودا لە یەک  شوێن بوو. گوتمان هەر چۆنێک بێت, لەوێ هەندێ کوردی دڵسوزی لێ کۆبۆتەوە و دەکرێ هەم کارەکەمان بۆ راپەرێنن و هەم بەشداریی کۆڕەکە بکەن.

هەرواش بوو. پێکەوە چووین بۆ وەزارەتی اطلاعات و بەشی کوردی لە ژێرزەمینی بیناکەدا, لە بیرم نییە لە گەڵ کێ دا قسەمان کرد بەڵام لە بیرمە سێ چوار کەسی لێ بوو, هەموویان بە پێشوازیی کارەکەوە هاتن و بەڵێنی بەشدارییان دا. یەکێ لەو برادەرانە گوتی ئیعلانەکەش بۆ مۆرکردن و ئیجازە مەبەن, من دەیبەم, هاسانتر و زووتر بۆتان تەواو دەکەم. ماڵی ئاوەدان بێت رۆیشت و دوای چەند دەقیقەیەک بە کاغەزی مۆرکراوەوە گەرایەوە!

ئیعلانمـان بـەو ماڵانـەدا وا دەمانناسـین بڵاوکـردەوە, بردمانـە ,,خوابگـاە,, واتـە شـوێنی حـەوانـەوەی خوێندکارە کوردەکانی زانستگەی تارانیش, مێزوکورسی وکەرەسـەی چـایی و میوەشـمان بـەکرێ گـرت و خۆمان بۆ ئامادە کرد.
ژمارەیەک شریتی ئەم دواییانەی حەسەن زیرەک وەک,, پایزە لە من,, وە هەوری لار,, و,, خاڵەی ڕێبـوار و ,,بارانە,, واتە هەوای خاو وهێدیمان هەڵبژارد وبە دەنگێکی نەرم لە ژوورەکەدا بڵاومـان دەکـردەوە. دوو برادەریشمان دیاری کرد لە بـەر دەرگـای دەرێ ڕاوەسـتن ولـە گـەڵ ڕێنمـونی کردنـی میوانـەکانـدا, پێیـان ڕاگەینن ئەوە مەجلیسی سەرەخۆشی و فاتیحەخوێندن نییە و تەنیا بۆ ڕێزگرتن لە یادی هونەرمەندێکە و هیچی تر وابزانم یەکیان کاک ئەنوەری ئێران زادە بوو.
لە بیرمە خەڵکەکە کە دەهاتنە ژوورێ و هەموو بەرووی خۆش و شادەوە دادەنیشتن تـەنیـا کـاک,, مطلـب باخچەیی,, هات و فاتیحەی دادا, وادیار بوو برادەران لە بەر دەرگا پێیان نەگوتبوو!
خەڵکێکی باش – نزیکەی 50 کەس کۆبوونەوە. لە ئیدارەی رادیـۆوە یادیـان بـەخێر بێـت کـاک سـوارەی ئیلخانی زادە و دوکتور محمەد سەدیق موفتی زادە وەهەروەها زانای بە ناوبانگ مەلا جەمیلی رۆژبـەیـانی و چەند کەسی دیکەش هاتبوون کە من مخابن ناویانم لە بیر نییە. هەرسێ ئـەو کـەسـانە قسـەیـان کـرد. دوکتور موفتی زادە سەبارەت بە حەسەن زیرەک و ماموستا جەمیل و کاک سوار لە سەر مۆسیقای کوردی دوان. یەکەمیان ئەوەندەی لە بیرم بێت باسی هۆرەی جافی کردو پـەیـوەنـدیی داوە بـە ,,ئـەهورامـەزدا,,ی زەردەشتیەوە.
شریتی دەنگی هەرسێ کەسەکە, تا رۆژێک کە کاک حەسەن(حەلەبی) بە تەسادفی ماشێن لە دەست چـوو, واتە چوار پێنج ساڵێک دوای ئەو ساڵە, هەر لای ئەو مابوو و پاشان دەزانم کەوەتە دەست زێنەب خانمی خێزانی, ئیتر نازانم ئەو پاراستوویەتی یان نا.
دوای رۆیشتنی میوانەکانی رادیۆ, کۆڕەکەمـان بـوو بـە خۆمانـە هـەمـوو ناسراوی یـەکتـر بـووین. ئینجـا گەنجـەکـان هـەنـدێ شریتی کرژتـری حـەسـەن زیرەکیـان بڵاوکردەوە و وردە وردە دەسـتی شـایی گیـرا! هەڵپەرکێیەکی خۆشی کوردانەمان کرد و بە یادی ئـەو گـەورە پیـاوەی هونـەری کـوردی کـاتێکی خۆشـمان رابوارد.
جگە لەو مەراسمە, هەروەها لە بیرمە بۆ حەوتەمین رۆژی مردنی حەسەن زیرەک لە بۆکانیش مەراسمێکی خۆش گیرا. دوای نیوەرۆی جومعەیەک بوو خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە و لـە تـەلـەڤیزیـونی مـەهابادیشەوە تاقمێک هاتبوون فیلمیان هەڵدەگرت. ووت و وێژێکیشیان لە گەڵ کـاکم – عومـەری سـوڵتانی,, وەفـا,, دا کرد لە گەڵ هەندێ خەڵکی دیکەشدا. کـاکم دۆسـتی حـەسـەن زیرەک بـوو وە دەبـێ بیرەوەری زۆری لێـی هەبێت.
ئەنوەری سوڵتانی 96/9/20لەندەن

## زیرەک و شارێک

لە بیرم نایات کەی بۆ یەکەم جار گوێم لە دەنگی حەسەن زیرەک بووە, بەڵام لە بیرمە کە مێرمنداڵ بووم و رادیۆیەکی چکۆلـەی گیرفانیم هەبووو کە بە 5تمەنی ئێران کڕی بووم, رادیۆیەکی زەرد ڕەنگ کـە پێیـان دەکوت«رادیۆی کتێبی». بەم رادیۆ چکۆلە هەمووو رادیۆ کوردیەکانی ئێران وعێـراق بـەتایبـەت بـەغدا و کرماشانم دەگرت و هەر لەو کاتەوە کە کەوەکانی رادیۆی بەغدا وە قاسپەکردن دەکەوتن هـەتـا ئـەو کاتـە کە چیرۆکی شەوی کرماشان کۆتایی پێدەهات بیسەری بەرنامەکان بووم.
هەر کە حەسەن زیرەک دەنگی لە رادیۆوە هاتبا ئەوە دەنگی رادیۆم هەتا ئاخر بـەرز دەکـرەوە. لـە مـاڵـی ئێمەش وەک دەرو جیران هەمیشە دەنگی رادیۆ دەهات, هەر لە زەمانی رادیۆی ئەندەریاوە کـە زۆر گـەورە

وزەلام بوو, ئانتێنی هەبووو دەبوو سیمێکی لێ ببستی و سەری سیمەکە  لە ناو پەرداخێک ئاو راکەی بۆ ئەوە دەنگی باش و بێ پارازیت بێ. زۆرجاران ئەمریان پێ ئەکردم کە هەڵێم  دەنگی  ئەو رادیۆیە بەرز کەمەوە لە بەر ئەوە حەسەن زیرەک گۆرانی دەڵێ,ئەوەش هەر لە ماڵی ئێمە وا نەبوو,هەموو دەرو جیران بە بیستنی دەنگی زیرەک هەتا ئاخر نەفەس دەنگی رادیۆیان بەرز دەکردەوە, بەم پێیە لە هەموو گەڕەکەکانی شار, لە هەموو ماڵ و دووکانەکان دەنگی زیرەک بەرز دەکرایەوە, لە یەک کات و ساتدا شار دەکەوتە ژێر دەنگی حەسەن زیرەکەوە.

کەم کەس هەبووو دژبە حەسەن زیرەک قسە بکات,هەموو کەس دەیزانی زیرەک ئارەق دەخواتەوە, هێندێک کۆلکە مەلا و وشکە موسڵمانی نەزان هەبوون جارو بار قسەی پیسیان لەدەم هاتە دەر, بۆ وێنە دەیانکوت حەسەن زیرەک لە سەقز کابارەی داناوە و رەقاسەی هێناوە! ئەمەش لە بەر چاوی مەبارکی ئەوانە مانای ئەوە بوو  کە حەسەن زیرەک قەحبەخانەی داناوە. ئەو دەمە من 10 یان 11 ساڵان بووم. بیستبوم کە حەسەن زیرەک هوتێلێکی لە سەقز داناوە و بۆخۆی لەوێ گۆرانی دەڵێ. ئارەزوم ئەوە بوو کە رۆژێک سەر بەم هوتێلە سێ ستارەیەدا بکەم و لە نزیکەوە ئەم شوێنە ببینم. بۆ من ئەو کارەی زیرەک زۆر گەورە بوو, هەر چەند زۆر منداڵ بووم بەڵام هەستم بەوە دەکرد کە ئەم کابرایە دەبێ ئینسانێکی زۆر بەرز و نەترس بێ کە لە شوێنێکی وا دواکەوتو, کابارەی داناوە و هونەری خۆی و کەسانی دی پێشکەش دەکات. بە داخەوە قەت بەو ئاواتەنەگەیشتم کە یەکەم کابارەی کوردستان ببینم. هەتا گەورەتر دەبووم حەسەن زیرەک لام خوشەویست تر دەبوو, لام گرینگ نەبوو خەڵک دەڵێن چی! زیرەک بۆمن کە لە شارێکی داخراودا دەژیام ومێشکم پڕ لە پرسیار و ئیدە بوو, مرۆڤێکی سونەت شکێن بوو, مرۆڤێکی ئازاد بوو, هەر بۆیە کارەکانی ئەوم لە قسەکانی موعەلیمی دینی وقورئان و شەڕعیات لا گرینگتر بوو, بۆیە دایم بە شوێن هەواڵ وکارەکانی زیرەکدا دەرۆیشتم. دەیانکوت زۆر دەچێتە مەیخانەکەی مینە زیرەکی برای. زۆر رۆژ و شەوان دەچووم لە بەرانبەر مەیخانەکە, کە لە فەلەکەی سەرێ بوو دادەنیشتم و چاوەڕوان دەبووم بەڵکو حەسەن زیرەک دەنگی بێت و بتوانم لە نزیکەوە بیبینم. بەڵام زیرەک لێرەش پەیدای نەبو. رۆژێک بیستم کە زیرەک ماڵی هاتۆتەوە بۆکان و لە لای گەڕەکی دەرمانگا لە ماڵی فلان قەساب, ژوورێکی بە کرێ گرتوە. چەند رۆژان هات و چۆ و چاوەڕوانی لێرەش سودی نەدا. لەنکاو لە ناو شاردا بوو بە مقۆمقۆ کە زیرەک دێتە سەر شایی ماڵی حەسەن زادە. بە هەڵەداوان لە گەڵ چەند کەس چووینە بەر دەرکی ئەو ماڵە لە نزیک پۆمپ بنزینی حەبیب زادە. رێگا نەبوو کەس بچێتە ژوور پڕ لە حەشامەت بوو, سەربان و حەوش و بەر دەرگا و پیادەڕەو هەمووی پڕی خەڵک بو. بە دەگمەن دەبیسترا کە حەسەن زیرەک بێتە سەر شایی, ئەو رۆژە محمەد مامڵێ شایی دەگێڕا,لە پڕ کوتیان حەسەن زیرەک هات, بە بەر دەماندا رۆیشتە ژوور, پیاوێکی لەری رەشتاڵە بەڵام خوێن شیرین و رووخۆش. بە بیستنی ئەوەی حەسەن زیرەک هات شایی و داوەت وێستا. لێرە بۆ یەکەمجار لە نزیکەوە گوێم لە دەنگی بو. جاروبار رێگای دەکەوتە باخی میراوا, باخی میراوا سیرانگای نە تەنیا شاری بۆکان بەڵکو سەیرانگای شارەکانی تریش بوو، زۆرجاران گۆرانی بێژان دەهاتن و دەبوە جێژن و گۆرانی و هەڵپەرکێ. باخی میراوا کە باخی بلاڵوک و قەیسی یە، کەوتۆتە بەری گوندی میراوا لە تەنیشت چۆمی تەتەهو (سیمینە). هەرچەند هاوینان زۆرجاران دەچوینە باخی میراوا و زۆر گۆرانی بێژی بەناو بانگی کوردمان لێرە دەدی, بەڵام لێرە قەت چاومان بە زیرەک نەکەوت.

خەبەری کاروباری زیرەک دەم بە دەم لە ناو شاردا دەگەڕا, لە هەر شوێنێک لە ئێران و یان عێراق بایە خەبەرەکەی دەگەیشتە شارو بڵاودەبووە. ئاخرجار لە شاردا بڵاو بووەکە زیرەک لە بانە قاوەخانەی هەیە وپاشان کوترا حەسەن زیرەک دیار نیە..

سالی 1351 لە شاری تەورێز دەرسم دەخوێند, خەبەرهات کە حەسەن زیرەک  نەخۆشە ولە نەخۆشخانەی بۆکان کەوتوە. من نەمدەتوانی بچمەوە بۆکان دەبوو هەتا بەتاڵی جێژنی نەورۆز راوەستم. 15 رۆژیان تەحتیل کردین و گەڕامەوە بۆکان. بیستم کە لە نەخۆشخانە نەماوە و لە ماڵی

ساراخانمی خۆشکێتی. ماڵەکەیان لە خەیابانی سەقز رووبەروی مەدرەسەی بۆعەلی بوو کە هەر 200 مەترێک لە ماڵی ئێمەوە دور بو. هەر لە بەیانیەوە هەتا درانگی شەو خەڵک دەهاتن و دەچون, هەر دەستەیەک دەچوە ژوور و دەستەیەک دەهاتە دەر. ئەم 15 رۆژە هەموو شەوێک دەچومە بەر دەرگای ئەو ماڵە و قەدەمم لێ دەدا. هەر خەیاڵ و پرسیار بوو لە مێشکمدا : بڵێی ئێستا خەوتبێت, رەنگە ماندو بێت, ئایا ئەگەر بچم ئازارەکەی زۆرتر نابێ؟ ئایا موزاحمی نابم؟ ژوورەکەی پەنجەرەیەکی بچکۆلانەی بەرەو رووی شەقامەکە هەبوو, هەموو شەوێک هەتا چرا نەکوژابایەوە ئەوە من قەراوڵی بەر ئەو دەرگایە بووم. چەند شەو داوام لە کاک رۆستەم کرد لە گەڵم بێ,ئەو کە لە کۆنەوە هەر لە ماڵی ئێمە بوو زیرەکی باش دەناسی و دۆستایەتی لە گەڵی هەبوو. رۆستەمی زاڵیش نەیتوانی زاتی من بشکێنێ بۆ ئەوە بچمە ژوور. 15 رۆژ تەواو بوو گەڕامەوە تەورێز.

کاتێک کە مەدرەسە تەواوبو گەڕامەوە بۆکان, بەڵام کە من گەیشتمەوە حەسەن زیرەک بۆهەمیشە ماڵئاوایی کردبو. دەیانگوت هەموو شوێن داخراوە و خەڵک بەتەواوی لە گەڵی چوونەتە گۆرستان. چەند رۆژ دوای ناشتنی رادیۆی مەهاباد دەستی بەکار کرد,ڕایان گەیاندبوو کە ئەو رۆژە ئاخرین گۆرانیەکانی زیرەک کە لە نەخۆشخانەی بۆکان کوتویەتی بڵاو دەکرێتەوە. دەرو جیران لە ماڵی ئێمە کۆببونەوە, دەور تادەور ژنانی گەڕەک و خزم و کەس دانیشتبوون و چاوەڕێ بوون. دوا چریکەکانی زیرەک کە دوا هەناسەکانی بوو، ببوونە ئەم گۆرانیانە:

«مودەتێک ئاوارە بووم و سەردەمێکیش دەربەدەر, قەت نەمدی رووی ئاسودەگی, هەر تووشی گێرەو قەرقەشم.»

فرمێسک بە لا چاوانی هەموو ئەو ژنانە کە لە ژوورەکەدا دانیشتبوون دەهاتە خوار, کەس دەنگی لێوە نەدهات, زۆریان لە بەر خۆیانەوە , خۆیان دەلاواندەوە, لاوانەوەی ئەو رۆژەی ئەو ژنانە, خۆشەویستیان بەرانبەر بە ئەو ئینسانە, هەستێکی گەرم وپاک وخاوێنی لە مندا دروست کرد. ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم ئەو ژنانە هیچیان نەماون, بەڵام هەست و حاڵەتەکانیان لە مندا ماونەتەوە. یەک لەو ژنانە دایکم بوو کە سێ مانگ پاش مەرگی زیرەک هەر لەو نەخۆشخانە, لەژێر دەستی هەمان دوکتور یارمحەمەدی, لە تەمەنی 35 ساڵی دا ژیانی دوایی هات.

## یاڵا شوفیر

باوکم مینی بوسێکی کڕی بوو, لە نێوان سەقز و بۆکان و شارەکانی تر موسافری دەهێناو دەبرد. رۆژێکیان ماشین پڕی موسافیر بوو, حەسەن زیرەک هات سوار بوو, چاک وخۆشیمان کرد و لە شوێنێک دانیشت. من کرێی ماشێنەکەم کۆ دەکردەوە, بێ ئەوە داوای پوڵم لە کاک حەسەن کردبێ, روی تێکردم و کوتی: « حەسەن گیان پارەم نیە, لە جیاتیان گۆرانی یەکت بۆ دەڵێم.» بۆ یەکەمجار گۆرانی یاڵا شۆفیری بۆ کوتین. ئەمە قسەکانی حەسەن فەرشی دۆستی نزیکی حەسەن زیرەک بو. ئەویش لە هەمان نەخۆشخانەی بۆکان لە ساڵی 1364 لە تەمەنی 32 ساڵی دا ژیانی کۆتایی پێ هات.

## حاجییەکانی بۆکان

ساڵی 1335 (1956) باوکم لەگەڵ کەسانێکی تر لە بۆکانەوە بە نیازی حەج وەڕێ دەکەون. سەفەرەکەیان کە بە پێیان و سواری و ماشێن و پاپۆر بووە 6 مانگ دەخایێنێت. لە گەڕانەوەدا دەگەنە بەغدا. ئەو کات زیرەک لە بەغدا بووە و دەبیستێتەوە کە حاجی بۆکانی لە بەغدان. زیرەک دەچێ و دەیان دۆزێتەوە. باس وخواسی بۆکان دەکرێ و گەلێک گۆرانیان بۆ دەڵێ و داوایان لێ دەکات وەکیلی سەلامان بن. زیرەک لای باوکم رێزو حورمەتی زۆری بو. ئەویش ساڵی 1369 (1980)لە هەمان نەخۆشخانەی بۆکان ژیانی کۆتایی پێ هات.

## غەریب و تەنیا لە تەورێز

(کاکم بۆی گێڕاومەوە):

شەو درانگان بوو لە سینەما دەهاتمەوە, سەعات لە 12 لای دابوو, بە پەلە دەمویست بگەمەوە هوتیل. لە بێ دەنگی شەودا دەنگی گۆرانی دەهات, بێ ئەوە بزانم بۆ لای دەنگەکە دەکێشرام. لاشم سەیر بوو بەم شەوە درانگە, لەم شارە غەریبەدا ئەم دەنگە کوردیە ئاشنایە کێیە. دەنگی زیرەک بوو, کە نزیک بوومەوە دیتم چۆتە ناو جۆگەی قەراخ شەقامەکەو بە هەموو هێزی خۆی گۆرانی دەڵێ, ئەویش لە شاری تەورێز. ترکەکان ئازاریان دابوو, ئەویش مەستی دەکا و لە داخی ترکان لە ناو ئەو جۆگەدا بە هەموو هێزی خۆی دەکەوێتە گۆرانی دەکوتن بە زمانی کوردی.

نوامبری ساڵی 1996

# نامەکان

## زیرەک و...

**کاک بارامی ئازیز!**

کاک ئەنوەر بۆی نووسیبووم گوایە خەریکی بەڕێوەبردنی جەژنی ساڵرۆژی بیرەوەری و لە دایک بوونی حەسەن زیرەکی. کارێکی جووانە.
ئەوەی من لە بیرەوەریم دا سەبارەت بە حەسەن زیرەک هەمە, لایەنی نەهونەری یەکەیەتی, واتە هەڵس وکەوتی ئەو سەردەمەی لە عێراق گەرابووە. بە تەواوی ناسراو بوو, لە بیرمە لە شایی ماڵی حەڵەبی کە ئەو کاتە لە تەنیشت حەوزەکەی بۆکان بوو بەزمگێڕ بوو, بە پاتۆلێکی زەردی ئینديگۆی ئەفسەری یەوە هەڵدەپەری, ژن ومنداڵ هاتبوونە تماشای, ئەو کات من منداڵ بووم, وەکو هەموو خەڵک منیش سەیری ئەو دەم وچاوە پنوک پنۆکە ڕەش هەڵگەڕاوەیم دەکرد. ئەو کاتە ماڵی ئێمە لە تەنیشت ماڵی وەستا کەریم بوو, واتە لە لای ماڵی مینەوەلی و حەمە ڕەشیدی روستەم پاڵەوان لە پشتی قەڵای سەردار. ئەو کاتە رەحمانی کوڕی وەستا کەریم ژنێکی بوو بە ناوی خاتوون. خاتوون ژنێکی سەوزەی کورتەباڵای خروخۆڵی ڕەزاشیرین بوو, نازانم چ ماوەیەک بوو لە لای رەحمان بوو, رۆژێک بوو بە دەنگۆ کە خاتوون ڕەدوو کەوت. خاتوون وون بوو. کەس بە مەزڵ و مەکانی نەزانی. رەحمان کەوتە پێی وشوێنی. چەند مانگێکی پێ چوو تا خەبەر هات کە ئەو ژنە حەسەن زیرەک هەڵیگرتووە, ئیدی بێ سەروشوێن چوو و ناوی لە کوولەکەی تەریش دا نەدەهات. کەس نەیزانی چی لێ بە سەر هات, ساڵ هاتن و رابردن کەس بە هەواڵی خاتوونی نەزانی, کەسیش نەیزانی حەسەن زیرەک ئەو ژنەی بۆ کوێ برد؟ چی لێکرد؟ واهات جارێکی دیکە لە داوەتی کەسێکی من دا لە بۆکان میدیەی زەندی کە ئەو کات ژنی حەسەن زیرەک بوو هات دە دەستمەوە, ژنێکی خوێن گەرم و قسە خۆش و جەفەنگی بوو, هەموو کەس پێی خۆش بوو لە گەڵی هەڵپەرێ و بیدوێنێ, ئەو شادی وخۆشی یەش ئەو رۆژە وەبەر من کەوتبوو, زۆرم پێخۆش بوو سەری قسەی لە گەڵ دامەزرێنم کە چی ئەو بۆخۆی دەستی پێکرد و کوتی بیستومە ژنت نییە نەخشەت لێ بێ! ئەو کاتە من کوتم جارێ بۆ من زووە با بگەمە تەمەنی حەسەن زیرەک منیش لە جیاتی یەک هەر بە چەند ساڵ ژنێکی دێنم, ئەوەندەی من لە بیرم بێ ئەو لە بۆکان ژنێکی دیکەشی هەبووە گوایە ناوی خاتوون بووە و هەڵیگرتووە بڵەی تۆ بە خەبەری بزانی؟ پێکەنی و کوتی جا حیسابی ئەو ژنانەی کە حەسەن هەیبووە کوا بە من دەکرێ؟
ئەوەندەش دەزانم کە لە شنو قاوەخانەی بووە و بە کەساسی ژیاوە, زۆر کەس هاتوچۆیان کردووە و یەک لەوانەش ئێستا لە ویەن دەژی.
حەسەن زیرەک لە گەڵ حوسەین کوردی برای نێوانی نەبوو, هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ژنی حوسەینی هەڵگرتبوو. گوایە ئەو ژنەی لە حوسەینی برای هەڵدەگرێ فاتمە خانم ناوێکی تەورێزی دەبێ. هونەرمەند هیچیان لە خەڵکی ئاسایی ناچێ. بە داخەوە حەسەن زیرەک گوایە ئاخر مانگەکانی ژیانی لە نەخوشخانەی بۆکان بە هەژاری و دەردەداری تێ پەر کردوبوو, خەڵک بۆ دیدار و دڵدانەوەی دەستە دەستە چووبوونە لای.
خوالێخۆشبوو حەسەنی حەڵەبی مێردی زینەب خانمی کچی مینە زیرەک لە تاران پاش مەرگی حەسەن زیرەک مەجلیسی پرسە و سەرەخۆشی بۆ دانا. کتێبێکی لە گۆرانی یەکان و شیعرەکانی حەسەن زیرەک ئامادە کردبوو, خەریک بوو لە چاپی بدا. نازانم مولەتی دا یان نا؟ چونکە ئەویش ئەو کاتەی رەئیسی

فەرهەنگی کامیاران بوو بە ماشێنەوە چووە ژێر ترێلی و بەداخەوە خزم و کەس و خۆشەویستەکانی داغدار کرد.
حەسەن زیرەک لە گەڵ ئەوە کە سەوادی نەبووە بەڵام تەبعی شیعر و بیرێکی تیژی بووە بۆ لە بەرکردنی ئەو ئاهەنگ و شیعرانەی کە بە گوێی گەیشتوون.
حەسەن زیرەک هونەرمەندی گەلێکی بێ خودان و بێ دەوڵەت بوو کە بە هەژاری سەری نایەوە ئەو هونەرەی هەرەبەرچاوی بە میلیون مرۆڤی کوردە کە سەرهرای توانایی وشیاویی و هونەری خوا پێداوی, بێ پشت و پەنا و بە هەناسە ساردی دەبێ لە گۆشەی ماڵە چولێک دا بە هەژاری سەر بنێتەوە.
هیوادارم سەرکەوتوو بی.
هەربژی و سەرکەوتووبی دڵسۆزت گۆران – ویەن 97/7/3

---

برای بەرێزم کاک برایم،
وێرای جوانترین سڵاو, شادی وتەندروستی هەموولایەک لە یەزدان دەخوازم. کاکە گیان نامەکەت گەیشتە دەستم. لە ئاشنایەتان پڕ بە دڵ خۆشحاڵم وسپاسی برایەتیت دەکەم. سەبارەت بە کۆنگرەی یادی حەسەن زیرەک, سەرکەوتنتان بۆدەخوازم وسڵاوم هەیە بۆ هەموو تێکۆشەرانی ئەم ئەرکە گرینگە.
کاکە گیان, من کەمتاکورتێک حەسەن زیرەکم دەناسی وهاموشۆیم هەبوو, چونکە لە گەڵ مێدیاخانمی خێزانی لە تاران و کرماشان هاوکار بووم. بەڵام بە راستی ئێستا دەرفەتێکی وا نەماوە کە بتوانم وتارێکی لە سەر بنووسم و دیارە بۆ هێندێ بیرەوەری لەم بابەتەوە بکەم, بەڵکو یەزدان یاربێ و لە دەرفەتێکا ئەم کارە بکەم.
برایم گیان, پارەکە لە مەهاباد یەک دوو هۆگری هونەر کاسێتێکی ویدئۆیان لە گۆرانیەکان و بەسەرهات و وتوێژ, سەبارەت بە زیرەک بڵاوکردەوە. نازانم ئەوەتان بە دەست گەیوە یان نا؟
//////////////////////////////////////////////////////
/////////////////////////////////////////////////////////////
//////////////////
ئەگەر ئەو کاسێتەتان لە لا نییە بە تەلیفوون پێم بڵێ هەتا دەفکری پەیداکردن و ئیجازە وگومرگ وکاری ئیرشادی وشتی وای دابم و بۆتانی بنێرم.
//////////////////////////////////////////
/////////////////////////////////
هەر بژین براتـ ئەحمەد شەریفی
75/7/30

---

برای شیرینم کاک فەرشی, رۆژتان باش
بە هیوای کامەرانی و خۆشبەختی و لەشساغی و سەرکەوتنی بەردەوامتم.
نامەی 7/8 وبانگەوازەکەتان هاتن. نامەی پێشوویشتان و کتێبە بچکۆلەکان گەیشتن و وەڵامیشم بۆ نووسینەوە. ئومێدم وایە وەڵامەکەمت بە دەست گەیشتبێ.
بەش بەحاڵی ئەم نامەیەی دوایی, لە بەر ڕووناکی نامەکەت و ئەو شتانەی تیاتدا نووسیبووت سەرەتایەکم بۆ بانگەوازەکە نووسی و بانگەوازەکە و سەرەتاکەم بە سێ نوسخە نووسینەوە و دامن بە گۆڤاری (ڕەنگین) و رۆژنامەی (هاوکاری) و پاشبەندی کوردیی ڕۆژنامەی (العراق) بە مەبەستی

بڵاوکردنەوە و گفتیان دامیَ کە بڵاویان ئەکەنەوە. کە بڵاویش کرانەوە, لە هەریەکی ژمارەییَ دوانتان بۆ ئەخەمە پۆستە و بۆتان ئەنێرم. پێشەکی هیوای سەرکەوتنی سیمینارەکەتان ئەکەم. ئیشەڵڵا کارێکی وا بۆ سەد ساڵەی ڕۆژنامەی کوردیش ئامادە بکرایە کە ئەوەندەی نەماوە.
ئیتر سڵاوم بۆ دۆستان و ناسیاوان و هەر بژین.
براتان: محمدی مەلاکەریم
1996/8/4

---

برای بەڕێز و خۆشەویست کاک برایم
_ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _
_ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _

مخابن من نەمزانیوە شێوەی یادەکەی حەسەن زیرەک – تان بە شێوەی وتاری جیاجیا بووە, یان چۆن؟ حەز ئەکەم کەمێک ئاگادارم بفەرموون,چونکە لێت ناشارمەوە منیش شەقی زەمانە هاویشتمیە زیندانی تەک حەسەن زیرەک, لە زیندانە جیاجیاکانی سلێمانی و کەرکوک وبەعقوبە وخانەقیندا, و بیرەوەری زۆرم لە گەڵیا هەیە, کە ئەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی 1967 و هەر دوای ئازادبوونیشم, کە بە داخەوە حەسەن زیرەک بە سەریا کۆچی دوایی کرد, زنجیرە وتارێکی دوو ئەڵقەم لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ساڵی 1972– دا نووسی و, ئەگەر هەندیَ گریَ و ڕیَ پێگرتنی لاوەکی نەبووایە ڕەنگ بوو هەر ئەو کاتە زۆرتریشی لە سەر بنووسم: کە دڵنیام جەنابت ئەو هەواڵەمت زۆر پێخۆش وپیَ مەبەستە,بۆیە بە چاکی ئەزانم ئاماژە بۆ ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ژین)ی ئەو سەردەمە بکەم,کە هەر بە ڕێکەوت لە دەفتەری یاداشتەکانی خۆمدا خوشبەختانە, ئەو ژمارانەم پاراستون و بەمجۆرەن:
1– ژین – ژمارە 82ی ڕۆژی 1972/8/31
2– ژین – ژمارە 83ی ڕۆژی 1972/9/7
بەواتایەکی تر: ماوەی بیست وچوار ساڵ ونیو,لەمەوبەر, من دوو وتارم لە سەر حەسەن زیرەک نووسیون,کە ئێستاکە لە ڕووم دێت بڵێم ڕەنگە من یەکەمین کەسێک بووم شەڕەفی ئەوەم پیَ برابیَ,بەر لە هەمووو کەس لە سەر ئەو هونەرمەندە نەمرە, وتارم نووسیبیَ,کە ئەگەر ئەو دوو وتارەی لەو هەرەتی لاوی و هەرزەکارییەمدا, نووسیومن, بە چاوی ئێستا سەیریان بکریَ,ئەشیَ زۆر هونەری نەبیَ, بەڵام هەر بۆ مێژوو, بۆ ڕاستی و بۆ ئاگاداریتان, بە چاکم زانی ئەم هەواڵەتان بۆ بنووسم و ئەگەریش ویستتان ئەو دوو وتارە, لە گەڵ یادگارەکانی تری حەسەن زیرەک دا چاپ بکەن,ئەتوانم و لێرەوە دەستم ئەگاتە سلێمانی و بۆتانی پەیدا ئەکەم. هەر کاتیَ ویستتان, ئەمر بفەرموون, ئەیخەمە سەر چاوم.
_ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _
_ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _
_ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _

براتان محەمەد حەمە باقی
سەقز 1996/9/7–6

---

**عەلی عەبباسی**

کاک برایمی بەڕێز و خۆشەویست
_ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

به هەواڵی ڕێزگرتن لە 70 ساڵ تەمەنی خوالێ خۆش بو حەسەن زیرەک زۆر کەیف خۆش بووم, هیوام ئەوەیە کە هەمیشە لە ڕێگای خزمەت بە فولکلۆر و فەرهەنگی نەتەوەکەت دا سەرکەوتو بیت, بە ڕاستی هەنگاوێکی باشە بەڵام ترسم لەوەیە کە قالە مەرە و مێدیای زەندی نەتوانن ویزای آلمان وەرگرن و کۆڕەکە کۆنەبێ.

بێ گومان زیاتر لە چونیەتی کارەکە ئاگادارم دەکەی و «بەرواری!!» دەقیقی پرۆگرامەکەم پێ ڕادەگەیەنی چون لە گەڵ زۆربەی کوردەکان کە قسەم کردوە هەموو ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لەم ئاهەنگەدا دەربڕیوە تەنانەت ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئالمانیش دەژین- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

برات عەلی 19-8-96 فرانکفورت

برای خۆشەویست کاکە برایم

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

زۆرم پێ خۆش بو بزانم دەقی بەرنامەی ڕێزگرتن لە ژیانی حەسەن زیرەک چۆنە, ئایا تەنیا تایبەتی گۆرانی وتن وخستنە بەرباسی ژیانی ئەو هەیە وە یا خۆ جگە لەمە ئاهەنگێکی کە بەرێوە دەچی یان نا؟

لە سەر ژیانی ئەو شتێک نوسراوە یان نا, ئایا دەسترەسیت بە چریکەی کوردستان کە لە زەمانی حەیاتی خۆی دا زیرەک دەری خستوە هەتە یان نا. تکایە بە وردی بۆم بنوسە شاید بتوانم منیش یارمەتیت بدەم.

برات عەلی 10–9–96 فرانکفورت

---

کاک بارام گیان سڵاوت لێبێ!

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

پێموایە حەسەن زیرەک شایانی وەیە هەمووو ساڵێ یادی بکەیەوە و ڕێزی لێبگری. بەرنامەکەت لەو بوارەدا هەنگاوێکی بەجێیە و هیوامە بە سەرکەوتوویی بۆت بەرێوە بچێ. بە لەبەرچاوگرتنی بانگێشتنکراوەکان وێدەچێ بەرنامەکە چەند ڕۆژان بخایەنێ! پێموانییە ئەو هەمووە بانگکراوانە دەبەرنامەی شەوێکی سێ, چوار سەعاتەدا بگونجێن! بەڵام وادیارە هەناسەت لە جێیەکی گەرم دێتە دەر و لە خەرج و قورسایی بەرنامەکە ناترسی! هیوامە سەرکەوتووبی وئەو بەرنامەیەت بە باشترین شێوە بۆ بلوێ. بەشبەحاڵی خۆم پێموایە لەو بوارەدا چم لە دەست نایە. هیوامە بتوانم وەک بینەرێک بەشداری بکەم. بۆ ئاگاداریت مامڵێ بەداخەوە تووشی نەخۆشی فەرامۆشی (alzheimer) بووە و دەڵێن ئێستا کەس ناناسێتەوە! مامڵێ و قالەمەرەش شایانی وەن بە تەنیا بەرنامەیەکی ڕێزگرتنیان بۆ دابنرێ. بە کورتی میوانەکانت هەموو جێی ڕێزن بەڵام سەرەرای وان پێموایە زۆر بەجێ دەبێ ئەگەر «مستەفا دادار» ببینییەوە وبانگی بکەی. بە ڕاشکاوییەوە دەتوانم بڵێم کە هیچ دەنگێک ناتوانێ وەک دەنگی مستەفای دادار خۆ لە قەرەی دەنگی حەسەن زیرەک بدا. کە گۆرانییەکانی حەسەن زێرەک دەڵێتەوە دەڵێی حەسەن

زیرەک زیندوو بۆتەوە و لە گەرووی مستەفاوە دەنگ هەڵدەبڕی. ئەگەر بڵێم هەر حەسەن زیرەک زیندوو بوتەوە, پێت سەیر نەبێ! ---------------------------------------------------------

پێوەندیم دەگەڵی نییە و بە ناونیشانەکەی نازانم. هیوادارم بتوانی ببیینییەوە و بانگی کەی. با بە چەند گۆرانی حەسەن زیرەکی موچڕک بە گیانی بینەراندا بێنێ!
----------------------------------------------------------------

هێدی 96/7/17

---

خاڵە بارامی بەرێز
----------------------------------------------------------------

لەمەر سەید عەلی ئەسغەر, برالە بە هیچ تاریخێکی نازانم! ئەوەی پێم دەکرا ئەوە بوو دوای گەیشتنی نامەی جەنابت و ئەو سەرنجەی داووتە تاریخەکان, کە دەبێ سپاست بکەم, راگەیاندنێکم نووسی ونـاردم بۆ 10 شوێنی جیاواز وەک رۆژنامە کوردییەکان و مەڵبەند وشتی وا, داوام لێکردن مەسەلەکە بە خەڵک راگەێنن.نوسخەم بۆ سروە وئاوێنەش نارد. لەوە زیاتریشم لە دەست نەدەهات.
بە بڕوای من ئەگەر تۆ ئەمساڵ خۆت بە کۆبوونەوە و کونفەرانسی حەسەن زیرەکەوە خەریک کردوە, لێی گەڕێ با ئەو بە باشی بەرێوە بچێت وپاشان خۆت ئامادە بکە بۆساڵی داهاتوو, کە شەستەمین ساڵی مردنی سەید عەلی ئەسغەرە. تا ئەودەم راگەیاندن وشتی وا بڵاوبکەوە وداوای هاوکاری لە خەڵک بکەو لە مانگێکی موناسیبی ساڵی 97 دا(ئەگەر تاریخەکەی هەر نەزانرا), پرۆگرامێکی رێک وپێکی بۆ پێک بێنە. بەڵکوو لەو ماوەیەدا, مەسەلەکە روون بوەوە و تاریخەکەشمان زانی.
----------------------------------------------------------------

96/7/11 هەربژی ئەنوەر

خاڵە بارام گیان
----------------------------------------------------------------

کاکە ئەو پرۆگرامەی باست کردبو, گرینگ گرینگ و بەنرخە. داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم. منیش خەریکی پروپاگەندە کردنم بۆی. گۆران(حەسەن) دەڵێ شتی بۆ ناردووی,------. کاک ئەسعەدی سراج الدینی(مێردی پەروین خانمی مشیروەزیری) لە مێژە بەڵێنی داوە بابەت بنووسێ وبۆمی بنێرێ. لە مەر پەروین خانم بە بڕوای من, فیکرێکی باشە و منیش لە گەڵیاندا دۆستایەتی و هاتووچۆم هەیە. دەکرێ قسەی لە گەڵ بکەم و واهەیە قەبوولیش بێت. --------------------------
----------------------------------------------------------------

برالە ئەو کارەی دەستت پێ کردوە, گەلێک مەزنە. تکایە ئەگەر ئەو هەمووو خەرجە دەکەی پروپاگەندەی بۆبکە, لە رۆژنامە وگۆڤارە کوردییەکان و تەنانەت ئاڵمانی دا رای گەینە. عەجەم چۆلەکەمان لێ دەکەن بە قەناری ئێمە با قەناریش نەکەین بە چۆلەکە! ئەوەندەی پێت دەکرێ گەورەی بکەوە واتە لە راگەیاندندا. لایەنی ئەمنیەتی کارەکەش بگرە بەرچاو بە تایبەت ئەگەر کەسانێک لە ئێرانەوە دێن.
پێشنیار: ئێستا کە ئەو هەمووو خەڵکە بانگ دەکەی, بۆچی یەکێ لە کچەکانیش بانگ ناکەی بێت. تەنانەت ئەگەر نەیەوێت یا نەتوانێت بێت, هەر ژێستەکە, ژێستێکی باشە.

پێشنیارم ئەوەیە, بە هەمان شێوە ساڵی داهاتوو پرۆگرامێک بۆ سەید عەلی ئەسغەر وەرێ بخەی. تێکەڵاوکردنیان لە گەڵ یەک باش نییە. تەنانەت بۆ قادر دلانیش دەتوانی بە شێوەی سەربەخۆ پروگرامێک دانێی(جگە لە هاتنی ئەمجارەی بە بۆنەی حەسەن زیرەکەوە). لێرە, دکتر ایرج امامی ئەوا سێ چوارساڵە لە جیاتی تئاتر وشتی وا خەریکی دانانی کۆنسیرتە. و بەبڕوای من گەلێک کارێکی باشە وسەرکەوتووشە. ئەوە بۆ کورد گەلێک گرینگترە وهێنانی کەسانێک وەک قالە مەرە و.. بۆ ئاڵمان, کارێکی مەزنە. تۆ ئەگەر بە بەر کاری شانۆوە, ساڵێ دوو مەراسمی ئاوا بەرێوەبەری زۆر باشە و لام وایە سەرکەوتووش دەبی. بەڵام بە بەر ئەو هەمووو خەرجەوە دەیکەی شتێک لە دەوروبەری 200 یا 300 پوند یا 500 مارک دابنێ بۆ تەبلیغات. ئاگەهی بدە بە «کیهان لەندەن» و « الحیات» عربی و چەند گۆڤار و رۆژنامەی کوردی. رۆژنامە کوردییەکان هەر کامە بە 25 پۆند ئاگەهییەکە بڵاو دەکەنەوە. وەک راگەیاندنیش هەرچی بنێری بۆ رۆژنامەکانی ئێرە, من بە خۆڕایی بۆت بڵاودەکەمەو. ژینی نوێ ومەڵبەند. - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

هەر بژی ئەنوەر 96/7/12

خاڵە بارامی بەرێز

نامەی 8/16م گەیشتە دەست, سپاس

کاک مەزهەر نەگەراوەتەوە. کاک ئەسعەدی سراج الدینی وپەروین خانمیش پێشتر قسەی خۆیان کردوە وپێم راگەیاندبووی. - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

کاک ئەسعەد هەروەها داوام لێ کردبوو ووتارێک لە سەر حەسەن زیرەک بنووسێ کە دەیگوت نووسیومە و دوای پاکنویس کردن تا ئاخری ئەم هەفتەیە بۆت دەنێرم, خۆئەگەر بینێرێ, ئەوا منیش بۆتۆی دەنێرم. دەیگوت لەوێدا باسی هەندێ کەسم کردوە کە کاتی خۆی لە رادیۆدا پەیوەندییان لە گەڵ حەسەن زیرەک هەبووە, لەوانە,, مجتبی میرزادە,,یە, کە گوایە زۆرێک لە هەواکانی گۆرانی حەسەن زیرەک لە تاران و کرماشان, ئەو دایناوە وئێستا لە ,,لوس انجلس,, دەژی.ئەگەر ژمارە تەلەفونیم بۆ پەیدا بێت لە خوارەوە دەینووسم دەنا دەکرێ لە کاک ناسری رەزازی بپرسی, کاک ناسر دەچێ بۆ ئەمریکا و رەنگە یەک دوو حەفتەی دیکە بێتەوە. بە بۆچوونی من هاتنی ئەو دوو کەسە زۆر هاسانە بەڵام ئیمکان و بودجەی ئێوە چەندەیە. ئایا باشتر نییە پسپۆڕانی مۆسیقا وەک ئەو میرزادەیە و دڵشاد وقادر دیلان لەوێ بن وبەس؟ خۆ دیارە ئەگەر پارەی کارەکەتان هەبێ, ئەوا ئەو برادەرانەش کە لێرەن و زۆر روح سووکن ومنیش زۆرم خۆش دەوێن,ئامادەن تکایە بە خێرایی وەڵامم بدەوە.

هەروەها ممنوون دەبم هەواڵی هاتنی کاک قادر(قالە مەرە)م پێ بدەی بزانین بە شێوەیەک دەتوانین بیهێنینە ئێرەش؟

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

لە مەر حەسەن زیرەک, داوام لە ئەحمەدی شەڕیفی, کاکم, کاک حەسەنی گۆران و هێدی کردوە هاوکاریت بکەن. بۆئەحمەدی شەڕیفیم نووسی ئەگەر بۆی دەکرێ لە کەسانی دیکەش داوای هاوکاری بکات بەڵام تا ئێستا وەڵام نەبوە. ئەو «مجتبی میرزادە»یە کرماشانی یە وگوایە هونەرمەندێکی پایە بەرزە. بریا پەیوندیت لە گەڵی بگرتایە.. - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

هەر بژی ئەنوەر96/8/20

خاڵە برایم سڵاو
کاک ئەسعەد و پەروین خانم ئامادەن بۆ هاتن. دەمێنێتەوە ئێوە چ کارێکتان هەیەو ئەوان چ دەورێکیان دەبێت. بە بڕوای من پەروین خانم کەسێکی ناسراوە و لەو سەردەمانەدا لە گەڵ حەسەن زیرەک کاری کردوە و زۆر شتی دیوە ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ

کاک ئەسعەدیش گەلێک بیرەوەری هەیەو دەتوانێ قسە بکات و ئیتر خۆتان دەزانن. تکایە بوئەوەی هەموووتان بە باشی لە یەکتر حاڵی بن راستەوخوش پەیوەندییان پێوە بگرە. ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ

هەر بژی ئەنوەر 96/9/7

خاڵە برایمی بەڕێز, لە گەڵ سڵاومدا
سپاسی نامەکەت و بە هیوای سەرکەوتوویی بەرنامەکەی حەسەن زیرەک.
وا بیرەوەرییەکی خۆمم لە پەیوەندیی چلە حەسەن زیرەکدا نووسی. لام وابوو بۆ مەراسیمە تایبەتە کەسی دیکە وەک من ئاگادار نەبێت وپێم خۆش بوو نەفەوتێت بەڵام تاریخەکەیم لە بیرنەماوە. تەنانەت نازانم حەسەن زیرەک چ ساڵێک کۆچی دوایی کرد. وەبزانم دەبێ لە نێوان 1347 و1350ی ئێراندا بووبێت. تکایە لە دێڕی یەکەمی نووسراوەکەدا, ساڵەکەی بنووسی. من جێگاکەیم خاڵی هێشتۆتەوە.
لە مەر مەراسمەکەی بۆکان, وەک خەون شتێکم لە بیرماوە. ڕەنگە ئەو ساڵانە تۆ لە بۆکان بووبێتی و شتی باشتر بزانی بەڵام دەکرێ لە سەر مەراسیمی بە خاک سپاردن و حەوتە وچلەو شتی وا, بابەت بنووسرێ.
قوربانت
ئەنوەر 96/9/20

---

برای خۆشەویست کاک برایم
ڕۆژ باش
هەرچەندە کە دوورنیە ئەم ژمارەی کاروان* یشت هەبێ کە کورتەباسێکی(حسن زیرەک)ی تێدایە بەڵام نەبادا نەتبێ و ڕەنگبێ بۆ ئاهەنگی حەفتا ساڵەی لە دایک بوونی(زیرەک) کە بە تەمایت لە مانگی داهاتووا بیگریت/سوودی لێ وەرگریت. لێرەش سەربەست بە تەمایە شتێک لەو بارەیەوە پێشکەش بکا.
ئێتر داوای خۆشی و سڵامەتیت بۆدەکەم. سڵاویش لە کاک سلەیمانی براشت بکە
برات هۆمەر
واشنتن 96/8/9
* نهێنییێکانی سێ گۆرانی بێژی کوردستان / کەماڵ ڕەئوف محەمەد /(کاروان ژمارە 31/1980)

---

# یادەکان

## دیلان

مانگی ڕێبەندان ساڵی 1988 بو, بۆ یەکەمجار یادی 2ی ڕێبەندان ساڵیادی کۆماری کوردستان لە ئاڵمان وەک فستیواڵێک دەکرایەوە. گەلێک کەس لە هەمووو جیهانەوە بانگهێشتن کرابوون, یەک لەو کەسانە دوکتور قادر دیلان بو.

کە هاتە سەر سەکۆی شانۆ بیرەوەری سەردەمێکی لە گەڵ خۆی هێنا, پاشان لە سیمیناریکدا بۆ یەکەمجار بە شێوەیکی زانستی لە سەر موسیقای کوردی دووا, ئەوجا دیسان بۆ یەکەمجار بەشێک لە سمفونیایکی کوردی پێشکەش کرد.

یەکم جار بو کە لە گەڵی رووبەرو دەبوم. پاشان دۆستایەتی لە نێوانمادا دروست بوو, هەر پاش ئەو یادکردنەوەیە لێمان گێرایەوە بۆ جەژنی نەورۆزی ساڵی 1988. ڕۆژی 16ی مانگی رەشەممە, کارەساتی هەڵەبجە قەوما, لە نامەیکدا بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە نووسیبووی: « هێزی پێم شکاوە, ناتوانم بەشداری جەژنی نەتەوایەتی بم, کراواتێکی رەشم لە مل کردوە هەتا ئازادبوونی کوردستان نایگۆڕم.»

باشوری کوردستان ئازاد بوو, نە تەنیا کوردەکانی نیشتەجێی ئوروپا نەگەرانەوە بەلکو بە هەزارانی تر روویان کردە دەرەوەی وڵات. مانگی نوامبری ساڵی 1996 فستیواڵی یادی 75 ساڵەی لە دایک بوونی حەسەن زیرەک لە شاری کوڵن لە لایەن ناوەندی شانۆی کۆچەرەوە بەرپاکرا. قادر دیلان یەکیک لە بەشداران و هاوکارانی ئەم یادکردنەوەیە بووا!

ئەو هەستی بە گۆرانی سەردەم کردبو لە دڵی پڕ لە ژان وئازاریدا هیواوخۆشحاڵی چرۆی دابوو, لە تەنیایی خۆی هاتبوە دەر وخۆی لەناو دەیان هونەرمەند و رۆشنبیردا دەبینی. لە دەستپێکی پروگرامی یادکردنەوەی یادی زیرەکدا لە ناو قسەکانیدا <u>درکاندی کە رۆژانی کۆتایی ژیانی دوور نیە</u>! بە گاڵتە دەیکوت: « تەمەنم <u>66ساڵە بەڵام ئەو 66ە فەرقی هەیە لە گەڵ 66ی تر</u> ! دیلان لێزانێکی مەزنی موسیقاو گۆرانی بوو, دەیان ساڵ بەرپرسی بەشی موسیقای منداڵان بوو لە رادیۆ وتەلەوزیۆنی پراگ. ئەمە تەنیا لایەنێکی کەسایەتی ئەو نەبو. دیلان قسەخوش ونوکتەزانێکی مەزنیش بو! بڕیار بو یەکەم فستیواڵی نوکتەو تەنزی کوردی بە هاوکاری ئەو لە گەڵ سولەیمان فەرشی رێک بخرێ و لایەنەکانی تەنزی کوردی بە شێوەیکی زانستی بخرێتە روو. هەروەها بڕیار بوو ,,پارتیتورەکانی,, بداتە من هەتا لە پێوەندی لە گەڵ فلارمۆنی کوڵن وشوێنی تردا حەولی پێشکەشکردنیان بدرێ. هەر لەو دەمەدا دەست وپێوەندەکانی حیزبی وناحیزبی(پ کا کا) لە دەوری کۆببونەوە بۆ ئەوە لەو ڕێگایەوە هەم پۆزی لایەنگری هونەرو فەرهەنگ لێ بدەن و هەم بەم جۆرە تۆز بە چاوی خەڵک دابکەن و کەڵک لە ناو وکەسایەتیەکەشی وەربگرن! ئەوان ئاگاداری ئاوات وئارەزوەکان و هەستی دیلان بوون. سۆزی سازکردنی ئورکێستری سەمفونی کوردی و چاپ وبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان پێ دابوو, هەر بۆیە دیلان لە بیری چووبووە کە نەخۆشە, وەک سەردەمی <u>تیپی مەولەوی</u> لە سولەیمانی هێز و گوڕی پەیداکردبوو, بە کەرات بە رۆژ وبە شەو بە قەرز و قۆڵە خۆی دەگەیاندە ئاڵمان یان بلژیک. ئاکامەکەی جگە لە هات و چۆپێکردن و دەستاو دەست پێکردن چی تر نەبو. نە ئورکێستری خەیاڵی سازکرا ونە بەرهەمەکانی رووی ژیانیان بینی. ئەوان توانیان یەک لە بەرهەمەکانی بە فێڵ وتەڵەکە بێ پارە وەرگرن و بڵاوی کەنەوە, پارەکەش چووە ئەو جێگایە کە جێگای نەبو.

زۆر لە هونەرمەندان و نووسەران و سیاسەتوانانی رەسەن وناڕەسەن کەوتنە تۆڕی ئەم سیاسەتە و ڕاوکران کە پاشان بە دوو لاقی خۆیان و حەوت لاقی قەرزکردە، رایان کردو ئاوڕیان لە خۆیان نەدایەوە.

دیلانی نازداری پڕ لە هیوا، پاش ئەوە لە تۆڕ رزگاری بوو لە جێگادا کەوت و هەڵنەستایەوە. **چەند رۆژ بەر لە کۆتایی پێ هاتنی ژیانی لە گفت وگۆیەکی تەلەفونیدا بە دەنگێکی پڕ لە گریان و پڕ لە خۆشەویستی هیوای دیداری دوبارەی دەکرد و ئەو وەسیەتەی هەبوو کە بچێتەوە سولەیمانی.**

دیلان یەکەم تراژێدی و دواتراژێدی ناوکوردان نیە, گۆرانی شاعیر, کە دۆستی زۆر خۆشەویستی دیلان بوو لە خۆڕا نەیگوت بو:

« هونەر لە ناو قەومی بەسیتا وەک عەکسی قەمەر وایە لە ناوحەوزێکی لیخن دا»

خاوەنی حەوزی لیخن چ شتێک لە هونەر وهونەرمەند زیاد دەکات؟

زیرەکی هاودەمی رۆژانی پێشووی دیلان بە زمانی خۆی هەمان قسەی گۆرانی دوبارە کردۆتەوە: « دەمەوێ بچمە ژێر گڵ و لەو دنیاش چاوم بە کورد نەکەوێتەوە»

زیرەک لە کام کورد دەدوێ!؟ لە وانە کە خۆشی دەویستن؟ یان لەوانە کە بە هەموو شێوەیەک ئازاریان دەدا؟

هێمنی ناسک بیر و ناسک خەیاڵ ژان وکەسەر لە ناوەوە لە بەریەک بڵاوی کرد. هێمن زیندانی ئەو حیزبە بوو کە نازناوی شاعیری میللی پێ خەڵات کردبوو!

**دیلان, زیرەک, هێمن وگەلێکی تر دەسوتێن و فەرهەنگ دەخولقێنن و کەسانێکی تر حکوم دەکەن . دیلان دەبێ بە تاقی تەنیا لە گۆرستانێک لەو سەری دنیا سەر بنێتەوە و مێشێک لە حوکمڕانان میوان نەبێ! بەرنامەسازان و رۆژنامەنووسانیش کە بە میتر فیلم لە بارەی سازدەکەن و بە کیلۆ لە بارەی دەنووسن ئەم پرسیارە ناکەن کە بۆ قادردیلان نابەنەوە لای گۆران و پیرەمێرد؟؟؟**

برایم فەرشی 2002/11/25



## هەژانی عەرد

لە شاری سونقور لە وڵاتی کوردستان عەرد هەژاو بوومە لەرزە عەرزی لە بەر یەک بڵاو کرد, لە هەمان کاتدا ئەسپێک لە وڵاتی ئاڵمان ڕاچەنی و سوارەکەی فڕێ دا. سوار فیروزی فەروخ دوکتورای زەوی ناسی منالی سونقور بوو.

ئەمە دەستپێکی هیچ رۆمانێکی نووسراو نیە. هەروەها تێز وبیرکردنەوەی هیچ فەیلەسوفێک نیە بۆ ئیسپات کردنی پێوەندی رووداوەکان لە سەر گوی زەوی! ئەمە رووداوێکی ڕاستەقینەیە کە لە مرۆڤێکی ڕاستەقینە رووی داوە.

فیروز وەک هەر منالێکی کورد بێ بەش لە سەربەستی لە شارەکەیدا دەستی کرد بە خویندن, لە بەر ئەوەی لە شارەکەی خویدا دەبیرستان نەبووە ڕەوانە تاران دەکرێ و لەوێ درێژە بە خویندن دەدا, تا ئەوەی بۆخویندنی باڵا دەگاتە ئاڵمان. پاش وەرگرتنی بڕوانامەی زەوی ناسی دەگرێتەوە ئێران.

خۆی دەگێڕایەوە کە چۆن ببوە دۆستی نزیکی ئینسانی سادەو ساکاری ئیدارەکەی و چۆن لە گەڵ رەییس و روئەسا وهاوکارەکانی تێوەدەچوو . ئەوان حەزیان نەدەکرد فیروز ببێتە هاوکاسەی ئەم ئینسانانە. بەڵام فیروز هەڵوەدای ئاکاری ئینسانی بوو نە ناو و پۆست گیف وئیفادە. هەر ئەم ئاکارە ئینسانیە و تێکەوتن دەگەڵ ئەربابی نەزەر فیروز بەرەو ئاڵمان دەگەڕێنێتەوە.

پاش وەرگرتنی باوەرنامەی دوکتورا لە دانشگای کوڵن لە بەشی لێکۆڵینەوەی زەوی ناسیدا دەست بەکار دەکا. هەر جارەو بۆ شوێنێکی ئاڵمانی دەنێرن. پێوەندی نیوان فیروز و زەوی پێوەندێکی هێندە قوڵ بوو کە مرۆڤی ئاسایی ڕەنگە عاجز بێ لە تێگەیشتنی . بە تایبەت ئەوینی ئەو بەرانبەر بە خاکەکەی ئەوێنێکی یەزدانی بوو لە وجودی مرۆڤێکدا. بۆئەوەش ئەم وێنەیە دەهێنمەوە:

نەوروزی ساڵی 1994 وڤدێکی ئاڵمانی و کورد لە لایەن
ڕێکخراوی قوتابخانەیەک بۆکوردستان و یەکەتی ماموستایانی
ئاڵمان لە کوردستان بووین. فیروز هەر کە گەیشتە سنووری
ئیبراهیم خەلیل لە ماشێن دابەزی و ڕایکرد, بە ئەسپایی سەری
دانەواند و لە سەر خاکی وڵات درێژ بوو دەمی نایە ناو خاکەکەی
کوردستانەوە. ئەم کارە تەنیا فیروز کردی پاشان رووی کرد
ئاڵمانیەکان وکوتی پاش سێزدە ساڵ چاوم بەو خاکە دەکەوێتەوە.

فیروز لە مێشک و دڵیدا بە خوشەویستی وڵات گەیشتبوو و باوەری بە خاک و وڵات و میللەتەکەی بوو هەر بۆیە بێ وچان بۆ ئازادی ڕاستەقینەی وڵات ومیللەتەکەی بێ هەراو هوریا تێدەکۆشا. ڕۆژێک لە خۆپێشاندان ئاڵای کوردستانی هەڵدەگرت, ڕۆژێک لە کوردستان قوتابخانەی دروست دەکرد, ڕۆژێکی تر لە سەر سەکۆی شانۆ هاواری ئینسانی کوردی وەک شانۆگێر دەدرکاندو ڕۆژی دوایە سەرچۆپی کێشی جێژنەکانی نەوڕۆز بو. یان وێژەری یادی 75 ساڵەی لە دایکبوونی زیرەک , یاخۆ میواندارى دەیان شاعیر و نووسەر ورووناکبیرو هونەرمەندی گەورەی وەک قادر دیلان. دووا منزڵی, ئەندامەتی لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بو. بەڵام هیچ کام لە مانە دووا کار وئەرکی فیروز نەبو. هەرچەند ئەو ڕێکخراوێکی نەبوو بەلام شەو ڕۆژ راوێژکار و وەرگێڕی سەدان و بگرە هەزاران کورد بو. ئەو نە تەنیا لە ئاڵمان بەڵکوو لە هەموو شوێنی ئوروپا وەک وەرگێڕێکی پارەوەرنەگر کاری بۆ خەڵک دەکرد.

فیروز پاش گەرانەوەی لە کوردستان ,ئوروپا بە تایبەت ئاڵمانی لە بەرچاو کەوت, دڵ و ڕۆح و ئاواتەکانی لە کوردستان بە جێ مابوون. کاتێک لە گوندی عەنەب سەر بە شاری هەڵەبجە چاوی بە لەشی سووتاوی مناڵانی دە دوازدە ساڵان کەوت بە دڵ و مێشک و هەموو مارفەتی ئینسانی خۆی فرمێسک بە چاوەکانیدا ڕژان و لە حاند ئەو منداڵانەدا چۆکی دادا. فیروز لە باوەشی ئەم لەش سووتاوانەدا هەموو کوردستانی لە باوەش گرتبو. دیتنی سەدان گوندی خاپوورکراوی باکوری کوردستان و پشکنینی ئینسانی کورد ئەویش هەر بە ماوەی چەند هەزار مەتر لە لایەن ژاندارمی تورکەوە فیروزی هەژاند. سەفەری کوردستان فیروزی تێکدا و دروستی کردەوە. هەربۆیە لە گەرانەویدا خۆی کۆکردەوە و ساتەکانی ژیانی پڕبایختر گرتە دەستی خۆیەوە.

فیروز دایم دەم بە پێکەنین بوو, بەلام دەروونی نائارامی پڕی زام و دەرد بوو, زام و دەردێک کە مرۆڤی خۆیی دەبوونە هۆی پێک هاتنی. جگە لە لای جگەرگۆشەکەی « هەژان» و چەند کەسێکی کەم دڵی لای کەس نەدەحەسیاوە. کە تەنیاش دەبوو خۆی دەسپاردە سروشت و خەریکی دارو باخ وزەوییەکەی دەبوو خۆی گوتنەی دایم چای کتریە ڕەشەکەی لە «برول» تازە دەم بو.

هەروەها سەفر و وڵاتان گەران ئارام بەخشی ڕۆح و گیانی بوو بە تایبەت وڵاتی یونانی بە خەڵکەکەیەوە لا شیرین بوو لە بەر ئەوە لە وڵات و میللەتەکەی خۆی دەچو. دووا سەفەری لە نەوڕۆزی ئەمساڵ 2702 لە گەڵ وەڤدێکی کوبایی –ئاڵمانی بۆ وڵاتی کوبا بوو , ئەویش بۆ بردنی دەوا ودەرمان. میللەت و وڵاتی کوبا , پاک و خاوێنی و سالم بوونی کۆمەڵگاو رەفتاری ئینسانی و پلەی بەرزی ئاکاری ژیان, فیروزی گەشاندبۆوە چرایەکی تازە لە دڵیدا شۆقی دەدا و هەر بۆیە بە سەعات باسی سەفەرەکەی دەگێڕایەوە و هەستێکی بەرزی بەرانبەر ئینسانی ئەو وڵاتە دەردەبڕی و قێزی لە وڵاتانی غەربی دەهاتەوە بۆ ئەو هەموو ئازارانەی کە بە سەر ئەو میللەتەدا باراندویانە.

فیرۆز ڕاستگۆ بوو هەڵوەدای ئینسان بوو دور لە هەر چەشنە ئایین و ئیدئۆلۆژی و فەلسەفە و چوارچێوەیەک. سازی دڵی وسازەکەی دەستی کە لەتەنیایی خۆیدا دەیژاند یەک ئاهەنگیان لیوەدەهات ئاهەنگی سەربەستی ئینسان! هەموو خەونەکانیشی لە کوردستان کۆتایی پێدەهات.
دانشگای کۆڵن کە دەبوو ناوەندی زانست و پلەی بەرزی ئاکاری ئینسانی بایە لەم دوایانەدا بۆ دوکتور فیروزی فەروخ ببو بە مەیدانی کێ بەرکێ لە گەڵ پرۆفیسور وهاوکاری لوت بەرز و نائینسان! بە هەموو شێوەێک ئازاریان ئەدا هەتا لە کار دوور بخرێتەوە هەتا جێگاکەی بدرێ بەکەسێکی ئاڵمانی ئەم ئاکارەش شێوەێکی تازە نیە لە دانشگاکانی ئاڵمان! بەر لەوەی دوا قەراردادی لە گەڵ دانشگا کۆتایی پێ بێ دور لە هەموو قانوونێک ئەو ژوورەی کە ماوی بیست ساڵ کاری تێدا کردبوو گەسکی لێدەدرێ و کۆدەکرێتەوە.

ژیان سەفەرە و
ئینسان موسافیر!
سەفەری بێ ڕێگا
ژیانی بێ سەفەرە
کە لە وەستاندا
تەواو دەبێ
و
موسافیر بە موسافیر دەگۆڕێتەوە!

فیروزی فەروخ موسافیری ڕێگاێکی دور و درێژ و ئینسانی بوو کە ئێنسانەکان لە نیوەی ڕێدا وەستاندیان! بەڵام ئەو ئەوینەی کە دڵی فیروزی گەرم دەکرد ئەو هەست و بیرو هۆشەی کە مێشکی فیروزی سارد دەکردەوە و لە رزگاریدا مانایان دروست دەکرد, خاوەنی مێشک و دڵی گەرمتر بۆلای خۆی ڕادەکێشێ و ڕێگاکەی کە بەرەو وڵاتی سەربەست وئاوەدان درێژ دەبێتەوە , ڕێڕەو دەنێتەوە. لەو وڵاتەشدا فیروز بۆ ئەبەد جێگای دیبێتەوە! لەش و خۆڵەمێشی لەشیشی تەنیا لە کوردستان دەتوانێ خاک بگرێتەوە!
لە شاری سونقور لە وڵاتی کوردستان عەرد هەژاو بوومە لەرزە عەرزی لە بەر یەک بڵاو کرد, لە هەمان کاتدا ئەسپێک لە وڵاتی ئاڵمان ڕاچەنی و سوارەکەی فڕێ دا. سوار فیروزی فەروخ بوو....
برایم فەرشی یەکی مای 2002 کوڵن

www.roijhalat.de